گۆڤارێکی بواری پەروەردەو گەشەپێدانی مرۆیی گشتییە



# 18

## ئایاری ٢٠١٦


**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**

یاسین ئەحمەد زەنگەنە

٠٧٧٠١٤٨٨٩٦٢ - ٠٧٥٠٤٣٣٨٥٨٧

yaseenzangana@yahoo.com

**ڕاوێژکاران**

د.کەریم ئەحمەد    د. ئەحمەد وەرتی

**دەستەی نوسەران**

ئاراس حەمە ئەمین

ئەمیر ئەحمەد کۆیی

ڕابەر ئەحمەد وەرتی

ابراهیم برهان

نەرمین مستەفا

**تایپ**

هاوڕێ یاسین

دیزاین گۆڤاری بڕیار





ناردنی ڕیکلامو بابەت و پەیوەندییەکان
لەڕێگای سەرنووسەرەوە دەبێت.
نرخی 2000 دینارە

## Braw magazine

amagazine in the scope education
and public humanistic development

## مجلة براو

مجلة تعنى بمجالات التربية
والتنمية البشرية

ئەم گۆڤارە بە سپۆنسەری تۆڕی دەروازەی چاکە بۆ بانگەواز و هوشیاریی کۆمەڵایەتی دەردەچێت

گۆڤاری برەو وەك هەرشتێکی تری ئەم کوردستانە لە ماوەی رابردوودا بەهۆی بارودۆخ و و باری دارایی ئاڵۆزەو هەوراز و نشێوی بەخۆوە بینیوەو هەندێ جار لە کاتی خۆی دواکەوتووە، ئەم جارەش بۆ ماوەی ساڵێك دواکەوت.

بە کۆمەڵێك هۆکار دیاریترینیان باری دارایی و بێ بازاڕی فرۆشی گۆڤار و کتێب و بڵاوکراوەکانە.

لەم ماوەیەدا دەکرێت بڵێین رۆژانە لە لایەن خوێنەران و هەوادارانی گۆڤارەکەوە پرسیاری دەرچونی ژماری تازەمان لێ دەکەن و هانمان دەدەن سەرەڕای قەیرانەکان هەر بەردەوام بین، چونکە قۆناغەکە ئەم جۆرە گۆڤارانەی پێویستە، کە ورەو وزەو توانا دەبەخشێت بە تاکەکانی کۆمەڵگا.

بۆیە ئێمەش پشتیوان بەخواو هاندانی دڵسۆزان بڕیارمان دا لە کاروان دوانەکەوین و لە خزمەت بەردەوام بین و کۆسپ و لەمپەرەکان رامان نەگرن، لەم قۆناغەدا بەشێوەیەك دەری دەکەین.

ئەمەو لەم ژمارەیەوە هەندێك گۆڕانکاریمان لە ستافی گۆڤارەکەو تەوەرەکانیدا کردووە، دەمانەوێت پرسی پەروەردەو بانگەوازو پرسی خێزانو ئاکارو بەها ڕۆحیەکان پانتاییەکی فراوانی گۆڤارەکە بگرێتەوە، خوازیارین مایەی سودو رەزامەندی خوێنەران بێت.



# خاوەنی کوالێتی ژیان بەجێی هێشتین!!

لە پایزی ٢٠٠٦ ەوە بە حوکمی وەزیفەی میری و ئیش و کار لە نزیکەوە تێکەڵی و ئاشناییمان لەگەڵ مامۆستا پەیدا کردو ڕۆژانە چەند ساتێك پێکەوە دەبوین و زۆرشتمان تاوتوێ دەکرد، بەردەوام بە وتەو دیدو پێشنیازەکانی بەهرەمەند دەبوین.

(مۆستا شەماڵ موفتی) سەرەڕای ئەوەی بانگخوازێکی بەتواناو ناسراوو کاریگەر بوو ڕۆشنبیرێکی لێهاتوو و خاوەن ئەزمون و دڵسۆزێکی ژینگە پارێز بوو.

بەڕێزیان لەبەر ئەوەی جگە لە زمانی دایك زمانی عەرەبی و ئینگلیزیان زۆر بەباشی دەزانی ئەمەش وای کردبووئاشنابن بە زۆر پرس و بواری زانستی و ژینگەیی و ڕۆشنبیری گشتی، بۆیە بیرکردنەوەو خوێندنەوەیان بۆ پرس و بابەت و کێشەکان لۆکاڵی نەبوو، لەسەر لە ئاستی مرۆڤایەتی بیری دەکردەوە.

زۆر بیرەوەریمان پێکەوە هەیەو گفتوگۆی چڕوپڕی زۆرمان کردووە، مامۆستا دەکرێت بڵێین شتی نوێی پێ بوو، سەرنجو ڕەخنەی بابەتیو زانستی وردی هەبوو لەسەر بارودۆخو ئەم حاڵەتەی کارو پرۆژەی ئیسلامی.

لە دەستپێکی دەرکردنی گۆڤاری بڕەودا یەکێك لەو کەسانەی راوێژمان پێکرد و گفتوگۆی چڕپڕمان ئەنجامدا سەبارەت بە گۆشەو تەوەرەکانی گۆڤارەکە بەڕێز (مامۆستا شەماڵ موفتی) بوو.

هەر لە دەستپێکی گۆڤارەکەوە وادەی پێداین کە بەردەوام تا بتوانێت هاوکاری گۆڤارەکە بێت وهەر جاری بابەتێك بنوسێت، ئەوە بوو گۆشەی ( کوالێتی ژیان ) ی ئامادەکردوو (١٦) ئەڵقەی لێ نووسی، کە بابەتێکی بەهێز و بەپێز و پێداویستیەکی بابەتی و ڕۆشنبیری ئەمڕۆی نەوەکانمان بوو.

مەخابن دوای نەخۆشیەکی سەخت لە ڕۆژی هەینی ٢٠١٦/٢/١٩ مامۆستا بۆ دواجار چاوی لێکنا و گەڕایەوە بۆ لای پەروەردگاری مەزن و کاربەجێ، دەخوازین خوای گەورە بە بەهەشتی بەرین شادی بکات لەگەڵ پێغەمبەران و راستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکاندا.

لەکۆتاییدا دەڵێین خوایاربێت هەوڵ دەدەین هەموو ئەڵقەکانی (کوالێتی ژیان) لە چوارچێوەی نامیلکەیەکدا بە چاپ بگەیەنین تا زیاتر سوودی لێببینرێت و وەفایەکی موتەوازیعانەش بێت بۆ جەنابی مامۆستا.

سەرنووسەر



# پرۆسەی پەوەردە لە نێوان (ئامانج و ئامڕاز) دا

ن/ شێخ محسن حسین

کۆمەڵگاکان هەر دینو کلتورێکیان هەبێت زاراوەی پەروەردەیان لە نێودا بڵاوە، پەروەردەش ئەو کردارەیە کە لە هەناویدا پرۆسەی گۆڕانکاری هەڵگرتووە، جا ئەنجامی هەنگاوەکانی بە هەر ئاڕاستەیەکدا بێت (باش یان خراپ) هەر پێی دەوترێت پەروەردە.

بۆ ئەوەی پرۆسەی پەروەردەش بە ڕێکی بڕواتو بەلاڕێدا نەبرێت پێویست دەکات هەر لەسەرەتاوە ئامانجەکانی دیارو ڕۆشن بنو بۆ ڕاپەڕاندنیشی کۆمەڵێك میکانیزمو ئامڕازو هۆکاری چالاكو گونجاو دیاری بکرێت.

ئامانج: بریتییە لە دیزاینکردنی کۆتایی ڕێگاکە، یان بریتییە لە نیشاندانی ئەو مەبەستەی کە پێویستە لە کۆتایی پرۆسەکەدا پێی بگەین، چی لەسەر ئاستی تاك وە چی لەسەر ئاستی کۆمەڵگا.

ئامڕاز: بریتییە لە میکانیزمو هۆکارو پێداویستی گونجاو و چالاك بۆ گەیشتن بە ئامانجو مەبەستە دیاریکراوەکە.

جا هیچ کام لەم دووانە (ئامانج و ئامڕاز) بێ ئەوی تریان هەنگاوی گونجاوی پێ نانرێت، چونکە ئامانج بێ بوونی ئامڕازو هۆکاری ڕاپەڕاندن تەنها کۆمەڵێك خەیاڵو خۆزگەی دوورەو هەوڵێکی نەزۆکانەیەو نیشاندانی دەستەوسانیە، وە بەگەڕخستنی ئامڕازیش بەبێ دیاریکردنی مەبەست ئاڕاستەی پرۆسەکە وندەکاتو داینەمۆی جوڵاندن ناهێڵێو پەکیدەخات.

بۆ نموونە: خوێندنی وانەی مێژوو ئامڕازەو ئەمانگەیەنێتە مەبەستێك کە ئەویش شارەزاکردنی نەوەی نوێیە لە ژیانی مرۆڤەکان تا بزانێت لە قۆناغە یەك لە دووا یەکەکاندا مرۆڤەکان چیانکردوەو چەندە لەگەڵ یاساکانی خوادا ڕێیانکردوە؟ چونکە هەر نەوەیەك ڕابردوی خۆی نەناسێت ژێرییان لەگەڵ کاڵفامیدا ئاوێتە دەبێتو بەدبەختانە بەردەوام لە دووی شنەی شتە نوێکان ڕێدەکەن.

جا ئەوەی جێگای داخە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەبینین پرۆسەی پەروەردە لەسەر یەکێك لە (ئامانج یان ئامڕاز) چڕ کراوەتەوەو خەریکە هاوسازیو گونجانیان بەیەکەوە نەهێڵن، بەمەش دوو ڕای



جیا لەسەر ئەو پرۆسەیە دروست بووەو پرۆسەکە تەنها کراوەتە (ئامانج یان ئامراز).

ئەوەتا کەسانێك هەن بە ناوی (ڕیفۆرمخواز) ەوە کاتێك باس لە پرۆسەی پەروەردە دەکەن زیاتر قسە لەسەر دیاریکردنی ئامرازەکان دەکەنو لەو چوارچێوەیەدا دەخولێنەوە، بەڵام باسو خواست لەسەر دیاریکردنی (ئامانج) فەرامۆش دەکەن، چونکە قەناعەتێك دروستبووە گوایە قسەکردن لە ئامانج دەمانبەستێتەوە بە ڕابردووەوە دەبێتە ڕێگر لە پێشکەوتنو گەشەکردنو داهێنان.

لە بەرامبەر ئەمانەشدا کەسانێك هەن بە ناوی (محافزکار) ەوە هەموو پرۆسەکەیان لە قسەکردن لە سەر دیاریکردنی ئامانج کورتهەڵهێناوەو هەموو توانایان لە زەقکردنەوەی ئەو بوارەدا بەخەرجدەدەن، ئەمانیش وا گوماندەبەن گوایە قسەکردن لە ئامراز هیچ سانسۆرێك ناهێڵێتو ڕەوشت تێکدەداتو پەروەردەی نەوەی نوێ دەشێوێنێ.

دیارە مەبەستی سەرەکی پرۆسەی پەروەردە گەیاندنی مرۆڤەکانە بە چڵە پۆپەی پابەندبوونو چێژ (الالتزام و التمتع)، بە جۆرێك کە نابێت پابەندبوون بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە ڕێگر بێت لە چێژ وەرگرتن لە ژیان، چونکە هەروەك چۆن خوای گەورە مرۆڤی دروستکردوە بۆ خزمەتی پەیامی ئیسلام، بەهەمان شێوەش ئاینی پیرۆزی ئیسلامی ناردووە بۆ خۆشبەختی مرۆڤەکان.

جا ئەم مەبەستە سەرەکیەی پرۆسەی پەروەردەش (واتە گەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگا بە خۆشبەختی لە دونیاداو ڕەزامەندی پەروەردگار لە قیامەتدا) هەردوو جۆر بیرکردنەوەکەی کە ئاماژەمان پێدا (ریفۆرمخوازو محافزکار) دانی پێدا دەنێن، بەڵام لە دیاریکردنی پێناسەیەکی هاوبەش بۆ ئەم دوو چەمکە ناکۆکن.

ئەوەتا ئەو ڕایەی کە قەناعەتیان وایە پێویست نیە خۆمان بە دیاریکردنی ئامرازەوە سەرقاڵ بکەین، لە نێو خۆیاندا زۆر ناکۆکن لەسەر هەر دوو چەمکی (خۆشبەختیو ڕەزامەندی)، بۆیە لە بازنەیەکی داخراودا هەنگاو دەنێنو دەکەونە نێو ڕاجیاییو جەدەلێکی زۆر، کاتێکیش لە جەدەل ماندو دەبن بۆ ئەوەی دان نەنێن بە پێویستی (ئامراز)، دەچنەوە گیان ئامانجو پانتاییەکی فراوانتری پێ دەدەنو پێناسەیەکی وای بۆ دادەتاشن کە لەگەڵ هەنگاوەکانیاندا بگونجێت، گوایە ئەویش ڕێژەییەو دەچێتە نێو چوارچێوەی گۆڕانکاری.

ئەو ڕایەش کە قەناعەتیان وایە پێویست نیە خۆمان بە باسو خواستی ئامانجەوە سەرقاڵ بکەین، ئەوەندە لە باسو خواستی ئامرازدا قوڵدەبنەوە، کە لە کۆتایدا ئەم گرنگیدانەیان بە ئامرازەکان هەنگاوەکان دەکاتە ئامرازی بێ ئامانج (وسائل بلا غايات)، دیارە لە کاتێکی ئاواشدا پێویست دەکات ژمارەی (مقاصدی شەریعە) زیاد بکرێت، بێگومان لەو زیادکردنەشدا (مەقاصد) ەکان لەگەڵ یەك تووشی تەصادومو بەیەکدادان دەبن، ئەو کات فەلسەفەی پەروەردە وندەبێتو ئامرازی لێکجیاو پێچەوانە دێتە ئاراوە.

پێویستیش دەکات بەرئەنجامی هەنگاوەکانی ئەم پرۆسەیە بریتی بێت لە گۆڕانکاری لە سلوکی تاکدا، بەجۆرێك کە کۆمەڵە خەسڵەتێکی عەقڵیو دەروونیو پێببەخشێت تا بە کامی دڵ چێژ لە ژیان وەربگرێت، ئا بەم جۆرەش کۆمەڵگاکان ئامادە بکات تا بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستنو خاوەن شارستانیەت بن.

ڕاستیەکیش کە پێویستە هەموومان بیزانین ئەوەیە کە پرۆسەی پەروەردە لە ئیسلامدا کۆمەڵێك زنجیرەی یەك لە دوا یەکە لە ئامانج و ئامراز، ئەم بە دوایەکدا هاتنەش بە تەنسیقو هاوسازیەکی جوان ڕێدەکات کە هەر یەکەیان دەمانگەیەنێت بە ئامانجێکی دوواتر تا لە کۆتاییدا دەماندات دەست ئامانجە سەرەکیەکە

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیەش با کۆمەڵێك ئامانجو ئامراز لە یاسای بەردەستخستن (قانون التسخير) وەربگرینو گفتوگۆیان لەبارەوە بکەین، تا بزانین فەلسەفەی پەیوەندی مرۆڤ بە بوونەوەرەوە خزمەت بە چیو کێ دەکات؟

با بەیەکەوە بۆ ئەم دوو ئایەتە بڕوانین:

﴿اللَّهُ الَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ لِتَجْرِيَ

ٱلْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِۦ وَلِتَبْتَغُواْ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢﴾ الجاثية ١٢

واتە: خوا ئەو زاتەیە کە دەریای بۆ ئێوە ڕام کردووە تا بە گوێرەی فەرمانی ئەو کەشتی لە نێویدا بگەڕێو هاتووچۆ بکات، تا بچن بەدەم بەخششو بەهرەکانیەوە و لە نێویدا ( بازرگانیو ڕاوە ماسیو دەرهێنانی گەوهەرو مرواریو... هتد ) تان دەستکەوێت، بۆ ئەوەی شوکرانە بژێر بنو سوپاسگوزاری خوا بکەن.

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ لِتَأْكُلُواْ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُواْ مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى ٱلْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ وَلِتَبْتَغُواْ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٤﴾ ﴾ النحل

واتە: هەر ئەو زاتەیە کە دەریای خستۆتە بەر دەستتانو بۆی بارهێناون تا گۆشتی تەڕو تازەی لێ بخۆن، وە لە ناویدا جۆرەها گەوهەرو مرواری دەربهێنین تا وەك خشڵ لە دەستو ملی کەن، هەروەها کەشتیەکان دەبینیت کە دەریا لەت دەکەن، تا فەزڵو بەخششی تری پەروەردگار بە دەست بهێنن، بۆ ئەوەی شوکرانە بژێر بنو سوپاسگوزاری خوا بکەن.

لە ڕوانینمان بۆ ئەم دوو ئایەتە ئەمانخاتە سەر پلیکانەیەکی هاوسازو گونجاو کە لە (وەبارهێنانی دەریا)دا خۆی دەبینێتەوەو دەتوانین ناوی بنێین ئامانجو ئامرازی بەردەستخستن (أهداف و وسائل التسخیر).

ئەم تەنسیقەش ئەوەندە بە جوانی بە دوا یەکدا دێن کە مرۆڤ سەرسامدەکەن، بەجۆرێك کە ئەوەی لە دوایدا دێت دەبێتە ئامانجی ئەوەی پێشتر، وە جارێکی تر ئەمیش دەبێتە ئامراز بۆ گەیشتن بە ئەوەی دوای خۆی تا لە کۆتاییدا دەمانگەیەنێت بە مەقصەدی کۆتایی.

با بچینە سەر ڕاڤەی ئایەتی ١٢ی سورەتی جاثية

گەڕانی کەشتی لە نێو دەریادا ﴿ لِتَجْرِىَ ٱلْفُلْكُ ﴾ بووەتە ئامانجی ڕامکردنی دەریا ﴿ سَخَّرَ لَكُمُ ٱلْبَحْرَ ﴾، وە ڕامکردنی دەریاش ئامرازە بۆ گەڕانی کەشتی، وە جارێکی تر گەڕانی کەشتی لە نێو دەریا دەبێتە ئامرازی گەیشتن بە ئامانجێکی تر کە ئەویش گەڕان بە دوای بەخششو بەهرەکانی ناو دەریایە ﴿ وَلِتَبْتَغُواْ مِن فَضْلِهِۦ ﴾ کە ئەمیش خۆی لە خۆیدا ئامانجە بۆ گەڕانی کەشتی لە نێو دەریادا، وە ئەم ئامانجەی دووەمیش دەبێتە ئامراز بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی کە ئەویش شوکرانە بژێریو سوپاسگوزاری پەروەردگارە ﴿ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾، وە بەهەمان شێوە تەنسیقی لەگەڵ ئایەتی ژمارە ٤١ ی سورەتی نحل دا هەیە.

با بچینە سەر ڕاڤەی ئایەتی ٤١ ی سورەتی (النحل ).

ڕامکردنی دەریا ﴿ سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ ﴾ ئامرازە بۆ گەیشتن بە ئامانجی خواردنی گۆشتی تەڕو تازە ﴿ لِتَأْكُلُواْ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا ﴾، وە بۆ بە دەستهێنانی گەوهەرو مرواریە کە وەك خشڵ لە دەستو مل دەکرێت ﴿ وَتَسْتَخْرِجُواْ مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا ﴾، ئەم دوو ئامانجەش ڕامکردنی دەریا ﴿ سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ ﴾ ئامراز بوو بۆ گەیشتن پێیان، وە هەردووکیشیان دەبنە ئامراز بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی کە بریتییە لە شوکرانە بژێریو سوپاسگوزاری پەروەردگار ﴿ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾.

بەم جۆرە لە گۆشەنیگای فەلسەفەی پەروەردەی ئیسلامیەوە بۆ هەر پارچەیەکی ئەم بوونەوەرە دەڕوانین، بەو هاوسازییە دەڕواتو یەك بە دوا یەکدا دەبنە ئامراز بۆ ئەوەی دوای خۆی، تا لە کۆتاییدا دەمانگەیەنێت بە کۆتا ئامانج، ئەویش (شوکرانە بژێریو خواپەرستیو خۆشەویستی خواو گوێڕایەڵی خواو...... هتد)، جا لەبەر ئەوەی هەموو ئامانجەکان لە کۆتاییدا دەمانگەیەنێت بە یەك ئامانجی پەروەردەیی، بۆیە ناوەڕۆکی عەقیدەی ئیسلامی بە یەکتاپەرستی (التوحید) ناوزەند دەکرێت.

کەواتە گرفتی پەروەردەی هاوچەرخ ئەوەیە ئەوانەی کە بەناوی تازەگەری هەنگاو دەنێن هەوڵدەدەن هیچ هاوسازیو تەنسیقێك لە نێوان ئامرازو ئامانجدا نەهێڵن، بەڵکو زیاتر بە نێو (ئامراز یان ئامانج) دا قوڵدەبنەوەو ئەو شیکردنەوەیەی لە دوو ئایەتەکەدا ئاماژەمان پێدا هەمووی دەکەنە ئامراز، یان هەمووی دەکەنە ئامانج، جا بۆ ئەوەی هاوسەنگی دروست بێتو پرۆسەکە بە ڕێکی ڕێبکاتو ئامانجی خۆی بپێکێ.



# بۆ ئەوەی بەختەوەر بژیت

د. ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی

گومان نییە بەختەوەری ئامانجی هەموو مرۆڤێکە لە ژیاندا، بەڵام ئایا بەختەوەری چییەو بە کێ دەوترێت "بەختـــەوەر"؟ لەوانەیە لای هەندێ کـەس بەختــەوەری بریتی بێت لە بەدەستهێنانی ســەروەت و سامان و دەوڵەمەندبـــوون، لای هەندێگی تر هەســتکردن بێــت بە خۆشــنوودی و بەدیهاتنــی ئامانــج و ئاواتەکان.. بۆیــە چەمك و مانــای بەختەوەری لــە کەســێکەوە بۆ کەســێکی دیکە دەگۆڕێــت.. بــە گشــتی دەتوانیــن بەختـــەوەری بەوە پێناســـە بکەین کە بریتییە لە هەســـتکردنی مرۆڤ بە خۆشـــنوودی و قەناعەت و رازی بوونی لە ژیاندا بە شێوەیەك ئارامی و ئۆقرەیـــی دەروونی پێ بدات و بە گەشبینییەوە درێژە بە ژیانی بدات.

بــۆ ئــەوەی بەختـــەوەر بیت لە ژیانـــدا، ســـەرەتا دەبێ هەمـــوو ئەو کۆســـپ و لەمپەرانـــەی دەبنـــە هۆی تێکدان و ئاڵۆزکردنـــی بەختەوەریت تێکبشـــکێنیت و زاڵ بیت بەسەریاندا، هەر شتێك ببێتە هۆی خەم و خەفەت و دڵەڕاوکێ، دەبێ وەلای بنێیت، پشت بەخوا بەستن و باوەڕی پتەو بەخوای گەورە باشترین پاڵنەری بەختەوەری و ئۆقرەییە.

پســـپۆڕانی تەندورستی دەروونی چەند رێنماییەکی گشتییان خستۆتە ڕوو بـــۆ ئـــەوەی مرۆڤ هەســـت بە بەختەوەری بکات لە ژیاندا، لەوانە:

١- بـــە هیچ شـــێوەیەك بیر لەو شتە نەرێنی (سلبی)یانە مەکەوە کە دەبنـــە مایەی دڵەڕاوکێ و خەمباری و نـــا ئارامی دەروونـــی، بەڵکو بیر

لە لایەنە ئەرێنی (ئیجابی)یەکان لە ژیانتا بکەوە جەختیان لەسەر بکەو پەرەیان پێ بدە.

٢- ئەو کارانە جێبەجێ بکە کە چێژ لە راپەڕاندنیان وەردەگریت، نەك ئەوانەی دەبنە مایەی بێزاری و دڵەڕاوکێ و خەمباریت.

٣- بەپێی توانا هەوڵبدە زۆربەی کاتە بەتاڵ و بێ ئیشەکانت بە تێکەڵاوبوون بەسەر ببەیت لەگەڵاخەڵکی دا، بەتایبەت لەگەڵ ئەوانەدا کە خۆشت دەوێن و لەگەڵیانا دەحەسێیتەوەو سوودیان لێ وەردەگریت.

٤- گرینگی دان بە تەندروستی جەستەت لە ڕێگەی جووڵەو وەرزش و خواردنی باش و بایەخدان بە پاك و خاوێنی.

٥- کاتەکانت ڕێك بخە، بەشێوەیەك هاوسەنگی رابگریت لە نێوان خواستەکانی عەقڵ و جەستەت یاخود ڕۆح و جەستەت و فەرامۆشنەکردنی لایەکیان لە سەر حیسابی لایەکەی تر..

٦- جۆراوجۆرکردنی شێوازی کارو هەڵسوکەوتت، بەشێوەیەك دوور بکەویتەوە لە ڕۆتین و پەیڕەو کردنی یەك ستایل و شێوازی کاری ڕۆژانە.

ئەمانەی خوارەوەش لە هۆکارەکانی بەختەوەری و ئاسوودەیین لە ژیاندا:

١- باوەڕبوونی تەواو بە خواو پشت پێ بەستنی و پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی ئایین و خوێندن و گوێگرتن لە قورئانی پیرۆز.

٢- بوونی هاوسەری چاك و خێزانی ڕێك و پێك و بێ کێشەو منداڵ و وەچەی چاك و پاك.

٣- وەفاو دڵسۆزی و خۆشویستنی ئەوانی تر و دەستگیرۆیی و یارمەتیدانی هەژارو نەدارو بێ باوك و بێ دەرەتانان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە خەڵك.

٤- دیاری کردنی ئامانج لە ژیان و بەرنامەڕێژی بۆ کارو بارەکانت، ئامانجی کورت مەوداو ماماوەندی و دوور مەودا بەشێوەیەك بەباشی دیاری بکەیت چیت دەوێت و بەرچاوت ڕۆشن بێت.

٥- دیدگا ڕۆشنی، واتە هەستکردن و زانین و دڵنیایی بەوەی کە هەر شتێك مرۆڤ بیەوێت پشتیوان بەخودا دێتە دی، ئەو کەسەی دیدگای ڕۆشنی هەیەو دەزانێ چی دەوێت و ئەوەی دەیەوێت بەرووونی دیاری کردووە و لەواقیعی بەدیهاتن و سوودەکانیدا دەژیت، نابێتە جێی گاڵتەو پێکەنینی خەڵك، چونکە خەون و خولیاو دیدگای ڕۆشن و دیارەو لای ئەو ڕاستییەکی بەرجەستەیە.

٦- هاوسەنگبوون لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا، واتە مرۆڤ نە لەکاتی خۆشی و نە لەکاتی ناخۆشیدا نابێ کۆنترۆڵ و هاوسەنگی خۆی لە دەست بدات و سۆز و عاتیفە یان هەڵچوون و کاردانەوە تووشی هەڵەی بکات، بەڵکو دەبێ ماماوەند بێت و لەو نێوانەدا قەرار بگرێت.

٧- ئازادی و ئارەزوومەندی لەو کارانەی مرۆڤ حەز بە ئەنجامدانیان دەکات، لەگەڵ نوێسازی لە کاروبارەکاندا و دوورکەوتنەوە لە ڕۆتین، گەشبینی و بەختەوەری بەدواداد‌ێت.

٨- قەناعەت و ڕازی بوون بە بەشی خۆت گەنجینەیەکە نابڕێتەوە، سەروەت و سامان هەرگیز نابێتە مایەی بەختەوەری و ئاسوودەیی مرۆڤ، بۆیە مەرج نییە ئەو کەسەی زەنگین و سامانداره بەختەوەرتر بێت لەوانی تر، پەنانەبردنە بەر سواڵ و دەستپانکردنەوە لە بەر خەڵك و بوونی قەناعەت کلیلی بەختەوەرییە لە ژیاندا.

٩- بێ فیزی و تەواوزوع و خاکی بوون و خۆهەڵنەکێشان بەسەر ئەوانی ترو خۆلێنە گۆڕان و لەخۆبایی نەبوون بە دەسەڵات و کورسی، سامان و دارایی، ژن و منداڵ و هاوسەر، زانست و پلەی کۆمەڵایەتی..

جا بۆ ئەوەی بەختەوەر بژیت، ئەم خاڵانە لەبەر چاوبگرەو لە ژیانی ڕۆژانەتدا جێبەجێیان بکە.

بەختەوەری و ئاسوودەیی ڕاستەقینە بۆ هەمووان لە خوای مەزن دەخوازم.



# چەمکی پەروەردە لەئیسلامدا

ئاراس حمه امین

بابەتی پەروەردە لە ئیسلامدا گرنگیی دەدات بە ڕاهێنان و ئامادەکردنی مرۆڤ لە تێکڕای بوارە جیاوازەکانی ژیاندا لەڕوانگەی بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، لەگەڵ بەربڵاوی بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە ”پەروەردەی ئیسلامی“ لەسەردەمی ئێستادا، ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە لە کلتوری ئیسلامی و کتێب و نووسراوەکانی زانا وپێشنانی ئیسلامدا ئەم دەستەواژەیە بەناوی دیکەوە هەبووە نەك ئەوەی ئێستا پێیناسراوە.

دەستەواژەی ”پەروەردەی ئیسلامی“ کە وشەیەکی نوێ و سەردەمیانەیە، نە لەقورئانی پیرۆزو نە لەفەرموودەی پێغەمبەری پێشەوادا بەم ناوە نەهاتووە، هاوکات لەکلتورو بۆماوەی زانستیی زانایانی ئیسلامی پێشینیشدا نەبووە، بەڵام لەبواری پەروەردەدا بەوشەی جیاوازو نزیك لەواتاکەی یاخود چەند دەستەواژەیەك کە هەمان واتا دەگەیەنێت هاتووە، بۆیە لەکتێب و دانراوەکانی زانایانی پێشیندا لەبەرامبەر ئەم ناوە نوێیەدا زیاتر دەستەواژەکانی (پێگەیاندن، چاکسازی، پاکسازی، ڕەوشت، دەرونپاکیی، فێرکردن، ئامۆژگاری و ڕێنوێنی، ڕەوشت...) بەکارهاتووە.

هەندێك لەزانایانی نوێ بڕوایان وایە ئەم دەستەواژانە لەکلتوری زانایانی ئیسلامی کۆندا زیاتر لە پەروەردەکردن لەقۆناغی منداڵیی و پێگەیشتندا بەکارهاتووە، بەڵام لەئێستادا وشەی ”پەروەردە“ بۆ تێکڕای قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت و سەرجەم قۆناغەکان دەگرێتەوە، چونکە هەموو ئەو دەستەواژانەی ئاماژەیانپێدرا لەخۆیدا کۆدەکاتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بوترێت: واتای تەواوەتی ”پەروەردە“ لە کلتوری کۆن و نوێی ئیسلامدا کۆکن لەسەر ئەوەی (بریتییە لە گەشەپێدانی تێکڕای بوارە جیاوازەکانی کەسایەتی مرۆڤ لەڕێگەی؛ فێرکردن، ڕاهێنان، ڕۆشنبیری، پاکسازی، چالاکی کرداریی، بەئامانجی پێگەیاندنی مرۆڤی لێهاتوو بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی و بەدیهێنانی مەبەستی خودایی جێنشینیی راستەقینەی مرۆڤ ”الاستخلاف“ لەسەر زەوی).

چەمکی پەروەردە لەئیسلامدا تایبەتمەندی گرنگ و سەرەکی ئەوەیە کە سەرچاوەکەی بریتییە لە دەقەکانی قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و کلتوری زانستیی زانایانی پێشین و مەبەستە دینی و دونیاییەکان، هاوکات لەسەر سیستمێکی سەربەخۆو رەسەن بونیادنراوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە "فیقهی واقیع".

بۆیە لەپێناو ئەنجامدانی نوێگەریی بەردەوام و درێژەپێدانی بەهێزیی رەسەنایەتی، ئەم چەمکە گرنگە وادەخوازێت لە هەموو کات و شوێنە جیاوازەکاندا زانایانی تایبەتمەند لەبواری زانستی شەریعەت و زانستی پەروەردە هەماهەنگبن بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری ئیسلامیانەو گونجاو لەگەڵ کات و شوێن بۆ تێکڕای پێشهات و بابەتە پەروەردەییە هەنووکەیی و سەردەمییەکان، چونکە سەدەی بیست و یەك بەوە جیادەکرێتەوە لەسەردەمەکانی پێشوو کە تایبەتمەندیی هەیە لەپێشکەوتنی بەرچاوی مرۆڤ و گەشەکردنی خێرا لەبوارەکانی هزریی بەگشتی و تەکنەلۆجی و مادی بەتایبەت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی مرۆڤی ئەم سەدەیە داخوازیی و پرسیاری زۆری بۆ دروستببێت لەبوارە روحی و مەعنەویەکاندا، هەموو ئەمانەش پێویستییان بە وەڵامگەلێکی دڵئارامکەرو دڵنیاکەرەوە هەیە کە بێگومان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە نەبێت لە هەر لایەنێکی دیکەوەبێت کرچ و کاڵ و پڕ لەکەم و کورتی دەبێت و نابێتەهۆی پڕکردنەوەی کەلێن و بۆشاییە پەروەردەییەکان.

بوونی خیلاف لە ئیسلامدا مایەی فرانکردنی فیقهی ئیسلامی و تازەکردنەوەی ئیسلامە، ئەمەش بە دوو شێوە:

شێوەی یەکەم: جەوهەری ئیسلام بریتییە لە کردنەوەی عەقڵ و هاندانی بۆ پرۆژە بەرهەمهێنان..

شێوەی دووەم: ئیسلام لە هەموو شتێکدا کە بڕیارێکی دابێت پەراوێزێکی بۆ عەقڵ هێشتووەتەوە تا حەرەکەتی تێدا بکات، ئەو شتە سیاسی بێت یان ئابووری یان جینائی یان سەربازی یان میدیایی... هتد بێت.

- سەبارەت بە شێوەی یەکەم:

دەقەکانی قورئانو حەدیس باسێکی زۆری بیرو بیرکردنەوە ئەکاتو خەڵکی هانئەدات کە عەقڵ بخەنە کارو لە "ئایەتەکانی گەردوون و دەروون" وورد ببنەوەو یاسای لێدەربهێنین و ئەمەش بۆ ئەوەیە کە دین و ژینی خۆیانی پێ بەرنەپێشەوە... ئەوەتا خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ أَوَلَمْ يَنظُرُوا۟ فِى مَلَكُوتِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ وَأَنْ عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ قَدِ ٱقْتَرَبَ أَجَلُهُمْ ﴾ ئەوە بۆ لە مەلەکوتی ئاسمانەکانو زەوی وورد نابنەوە، کێ دەڵێ نزیک نییە «ئەجەل»یان هاتبێیتە پێشەوە!!

«وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجاً لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ». یەکێك لە نیشانەکانی بوون و دەسەڵاتی خوا ئەوەیە کە لە خۆتان هاوسەری بۆ دروستکردوون تا لەویدا بحەوێنەوەو سۆزو هۆگری یەکتری خستوەتە نێوانتان،ئالەمەدا بەڵگەیەکی زۆر هەیە بۆ گەلێك کە بیربکەنەوە. "أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقاً فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ». هەروەها هەموو ئەو ئایەتانەی کە ئەفەرموێت «لعلکم تتفکرون»، «لعلکم تعقلون»، «لعلکم تتذکرون».. هتد. - پێغەمبەر (صلى الله عليه واله وسلم) دەفەمووێت: «تفکر ساعة خير من عبادة شهر».... هتد.

پێغەمبەریش ﷺ زۆر کاری لە سەر ئەوە کردووە کە خەڵکی «عەقڵ»ی بجوڵێنێت بە زۆر ڕێگا:

- بە پرسیارکردن لە سەحابەی خۆی چونکە زانستی گەنجینەیەکە پرسیار کلیلەکەیەتی...ئەیفەرموو:»اتدرون من المفلس».. تا کۆتایی حەدیسەکە، ئەیفەرموو:»من اعجب المؤمن اليکم»... تا کۆتایی حەدیسەکەو هەروەها، - بە مەتەڵ داهێنان لێیان ئەیفەرموو:.. «ئەو دارە چییە کە هەرگیز گەڵای ناوەرێت...» تا کۆتایی حەدیسەکە.

- بە مشاوەرەکردن پێیان لە «شەڕ»و «ئاشتی»دا. - ئەیفەرموو:»اشيروا على ايها الناس...» - ئەیفەرموو:»کێ بۆ فلانە کار بەکەڵکە...».

— هانیداون بۆ «ئیجتهادکردن»..

بە معاذی کوڕی جەبەلی فەرموو: چۆن قەزاوەت دەکەیت لە مەسەلەیەکدا کە نە «قورئان»و نە «حەدیسی» لە سەر نەهاتووە.. معاذ وتی «اجتهد ولا الو» عەقڵم ئەخەمە کارو هەوڵی خۆم ئەدەمو کەمتەرخەمی ناکەم، «پێغەمبەر ﷺ قسەکەی پەسەندکردو پشتیوانی لێکرد.

بەرهەمی ئەم هاندان و عەقڵ بازکردنە بریتی بوو لەوەی زانایانی ئیسلام بە»ئیجتهاد»و «ئەقڵکاری» توانیان

# خیلاف



ئـەو باڵەخانـە گەورەیە لە سیسـتەمی «فیقهـی ئیسـلامی»و «بنەماکانـی فیکری ئیسـلامی»و «بەرنامەی ڕەوشتی ئیسـلامی»و «بەرنامەکانـی پەروەردەی ئیسـلامی» دروسـتبکەن کە لە مەیدانی یەکەمیاندا پیاوانـی گەورەی وەك: ئەبو حەنیفـەو شـافعیو مالیـكو ئەحمەدی کـوڕی حەنبـەلو داودی ظاهیریو ئیبن حەزمو ماوردیو ئیبن تەیمیەو سـەدانو بگرە هەزارانی تر توانیان ئەو سـەروەتە فیقهییـە گەورەیـە دروسـت بکـەن کە یەکێکی وەك «فەمبەری» ڕۆژهەڵاتناسی مەجـەڕی ئەڵێت: هەر چەندە سـەیری کتێبـە فیقهییەکانی ئیسـلام ئەکەم زۆر سەرنجم ڕائەکێشنو سـەیرم لەوە دێت: چۆن موسـڵمانەکان سیسـتەمی حوکمو بەرنامـەی هەمـوو بوارەکانـی ژیانیان لـەو فیقهەوە وەرناگـرن «١. لە مەیدانی دووهەمـدا پیاوانـی وەك «ئەشـعەریو غەزالـیو ماتوریـدیو ئیبـن خەلدونو باقەلانیو ئامێـدیو ئیبن تەیمیەو ئیبن حـەزمو محمد عبدەو ئیقباڵ لاهوری.... هتد»ی دورسـتکرد سـەروەتێکی فیکری وایـان بەرهەمهێنا، بەهەق ئەتوانی ناوی «قوتابخانەی بیری ئیسلامی» لێبنێی.

لە مەیدانی سێیەمیشـدا ئەو هەموو پیـاوەی وەك «حەسـەنی بەصـری»و «جنیـدی بەغـدادی»و «حارسـی موحاسـیبی-٣٤٢ك وەفاتـی کـردووە»و «عبدالقـادری گەیلانـی»و «مەولانـا خالیـدی نەقشـبەندی»و «ئیبن قەیمی جەوزی»و «ئیمامی نـەوەوی»... هتدی دروسـت کرد، کە ئـەو تێورانەی ئەوان دایان هێنا بۆ پەروەردەی دەروونو گیان تائێسـتاش جێگـەی سـەرنجی خەڵکی خوێنەوارو بە ویژدانن..

لە مەیدانی پەروەردەی ئیسلامیشدا ئـەو هەمـوو «بنەمـاو بەرنامـە» بۆ پـەروەردە کردنی «تـاك»و «خێزان»و «کۆمەڵ» دانراوەو تا ئێستاش بەشێوەی «حیـزب»و «کۆمـەڵو ڕێکخـراو» پەیرەویـان لێئەکرێـتو ئەکرێت ناوی قوتابخانـەی پەروەردەییـان لێبنرێـت، ئەمانە بەڵگەن لەسـەر ئەوەی ئیسـلام عەقڵەکان ئەجولێنێتو دەرگای حیوارو موناقەشـەو «بەرهەمهێنانـی فیکری» بە هەموو هێزێکەوە ئەخاتە سەرپشـت - پیاوانـی گـەورەی وەك «نورسـی»و «حەسـەن بەننـا»و «سـید قطـب»و «نەدەوی»و «زەهاوی»و... هتد. هەندێکن لەو پیاوانـەی لە مەیدانی»بەرنامەکانی پەروەردەی ئیسـلامیدا» ناویـان دیارو لەبەرچاوە.

«الکتانـی» لـە کتێبـی «التراتیب الادارية فـي الحكومة النبوية»دا ئەڵێت: یەکێـك لـە زانایانی مەزهەبی شـافعی «پێنـج سـەد» حوکمی لەم حەدیسـە کورتە دەرهێناوە «یـا أبا عمير ما فعل النغير».. «ئەبا عومەیر» مناڵێکی ئەبو تەڵحەی ئەنصاری بوو بولبولێکی هەبوو لەماڵەوە ناوی «نوغەیر» بوو، پێغەمبەر ﷺ یش بۆ دڵدانـەوەی هەموو جارێك کە لە مزگەوتدا ئەیبینی پێی ئەفەرموو «کاکـە عومەیـر هەواڵـی نوغەیـر چییە»؟!... دەرهێنانی سیستەمو یاساکان لە»قورئـانو حەدیـس» لێکدانـەوەی

---

١- نظام الدين عبدالحميد/ مدخل الى الفقه الاسلامي، ص٨٦.



# لە ئیسلامدا بووەتە هۆی فراوانکردنی ئیسلام یان تەسکردنەوە و بچووك کردنەوەی

عەقڵـی و مشـتومڕی نێـوان زانایان بـووەو ئەو هەموو کتێبـە قانونییەی بەرهەمهێنـاوە بەهـۆی ڕەخنـەو لێکدانەوەی عەقڵییـەوە، کە کۆنگرەی لاهای چەنـد جار لە ڕاسـپاردەکانیدا ئـەوەی ڕاگەیاندووە کە «شـەریعەتی ئیسـلامی دەوڵەمەندترین سەرچاوەیە بـۆ یاسـا دانـان، چونکە ڕێگـەی بە ئیجتیهاد داوەو ئـەوەی ئەم مەزهەبی فیقهـی نەیوتبێت ئەوی تریان باسـی کردووە ٢.

پێنجەم: ئیتر بائەوە بوەستێت کە لە سـەدە زێڕینەکانی ئیسلامدا عەقڵی ئیسـلامی چ بەرهەمێکـی گـەورەی پێشـکەش بە مرۆڤایەتی کرد لە هەر دوو مەیدانە گەورەکەی شارستانێتیدا، "مەیدانـی مەعریفـە"و "مەیدانـی تەمەددون"و ئاوەدانی، ئەوش کە هەر بۆ باس ئەشـێت ئەوەیە ئەنجامی ئەم عەقلکارییـە ئەوە بوو کە موسـڵمانان بەرلە زۆربەی خەڵکانی تر گەیشـتنە دۆزینەوەی سەرەتاکانی زانستە ئایینی و مرۆییەکانیش، بۆ نمونە بیرمەندێکی گـەورەی وەك ئەنورلجونـدی پـاش پشکنین و توێژینەوەیەکی ورد ئەڵێت: "هیچ زانستێك نییە لەم زانستانەی کە ئێسـتا ئەخوێنرێن لە قوتابخانەو دانیشتگاکاندا، موسڵمانان سەرەتاکانیان نەوتبێـتو دوای ئـەوان پـەرەی پێنەدرابێت"٣.

٢- لە لاهای و لەساڵی ١٩٣٧زاییندا کۆنگرەیەکی تر بەستراو ئامادەبووان ئەوەیان ڕاگەیاند کە شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ دەرهێنانی یاسا گشتییەکان، ئەوەشیان ڕاگەیاند کە شەریعەتی ئیسلامی شەریعەتێکی سەربەخۆیەو لە ئایینەکانی تر وەرنەگیراوە، جارێکی ترو هەر لە لاهای و لە ساڵی ١٩٣٨زاییندا کۆنگرەی»یاسای بەراوردکاری»گیراو تێیدا ئامادەبووان بڕیاری ئەوەیان دا کە شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیەکی گرنگە لە سەرچاوەکانی یاسادانان. لەو هەفتەی فیقهی ئیسلامیشدا کە لە پاریس بەڕێوەچوو لە ساڵی ١٩٥٢زاییندا،نەقیبی پارێزەرانی فەرەنسا هەستایەوەو دانی بەوەداناو ووتی:»نازانم من چۆن هاوئاهەنگی دروستبکەم لە نێوان ئەو وێنایەی کە بۆیان دروستئەکردین گوایە شەریعەتی ئیسلامی و فیقهی ئیسلامی فیقهو شەریعەتێکی دۆگمان و بەکەڵکی ئەوە نایەن بکرێنە سەرچاوە بۆ یاسا پێشکەوتووەکان لەبەرانبەر ئەوەدا کە من ئەم هەفتەیە بیستم دەربارەی شەریعەتی ئیسلامی کە بی دوودڵی ئەوە ئەسەلمێنێت شەریعەتی ئیسلامی شەریعەتێکی ڕەسەن و قووڵ وووردەکارو پەلوپۆدارەو توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەیە لەگەڵ هەموو ڕووداوەکاندا!».-هەروەها کۆمەڵەی یاسا گشتییە نێودەوڵەتیەکان دانیبەوەدانا کە موحەممەدی کوڕ حەسەنی شەیبانی قوتابی ئەبوحەنیفە بەڕاستی بریتییە لە ڕێبەری یەکەمی یاسانێودەوڵەتیە گشتییەکان،بڕوانە»مجلە البحوپ الإسلامیە»کە گۆڤارێکی دەوری زانستیەو لە لایەن:-الرئاسە العامە لإدارات البحوپ العلمیە والإفتاو والدعوە والإرشاد-ەوە دەردەچێت و تا ئیستا «٧٩» بەرگی لێدەرچووە،بۆ زانیاری زیاتر سەردانی سایتی»مکتبە صید الفوائد»بکە.هەروەها سەیری: تربیە الاولاد فی الاسلام / ناصح علوان بکە، هەروەها (الی الشباب أولا) هەر هەمان نووسەر.
٣- تأصیل منهاج العلوم / أنور الجندي، ص١٢.

موسڵمانەکان یەکەم کەس بوون کە بنەماکانی «المنهج العلمي التجربي»یان دانا پاش ئەوەی بە ڕەخنەی زانسـتی فەلسـەفە تیۆرییەکـەی یۆنانیان ڕەت دایەوە «٤.

موسـڵمانان یەکەم کـەس بوون کە تیۆرەکانـی ئیغریقییـان ڕەتکردەووە دەربارەی فەلەكو دەریاکان، ئەوان بوون جادوگەرییو ئەفسانەیان بەتاڵکردەوەو لـە جێگەیـدا باڵەخانەیەکی زانسـتی گەورەیـان بینا کـرد بـە تایبەتی لە بـواری «پزیشـکی و سیسـتەمەکانی تەندروستی»دا٥.

«فیکری ئیسلامی» خاوەنی بنەماو ڕێسـاو یاسـای تایبەتـی خۆیەتـی لە بوارەکانی زانستە سیاسیەکانو زانستی ئابوریـو مێـژوو زانسـتی دەرونی دا، بەپێـی ئـەو ئیجتهـادو بۆچوونانەی «مـاوردی»و «فارابـی»و «ئیبـن خلـدون»و «بێرونـی»و «غزالـی»و «ئیبن سینا» دایان هێنا..

ئـەو بۆچوونـە ئیسـلامیانەی کە فەیلەسـوفەکانی ڕۆژئـاوا لێزانانـە لەنـاو زانسـتو لێکۆڵینەوەکانـی خۆیانـدا تواندویانەتەوەو سـەرلەنوێ دایانڕشـتووەتەوە لـە سـەرچاوە ئەسـڵیەکانی خۆیـان دووریـان خستۆتەوە. لە بواری (فیکرو تەشریعو یاسـا)دا، فیکری ئیسـلامی بـاڵای لە باڵای هەمووان بەرزترەو.. تائێسـتاش مەشـخەڵە لەرێگەدا ٦، ئەگـەر بڵێین فیکری ئیسـلامی هەندێ زیـادەکاری بنەڕەتـی زیادکردووە بـۆ بیری نوێو هاوچەرخی ئێستا ئـەوە بەبێ گومان زیادەڕەوی ناکەین ٧.

ئەو بنەمایانـەی «ئیبن خەلدون» دەربـارەی زانسـتەکانی عیمـرانو ئاوەدانی دایهێناون تائێسـتاش بناغەن بۆ زانسـتەکانی (مێـژوو)و (ئابوری)و «سیاسـەتو ئیدارە»٨.

٤- هەمان سەرچاوە ل٥.
٥- هەمان سەرچاوە ل٥.
٦- هەمان سەرچاوە ل٥.
٧- هەمان سەرچاوە ل٥.
٨- هەمان سەرچاوە ل٥.

غەزالی چەند سـەدە پێش دیکارت باس لە»بنەماکانی فەلسـەفەی شەك» ئەکاتو ئەڵێت «فمن لم یشك لم ینظر ومن لم ینظر لم یبصر ومن لم یبصر بقـی في العمى والضـلال»٩. هەرکەس گومان نەبات ناگەڕێت بۆ بەڵگەو هەر کـەس نەگەڕێت بۆ بەڵگـە هیچی لێ حاڵـی نابێتو هەر کەسـیش لە شـت حاڵـی نەبێـت لەنـاو کوێریـو لاڕێدا ئەمێنێتەوە...

- سەبارەت بە شێوەی دووەمیش ئـەوەی زانـراوە ئیسـلام درێژەی سیسـتەمی دەسـەڵاتی دانەناوە بەڵکو (بنچینەکانـی حوکمکـردن، اصـول الحکـم)ی دانـاوەو ئەبێـت دەوڵەت و حوکم لەسەر ئەو پرەنسیپو بنەمایانە دابمەزرێتو بەڕێوە ببرێت، ئیتر دوای ئـەوە درێـژەی حکومەتـداری داوەتە دەسـت عەقڵی پێگەیشتووی زانایان لە هەموو چەرخێکدا... با ئەمە بە نمونە بڵێین:

ئیسـلام بڕیاری داوە حوکم ئەبێت لەسەر ئەم بنەمانە بوەستێت:

١- تەنیا خوا «حاکمە» (إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلَّهِ)

٢- سـەرۆكو گەورەی وڵات ئەبێت بە ڕەزامەندی گەلی موسڵمان دابنرێت.

٣- کاروبـاری دەوڵەت پێویسـتە بە «شورا» بڕوات بەڕێوە.

٤- حوکـم پێویسـتە «دادگەریـی» بەرقەرار بکات.

٥- شەریعەت سـەرچاوەی سەرەکی تەشـریعەو نابێت یاسایەك دەربکرێت لەگەڵ شەرعدا پێچەوانە بێت.

٦- دادگا سـەربەخۆو ئازادبێـت بۆ ئەوەی کەسـی تر بۆی نەبێت دەسـت بخاتـە کاروبـاری دەوڵـەت. یاسـا لە سەروو هەموو شتێکەوە بێت.

ئیتـر دوای ئەمە عەقڵەکان ئازادن لە ئالیەت دۆزینـەوەدا بۆ هەموو ئەو مەسەلانەی سەرەوە بۆ ئەوەی «داد»ی پـێ بەرقەرار بکـەن، یان «شـورا»ی پـێ جێبەجێبکەن، یان (یاسـادانان)ی

٩- نزیکەی شەش سەدە پێش دیکارت، تأصیل مناهج العلوم ص٦.

پێئەنجامبدەن.. هتد.

ئیسلام پەراوێزێکی زۆری لە پرسەکانی دەوڵەتی جێهێشتووە بۆ خەڵکو عەقڵو بەرژەوەندی رۆژو خەڵکی ئەو رۆژە بۆ نموونە:

- ناوی سەرۆکی وڵات، دروستە ناوی خەلیفە بێت، یان سەرۆکی وڵات بێت. یان ئەمیر یان سوڵتان یان رابەر.. هتد، ئیسلام هیچ ناوێکی (تەوقیف) نەکردووە، کە حەتمەن ئەبێت ئەو ناوە بێتو ناوێکی تر بە دروست نەزانێت.

- ئیسلام رێگەیەکی تایبەتی دانەناوە بۆ دانانی خەلیفە، ئەکرێ بە «هەڵبژاردنی گشتی» بێت ئەکرێ نوێنەرانی خەڵك هەڵی بژێرن، ئەکرێ ریفراندۆم بۆیەك كاندید بکرێ یان بۆ یەکێك زیاترو کێبەرکێ دابنرێو تا دێتە سەر یەکێکیان، وە هەروەها (١٠).

- تەمەنی سەرۆکی وڵات لە ئیسلامدا دیاری نەکراوە، ئەکرێ تا مردن بێت، ئەکرێت بۆ ماوەیەك بێتو کە ماوەکەی تەواو بوو جارێکی تر دەرگای کێبەرکێ بکرێتەوە لە ئەوو لە غەیری ئەو.

- ئیسلام ناوێکی تایبەتی دانەناوە بۆ جۆری حوکم نە جمهوری نە پاشایو نە عەلمانی (١١)،نە کە هەنوتی، بەڵکو ئیسلام نە (عەلمانییە) کە دین لە دەوڵەت جیابکاتەوە، نە دەوڵەتی دینیشە سوڵتەی ئیلاهی بداتە خەلیفەو قسەی ئەو قسەی خوا بێت ئەبوبەکر پاش ئەوەی بوو بە خەلیفە وتارێکی داو فەرمووی: (أما بعد فَإِنِّي وليتكُم وَلست بِخَيْرِكُمْ ألا وَإِن أقواكم عِنْدِي الضَّعِيف حَتَّى آخذ لَهُ الْحق وَإِن أَضْعَفكُم عِنْدِي الْقوي حَتَّى آخذ مِنْهُ الْحق إِنَّمَا أَنا مُتبع وَلست بِمُبْتَدع فَإِن أَنا أَحْسَنت فَأَعِينُونِي وَإِن زِغْت فقوموني أَقُول قولِي هَذَا وَأَسْتَغْفِر الله لي وَلكم).١٢

- خەلیفە لە ئیسلامدا ئەکرێ مەرجی بۆ دابنرێ، ئەو مەرجانەی تێدا بوو سەرۆك بێتو ئەگەر مەرجەکانی تێدا نەما ئەوە لەسەر کار لاببرێت یەکێکی تر دابنرێت..

- دەزگاکانی دەوڵەت ئەکرێت کەم بن، ئەگەر بەرژەوەندی لەوەدابوو زۆر بکرێت ئەوە زیاد بکرێت، هەر ناوێك بنرێت لەو دەزگایانە ئیسلام رێگە ناگرێت، مەگەر ناوەکە «عەبەس»و «ناجوان» بێت، ئەکرێ وەزارەتێك ناوی «وزارة المظالم» بێت ئەشکرێ ناوی «وەزارەتی داد» بێت.. ئەکرێ کاوربار «زانستو زانیاری» ناوی بنرێت «تربیە وتعلیم» ئەکرێ ناوی «وەزارەتی بیرو رۆشنبیری» بێت ئەکرێ ناوێکی تریشی ببێت.

- هەڵبژاردنی ئەندامانی شورا، ئەکرێ دوو ئەنجومەن بێت: یەکەمیان کاریان «یاسا دانان» بێتو دووەمیان کاریان «چارەسەرکردنی گرفتی دەوڵەتو میللەت» بێت، یەکەمیان تەنیا لە زانایانو پسپۆرانی ئەهلی (تەخەصوص) دروست بکرێتو دووەمیان لە نوێنەرانی میللەتو حزبەکانو ناوچە جیاجیاکان دروست بکرێت کە هەریەکەیان کێشەو گیروگرفتی میللەتو ناوچەی خۆی بنووسێت، ئەنجومەنیش رێگەچارەیان بۆ دابنێ، ئەشکرێ بە هەر جۆرێکی تر بێت کە ئەو رۆژو سەردەمە ئەیخوازێت، گرنگ ئەوەیە «داد» بەرقەرار بکەن.. بەهەرحاڵ ئیسلام لە مەسەلەی حکومەت داناندا رێگە بە «ئیقتباس» ئەداتو هانی سەرۆكو ئەندامانی شوراو هەموو موسڵمانان ئەدات کە «ئیقتباس» بکەن بۆ پێشخستنی دەوڵەتەکەیان..

- پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: (الحكمة ضالة المؤمن انى وجدها فهو احق بها).

- هەروەها ئەفەرموێت: (عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين).

- پێغەمبەری خوا ﷺ (رسائل مختومة) ی لە رۆمو فارس وەرگرتووە،

- عومەر یاسای "دەواوین"ی لە فارس وەرگرت.. هەروەها.

لێرەدا خاڵێك زۆر گرنگەو هەڵەیەك هەیە پێویستە راستیبکەینەوە.. ئەویش ئەوەیە بۆچی ئیسلام درێژەی مەسەلەکانی دەوڵەتی دانەناوە؟ لە وەڵامدا بەکورتی ئەڵێین لەبەر سێ هۆ:

١- لەبەر ئەوەی ئەگەر ئیسلام ئەو درێژەیە دابنێ ئەوە ئەو درێژەیە ئەبوویە "دین"و لادان لێی بێدینی ئەبوو.

٢- لەبەر ئەوەی درێژەی حوکم لەو رۆژەداو بەو کۆمەڵگە بچووکو سەرەتاییە جێبەجێ نەئەبوو ئەوەش جۆرێك لە "بێ موبالاتی" دروستئەکرد بەرانبەر یاساو رێنماییە ئیسلامییەکان.

٣- لەبەر ئەوەی مەیدانی لە "عەقڵ" تەسك ئەکردەوەو پەراوێزی بۆ حەرەکەتکردن نەئەهێڵاو لە جیاتی ئەوەی ئەو یاسایانە گەشە بەخۆیو کۆمەڵگە بدات، خۆشیو کۆمەڵگەی تووشی قەیرانو قەتیسبوون ئەکرد، بەڵام ئیسلام وەك وتمان بناغەکانی "حکم"ی داناوەو درێژەی یاساکان و ئالیەتەکانی جێهێڵاوە بۆ خەڵكو عەقڵی عاقڵان، ئەگەر سەیرێکی ئەو سەروەتە فیکریو فقهییە گەورەیەش بکرێت راستی ئەم خاڵە دەردەکەوێت کە عەقڵیەتەکان چەند گەشەیان کردووە لە ژێر رۆشنایی ئەو یاساو رێنماییانەدان.. ئەم گەشەو فراوانبوونەی فیکرو فیقهی ئیسلامیە چۆن لە کایەی سیاسیدا روویداوە بە هەمان شێوە لە کایەی ئابووری و سەربازی و سیستمی سزاو سیستەمەکانی پەروەردەو فێرکردن و میدیای ئیسلامیدا روویانداوە.

**لەبەر ئەوەیە ئەڵێین بوونی جیاوازی و فرەیی ئیسلام تازە ئەکاتەوە و فیقهی ئیسلامی فراوان ئەکات و موسڵمانان بەهێزتر و گەشەسەندووتر ئەکات.**

---

١٠- هەریەك لەو رێگایانە لە مێژووی ئیسلامیدا نموونەیان لەسەر هەیە، عومەر کاندیدی ئەبوبەکر بوو، گەل قەبوڵی کرد، شەش کەس کاندیدی عومەر بوو «گەل» عوسمانی هەڵبژارد، عەلی هەڵبژاردەی «مهاجرینو ئەنصار» بوو، مەعاویە بە «تەنازل»ی حەسەن لە هەقی خۆی کرا بە خەلیفە.. هەروەها.

١١- نقض كتاب، «الاسلام واصول الحكم» محمد عمارة، ص(٤٧).

١٢- تخريج الأحاديث والآثار الواقعة في تفسير الكشاف للزمخشري:جمال الدين أبو محمد عبد الله بن يوسف بن محمد الزيلعي (المتوفى : ٧٦٢هـ) تحقيق : عبد الله بن عبد الرحمن السعد

ژیانی دنیا کە لە راستیدا پردێکە بۆ پەڕینەوە بەرەو ژیانی واقیعی خۆمان، پڕیەتی لە چەندەها جۆری خەڵك، ڕەفتاری ئادەمیزادیش دەکرێ ببێتە چاوساغ و ڕێنما بۆ گەیشتن بە کۆتایی ئەو پردەو چارەنووسی کۆتایی.

هەمووان نیازی باشەیان هەیەو چاکەخوازن، بەڵام ئاخۆ هۆکاری وەڵامنەدانەوەی (چۆن؟) ئەوەیە کە زۆرینە ناتوانن یان نازانن وەڵام بدەنەوە؟ کەوایە نیازیان ڕوونە، بەڵام ڕێگایان گومە. لەبەر ئەوەشە هەر ڕێگایەك بێتە بەردەمیان، بە ڕێگایەکی دروستی دەزانن و تاقی دەکەنەوە.

جگە لەوانە، زۆربەیان هێندە یەکتریان خۆشدەوێ، هەمیشە چاکەو خراپەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن! خێراتر لە ئینتەرنێت، چاکەکانی خۆیان بۆ ئەوان دەنێرن و خراپەکانی ئەوانیش وەردەگرن. بەمە دەڵێن لەبەر خۆشەوستی و دڵ بەیەکەوە بوون؟ نا هەرگیز. ئەوە ئەوان راهێکیان هەڵبژاردووە کە بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، بە گەیشتن بە دەروازەی کۆتایی، ژمارەی چاکەکانیان کەم دەکات و هی خراپەکانیشیان زیاد! لە ئەنجامدا دەگەنەوە خاڵی دەستپێك، ئەڵبەت ئەگەر دەرفەت مابێت.

بەڵێ، ئێستا دوو کەس نابینیت بەیەکەوە دانیشتبن و غەیبەتی کەسانی دیکە نەکەن، مەجلیسێك نادۆزیتەوە، سەدای غەیبەتی لایەن و حیزب و ئەملاوئەولای تیادا دەنگ نەداتەوە، کردارێك چنگ ناخەی، کە بە قەفەزی پاشەملە دەور نەدرابێ.

ئەوەیە بێ ئاگایی، بێ ئەوەی هیچمان هەستمان پێی کردبێ، چاکەکانمانی هەمووی بردووەو، تای تەرازووی خراپەکانیشمانی، فڕاندووەتە ئاسمان.

ئاخر ئێمەومانان، گوایە شوێن هەنگاوەکانی ئەحمەد کەوتووین (درودی بێ پایان بڕژێ بەسەریدا)، بەڵام بێ ئاگا لەوەی لە یەك لە فەرمایشتە جوانەکانیدا فەرموویەتی (هەر کەسێك غەیبەتی کەسێکی تر بکات، چاکەکانی بۆ ئەو کەسە دەچێت و خراپەکانی ئەویش بۆ ئەو دێن).

گوایە ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرەو پێش چووندایین، بەڵام هەرچی زەخیرەیە، ئا بەم بەدکارییە، بە با دەچێ و، بگرە لەسەریشی قەرزار دەبینەوە. تەنانەت خەریکە لەبیرمان دەچێتەوە کە کێین و بۆچی هاتووین بۆ سەر ئەم زەمینە، چ ئەرك وئیشێکمان هەیە لێرە.

دەبێ هەر ئێستا بە درەنگ بزانین و قۆڵی لێهەڵماڵین و دەست بە کۆششەکانمان بکەینەوە، دەست بە چاکەکانمان بگرینەوە، دەستبەداری ئەم کارەو نموونەکانی بین. وریابین لەسەر ئەم پردە، خۆمان و ئامانج و ئەرك و مەهاممان لەبیر نەکەین، تا دەگەین بە شوێن و مەکانی واقیعی خۆمان و لە پێناو چارەنووس و دوا ڕۆژی گەشمان، با ئازاری هیچ کەس نەدەین و، هەموو دەم لەبیرمان بێت کە هەرکەسەو ژیانی تایبەتی خۆی هەیە.

با دڵ و هۆش و چاومان بکەینەوە!.



# چاکەکانت بۆ من، خراپەکانم بۆ تۆ!

رابەر ئەحمەد وەرتی



# گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنان لای منداڵ دەکەین

ئەمیر ئەحمەد عبدالقادر

لەم بەشەدا باسی ڕێگاکانی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنان لای منداڵ دەکەین، کە ئەمانەن:

١. ژینگەی یاری کردن:

پێویستە لەسەرمان ژینگەیەکی باش بۆ منداڵەکانمان بدۆزینەوە، کە هاوکاریان بکات بۆ دۆزینەوەی شوێنێك بۆ یاری کردن بەبێ هیچ کۆت و بەربەستێك و، ترس لەتێکدانی شتومەکی ناو ماڵ، و ئەگەر لەماڵێکی داخراویشدابێت، ژوورێکیان بۆ ئامادەبکەین، بۆ یاری و داهێنانەکانیان.

٢. خۆگونجاندن لەگەڵ بیرکردنەوەیان:

وەرگرتنی ڕای منداڵ بێ بەکەم زانین و دانەنانی کۆت و بەربەست لەسەریان، هەوڵی تێکەڵ بوون و نزیك بوونەوە لە ڕاکانیان بدەین، تا فێری لەدایك بوونی بیر و ڕایان بکەین، ئەمەش لەگرنگترین داهێنانەکانە،ئەمەش ئەوەناگەیێنێ کە هەندێك لەبیر و بۆچوونەهەڵەکانیان چاك بکەین، بەنەرمی و لێزانی و بەبێ توندوتیژی، ئەمە دەبێتە بەربەست لەبەردەم داهێنانەکانیاندا، ئەمەش وا پێویست دەکات بەڵگەو هۆکاری بەهێزمان پێبێت، بۆ ڕاست کردنەوەی بیرو ڕا هەڵەکانیان.

٣. شیکارکردنی داهێنانەکان:

بەهێزکردنی داهێنان لەلای منداڵان پێویستی بەداهێنانی گەورەتر هەیە، لەلای گەورەکاندا، ئەمەش وامان لێدەکات چارەسەری پێش وەختمان لابێت بۆ ئەو کێشانەی کە ڕۆژانەڕوودەدەن و بیان کەین، بەبەشێکی سەرەکی پەیرەو پەروەردەکردنی منداڵەکانمان داهێنانەکانمان دەبنن و پێوەی کاریگەر دەبن و بەشدارییان پێبکەین لە داهێنانەکانماندا و بەبێ هۆباسیان بکەین و هەلیان بۆ بینینیان برەخسێنین.

٤. ئامادەکردنی شیکارکراوەکان:

کاتی تەواو بدە بە منداڵەکەت بۆ ئەوەی هەموو تواناو داهێنان بۆ شیکارەکان ئامادەبکات، وای لێبکە بجولێت، لەشتە گشتییەکان بۆ بیرو ڕا سەرەکیەکان، شیکاری ئامادەکراوی نەدەیتێ پێش پێدانی کات بۆ شیکارکردنی، هەندێك لە باوکان وادەزانن، ئەگەر وەڵامی ئامادەکراو بدەنە منداڵەکانیان هاوکاریان دەکات بۆ گەشەکردنی بیریان، کەچی ئەمە پێچەوانەی ڕاستییە، ئەمە توانای بیرکرنەوەی لەشیکارکردنی نوێ دەکوژێ و توانای بیرکردنەوەشی لەشیکارکردن ناهێڵێت.

٥. ڕێگاکانی بیرکردنەوە:

چەسپاوی لەسەر ڕێگاکانی بیرکردنەوە نەوەك لە سەر ئامانج، گرنگ نییەپێشبرکێیەکە ببەیتەوە، یاخود یەکەم ببیت، هێندەی ئەوەی هەڵساوی بە ڕێگاکانی بیرکردنەوە بۆ شیکارکردن، ئەمەش سوپاس کردنی و باسکردنی لەبەر چاوی خەڵك و پێدانی دیاری لە سەرشیکارکردنی ڕاستدا.

٦. پێدانی کات بۆ جەربەزەی (سەرکێشی) بە منداڵەکەت:

بواری ئەوە بەمنداڵەکەت بدە بۆ بەرهەڵستی کردنو جەربەزەیی لەڕێگای هەندێك یاری و کێبەرکێ لە گەڵ هاورێکانی دا، یان یاری ئەلکترۆنی، ئە مەش هاوکاری دەکات بۆ پێشبینی کردنی لە ڕێگای بیرکردنەوەی نوێ، گەلێك لە یاریەکان هانی دەدات، بۆ گەشەکردنی گیانی

داهێنان و شیکارکرن،بە تایبەت یاری پێکەوەبەستن (میکانۆ) و ڕێکخستن.

٧. بەشداری لە خۆشیەکانیاندا بکە:

بیر و هۆشی منداڵ بۆ ئەوەی پێش بکەوێتو گەشەبکات پێویستی بە تێکەڵاوی لە گەڵ گەورەکاندا هەیە، کەسی تریش جگە لە دایك و باوك دەتوانێت بەم کارە هەڵسێت، لەکاتی گەشەکردنی بیریاندا پێویستە دایك و باوك گرنگیان پێبدەن، لات سەیرنەبێت هیچ گرنگیو سۆزێکیان بۆ دایك و باوکیان نەبێت، ئەگەر بەمنداڵی گرنگیان پێنەدرابێت، لەبەر ئەوەی چۆن دایك و باوك مافیان بەسەر منداڵەکانیانەوە هەیە بەهەمان شێوە منداڵەکانیش مافیان بەسەر ئەوانەوە هەیە. کاتێك دایکان و باوکان بە ڕاسگۆیی لەگەڵ منداڵەکانیان تێکەڵ دەبن هەست بەخۆشی و شادییەکی زۆر دەکەنو کەشێکی ئارام و ئاسوودە درووست دەکەن هەتا وشە دەستەوەستانە لەبەردەم وێناکردنی ئەم خۆشییە.

٨. گفتووگۆ لەگەڵ کردن و ئاوێتە بوونیان:

بەلایەنی کەم وەکو چالاکی ڕۆژانە یەك کاتژمێر گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەیت، چۆنیەتی بەسەربردنی کاتەکانیان،لەباخچەی ساوایان و لەگەڵ مامۆستایان و لەگەڵ هاوڕێکانی لە قوتابخانەو چالاکیەکانی ماڵەوەیان لەگەڵ کەسە نزیکەکانی و یان لە دەرەوەی ماڵ لە گەڵ برادەرانی داوکێشەکانیان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان و پەیوەندیان لەگەڵ مامۆستایانیادا بەم شێوەیە، قسەکردن لەگەڵ منداڵاندا سوودی زۆرە لەم سوودانەش ئەمانەن:

١. فێری بیرکردنەوەی نوێی بکە:.

منداڵان وەکو گەورەکان مێشکیان پێنەگەیشتووەو قالبێکی دیاری کراوی وەر گرتووەو تاکو ئێستا مێشکیان تەواو نییە، لەبەر ئەوە قسەکردن لەگەڵیاندا گرنگە چونکە گەشەیان پێدەدات و پێشیان دەخات، ئەمەش بۆ گەورەکان بەسوود ترە، چونکە شتی زۆریان لێ فێردەبێت، لەبیر کردنەوەی نوێ و لەو داهێنانانەی کە هەر بەبیرت دانەهاتبوو، لێیان فێردەبین منداڵ چۆن بیر دەکاتەوە ئەمەش سوودی هەیە بۆ شیکارکردن و زۆر لە پرۆژەکانیان تێدەگەین.

٢. گەشەکردنی سۆز و خۆشەویستی:.

دیاری کردنی کاتێك بۆ قسەکردن لەگەڵ منداڵانداو دوور لە کاری ڕۆژانە (ئاوابکە، ئاوامەکە، ئەمە نەنگییە، ئەمە هەڵەیە) ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ گەشەکردنی سۆز و خۆشەویستی، زۆر پێویستە بۆچاندنی چاکەکاری و پێگەیاندنیان، بەمەش لەگەڵ گەشەکردنی سۆز و خۆشەویستی لە گەڵ دایك و باوکیاندا زیاتر ئامادەدەبن بۆ وەرگرتنو ئاڕاستەکردنی ئەم چاکەکارییە، جگە لەمانە هیچ ڕێگایەکی تر پێش بینی ناکرێت بۆ گەشەکردنی بیروهۆشیان.

٣. ئاشکراکردنی بیرە هەڵەکانیان:.

ڕۆژانە بیرە هەڵەکانیان ئاشکرابکە، لەو ژینگەیەی تێیدا تێکەڵ بوونە، ئاسانی چاکردنی ئەو بیرانە، ئەگەر ئەم وتووێژانە نەبوونایە ئەم هەڵانە ئاشکرا نەدەبوون و چارەسەر نەدەکران.

# پۆزش

لەژمارە (١٧)ی گۆڤاری بڕەودا بابەتێکمان بەناوی نەخوێندەواری لە زانکۆدا بڵاوکردبۆوە، نوسەری بابەتەکە زۆرینەی بیرۆکەی بابەتەکەی لە کتێبی (نەخوێندەواری لەزانکۆدا)ی نوسەری بەڕێز (هێمن خورشید) وەرگرتبوو، داوای لێبوردن لە بەڕێز کاک هێمن خورشید دەکەین.



ئەڵقەی سێیەم

ن: عبدالكريم البكار
و: یاسین زەنگەنە

# پەیوەندی نێوان هاوسەران

- هەرچەند تاکەکانی خێزانی مسوڵمان سەرقاڵ بن، پێویستە هەریەکەمان، مانگانە خوێندنەوەی کتێبێك بەلای کەمەوە لەدەست نەدەن، رێکخستنی کات لە هەموو بارودۆخێکدا بوار دەدات هەفتانە کتێبێك بخوێنرێتەوە.

- زۆرجار رەوتی پان لەکۆمەڵگادا پێگەیشتوو نییە، بێگومان پێویستە خێزانی مسوڵمان لاسایی کردنەوە رەتکاتەوە، هەوڵ بدات کاروانی ژیانی بەپێی حوکمی شەریعەت و ئامازەکانی چاکێتی بێت.

- یەکێك لە توێژینەوەکان سەلماندوویەتی قسەو باسی ژنان لەسەر پیاوان سێ ئەوەندەی قسەی پیاوانە لەسەر ژنان، ئەمەش وا دەخوازێت ژنان وریابن نهێنی هاوسەرەکانیان ئاشکرا نەکەن لەمیانەی قسەو باس و ئاخاوتنیاندا.

- بەدەستهێنانی بژێوی و خەرجی خێزان لە رێگا دروست و رەواکانە، لە گرنگترین ئەو کارانەیە کە پێویستە خێزان هەموویان بایەخی پێ بدەن، ئەمە شتێکە سازش و دەستبەرداری قبوڵ ناکات، کاتێك بارودۆخەکان بەرتەسك دەبنەوە نارەحەتیەکان توند دەبن، ئەوا دەرچوون لەم نارەحەتیانە بە خواردنی ماڵی حەرام نابێت، بەڵکو بە نزاو پارانەوەو پاکیزەیی و کاری جدی دەبێت.

- کاتێك تاکەکانی خێزان دەرك بە گرنگی ئەوە دەکەن، کە خەڵکی لە چێژوو تێروانینیاندا بۆشتەکان جیاوازن، ئەوسا بۆ زۆرێك لەو هەڵوێستانەی نواندویانە پۆزش دەهێننەوە.

- کاتێك لەباری تورەییدا دەمانەوێت چارەسەری جیاوازیەکانمان بکەین، لە راستیدا ئێمە چارەسەری جیاوازیەکان ناکەین، بەڵکو زیاتر ئاڵۆزی دەکەین. چارەسەری کێشەکان پێویستی بە هێمنی ولەسەرخۆیی و کرانەوەی ئەقڵی هەیە.

- لە سیمای ژینگەی پەروەردەیی باش، روخۆشی وگەشبینی و ئەرێنیە، توێژینەوەیەکی بەریتانی سەلماندویەتی، کاتێك تاك دڵخۆش و شادمان و حەساوەیە پەیوەندی بە جیناتی بۆماوەوە نیە، بەڵکو

دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێگا پەروەردەییەی کە لە منداڵیەوە وەریگرتووە.

- تاشینی قژی سەری منداڵی کۆرپە لە ڕۆژی حەوتەمی لەدایکبونیدا، سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی هاوکاری لە کۆمەڵگای مسوڵماندا،چونکە خێرکردن بەکێشی قژی منداڵەکە لە زیو (هەر چەندە سانایە)، پارمەتیەکە بۆ هەژاران و بەرجەستە کردنی دیاردەی بەزەییە لە نێوان مسوڵماناندا.

- لە زۆرێک لە ماڵەکاندا دیاردەیەك هەیە، زانایان ناویان ناوە (کەری سۆزداری)، بەمەش بێدەنگی باڵ دەکێشێت بەسەر ماڵدا، و پەیوەندی نێوان هاوسەرەکان لە کەمترین ئاستیدادەبێت، یەکێك لە توێژینەوەکان دەریخستوە کە (٧ لە ٧٠٪)ی خێزانەکان دەناڵێنن بەدەست بێدەنگی هاوسەرەکانەوە، ئەمەش ژیانی خێزانی بێبەش دەکات،لە زۆرێك لە سۆز و دڵخۆشی و شادومانی، بەرەو بێزاری و داخراویان دەبات.

- ئەنجامدانی نوێژی بەیانی لەکاتی خۆیدا بە یەکێك لە جیاوازیە بنەرەتیەکانی نێوان خێزانی چاکی پابەند بە ڕێنماییەکانی ئاین ونێوان خێزانەکانی تردا پێك دێنێت، با هەر خێزانێك لە خێزانەکانمان ئەمە وەك ڕێنمایی وەرگرێت و لەمیانەیەوە پێگەی خۆی لە نەخشەی پابەند بوون و دینداریدا بزانێت.

- خەڵکانێکی زۆر پارەیەکی زۆر و بێشومار خەرج دەکەن، لە نرخی ئەو شمەکانەی کە ریکلامەکان ڕەواجیان پێداوەو جەختیان لەسەر کردۆتەوە، توێژینەوەی وا لە ڕۆژئاوادا هەیە ئاماژە بە پاشەکشێی کاریگەری ریکلام و پروپاگەندە دەکات لە سەرکڕینی شتومەك، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هوشیاری خەڵك بەرەو چاکی و پێگەیشتوویی ڕۆیشتووە.

- توێژینەوەیەکی تازەی بەریتانی ئاماژەی بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەو پیاووژنانە داوە کە بڕوایان وایە شوێن و پێگەی ئافرەت لە ماڵەوەدا بێت، زۆر ئەستەمە ژن بتوانێت لەکاتێکدا دایکێکی بەتوانا بێت و فەرمانبەرێکی نایابیش بێت، ئەرك و کارەکانی جێبەجێ بکات هەستێت بە چاودێری خێزانەکەی بەشێوەیەکی باش، بە تایبەت لە کاتێکدا منداڵی بچوکی هەبێت.

- توێژەرە ئەمریکیەکان هوشیارییان داوە، ئەو خانمانەی لە قۆناغی دووگیانیدا کار دەکەن زیاتر ڕوبەڕوی توشبوون بە جۆرێکی مەترسیدار لە فشاری خوێن دەبنەوە کە بە (گرژبوونی دووگیانی)ناسراوە، هەرچەندە فشارەکانی کارکردن لەسەر خانمان زیاتر بێت، مەترسیەکانی سەرژیانیان گەورەتردەبێت.

- هەندێك لە زانایان سەبارەت بە ئایەتی (قوا انفسكم و اهليكم نارا) وتویانە خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا پرسیار لە باوك دەکات سەبارەت بە نەوەکانی، پێش ئەوەی پرسیار لە نەوەکان بکات سەبارەت بە باوکیان، هەر چۆن باوك مافی هەیە بەسەر کوڕەکەیەوە، کوڕیش مافی هەیە بەسەر باوکیەوە.

- تا ئێستا جوامێروخانەدانە بەرێزو چاکەکارەکان، لەنەوەکانی ئەم نەتەوەیە لە خوای گەورە نزیك دەبنەوە بە هۆی ڕێزلێنانیان لە کچەکانیان ودڵنەوایی کردنیان، بە پێچەوانەی نەفامەکان کە کوڕان بە چاکتر دادەنێن لە کچان و بێبەشیان دەکەن لە میرات.

- لێکۆڵینەوەیەکی سعودی ئاماژە بەوە دەکات ئالوودە بوونی یەکێك لە ئەندامانی خێزان بە عەرەق خواردنەوە یان مادەی بێهۆشکەر، بە دیارترین هۆکاری سەرەکی دادەنرێت بە توشبوونی یەکێك لە ئەندامەکانی خێزان بە توندوتیژی خێزانی، دواتر دەبێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی خێزان بە هۆی تەڵاق یان مردنەوە.

- ئەوانەی دەیانەوێت ژن بێنن با دڵنیابن لەوەی ئەو کچەی دەیانەوێت مارەی بکەن، نەخۆشی شەکرەی نەبێت، وە کچانیش با دڵنیابن لەم حاڵەتە، چونکە توشبونی یەکێك لە دایباب بە شەکرە بەگەورەترین هۆکاری توشبونی نەوەکانیان دادەنرێت بە نەخۆشی شەکرەی منداڵان، ئەو نەخۆشیە مەترسیدار وبێزارکەرە.

- کاتێك کەسێك سوکایەتی بەیەکێکمان دەکات، ئەوا بەکەسەکە دەڵێین:ڕێزی خۆت بگرە،پێی ناڵێین: ڕێزم بگرە، چەنکە لە زیهنیدا بنەمایەکی شکۆدار چەسپیوە کە: هەرکەس ڕێز لە خۆی بگرێت ڕێز لە خەڵکی دەگرێت، هەر کەس ڕێزی خەڵکی بگرێت خەڵکی ڕێزی لێدەگرێت، گرنگ ئەوەیە منداڵەکانمان لەسەر ئەم بنەمایە پەروەردە بکەین.

- یەکێك زانایانی دەمار دەڵێت گرژبوون وا دەکات خانەکانی مێشك لاواز بێت یان بمرێت،هەروەها گرژبوونی پێشوادە کە توشی کۆرپەلە دەبێت لە ڕەحمی دایکیدا، دەشێت ببێتە هۆی بەگرانی فێربوون و بیرخستنەوە لەمنداڵەکەدا، لەگەڵ ڕودانی هەندێك کێشەی دەرونی، بۆیە ئافرەتانی دووگیان ئامۆژگاری دەکرێن دورکەونەوە لە هەموو شێوازێکی هەڵچوون.



# جێکەوتەکانی قەیرانی دارایی لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە

نەرمین مستەفا

قەیرانی دارایی واتە کەمبونەوەی پارە لە وڵاتدا، بەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆ دروست دەبێت لەسەر بازاڕو هاوڵاتی، ئەم قەیرانەش کە ئێستا کوردوستانی پیا تێپەڕدەبێت قەیرانێکی چاوەڕوان نەکراو بوو،واتە هاوڵاتیان پێش وەخت خۆیان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی وەها قەیرانێك ئامادە نەکردبوو بێگوومان ئەو خاڵەی کێشەکەی قووڵتر کردووەتەوە نەبوونی هۆشیاریی دارایی بوو لەلایەن تاك و خێزانەوە سەرەڕای ئەوەش خێزان و کۆمەڵگا بێ بەرنامە بوون لە دروستکردنی قەناعەت لەلای ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگا هەربۆیە ئەم قەیرانە کۆمەڵێ جێکەوتەی لەسەر خێزانو هاوڵاتیان دروستکردووە،ئەمە وێڕای کاریگەری قەیرانەکە لەسەر سەرجەم سێکتەرەکانی ژیان،ئەوەی بەلامەوە گرنگە باسکردنی کاریگەری ئەم قەیرانەیە لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی کە ئەمەش خۆی لە چەند بوارێکدا دەبینێتەوە:-

دروستبوونی کێشەی خێزانی

زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی

دواخستنی پرۆسەی هاوسەرگیری

هەڵکشانی ڕێژەی قەیرەیی

هەڵکشانو بەردەوامبوونی دیاردەی کۆچ

تێکچوونی باری دەروونی تاك و خێزان

کەمبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان.

دابڕان و وازهێنانی هەندێ لەخوێندکاران لە خوێندن

سەرهەڵدانی جۆرەها ڕەفتاری نەخوازراو لەوانە (دزی و پشێوی هەڵچوون و بەرتیل و دەست برین و فێڵ لە مامەڵە کردندا) ئەمانەش فاکتەری سەرەکین بۆ تێکدانی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگا.

چەقبەستن و پەککەوتنی کۆمەڵگا لە ڕووی گەشەسەندن و ئاوەدانیەوە

بێگوومان بوونی قەیران ئەکرێ حاڵەتێکی ئاسایی بێت ئەگەر حوکمەتو تاك و خێزان پلانی ڕووبەڕووبونەوەیان هەبێت بۆزاڵبوونو تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە بەنسبەت حوکومەتەوە پەیڕەوی یاسای (گوێت لێدەگرمو بەگوێت ناکەم)دەکاتو خۆشی کۆمەڵێ پرۆژەی چاکسازی سەقەتی ڕاگەیاندووە بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی هاوڵاتیان بەهەر حاڵ مەبەستی ئێمە زیاتر هاوڵاتییانە•

کەدەکرێ لەڕێگەی ئەم ڕێنماییانەوە هاوکاریان بین بۆ شێوازو چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو قەیرانەدا بەهیوای سوکتر کردنی باری هاوڵاتییان لەوانەش:-

ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان داهاتو خەرجیدا واتە دابەشکردنی داهاتەکان بەسەر خەرجییەکاندا.

ئامادەکردنی لیستی پێداویستیەکان لەکاتی بازارکردندا بۆئەوەی تەنها شتەپێویستەکان بکردرێت،هەروەها بازاڕکردن لەو مارکێت و مۆڵ و جێگایانەی داشکاندن ئەنجام دەدەن.

کەمکردنەوەی کەمالیاتی ژیان لەوانە سەفەر بۆ گەشت و چارەسەر لە دەرەوەی وڵاتو کەمکردنەوەی سەردان و سەیرانو بانگهێشتو داوانەکردنی خواردنی ئامادەکراو.

دووبارە بەکارهێنانەوەی جلوبەرگو کەلوپەل یاخود دروستکردنەوەی کەلوپەلی نوێ لەجل و بەرگ و کاڵا بەکارهاتووەکان

بەرتەسك کردنەوەی بۆنەکان بۆنموونە لەکاتی هاوسەرگیریدا پێویست بە قەرەباڵغیو چەند بۆنەیەکی یەك لەدوای یەك ناکات بەڵکو تەنها بە مەراسیمێك کۆتایی پێ بهێنرێت.

خۆڕاهێنانو خۆڕاگرتنو ڕێنمایی ئەندامانی خێزانو دروستکردنی سیفەتی قەناعەت لەلایانو تێگەیاندنیان کە قەیرانەکە گشتییەو ماوەی کۆتایی هاتنیشی دیاریکراو نیە

ڕاگرتنی قیستو قەرز، ئاشکرایە ڕۆژانە فرۆشیارە گەڕۆکەکان بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانیان ڕوو لە گەڕەکەکان دەکەن بە قەرز و قیست شمەك دەدەن بە هاوڵاتیان لەوانەشە نرخی ئەم فرۆشیارانە زیاتر بێت بە بەراورد لەگەڵ بازاڕدا بۆیە ڕاگرتنی ئەم جۆرە مامەڵانە هاوکارییەکی باشدەبێت بۆ خێزانەکان.

بەهیوای تێپەڕاندنی قەیرانەکەو باشتر بوونی بژێوی خێزانەکان.




ئاسۆس انور سلێمان

# ڕەهەندی دەروونی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك

یەکێك لە وێستگە سەرەکییەکانی پەیوەندیکردن و بە کۆمەڵایەتی بوون لەسەردەمی ئەمڕۆماندا بریتییە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووك، کە بەشێوەیەکی زۆربەربڵاو و زۆر خێرا دەکەویە پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانێکی زۆر و ئاڵوگۆڕکردنی باس و خواستی جۆراوجۆر. بەشداربووانی ئەم تۆڕەش خاوەن تێڕوانینی جیاوازن بەرامبەر بە ژیان و جۆری بیرکردنەوەیان وەك یەکتر نییە، بەواتایەکی دیکە دەبێ چاوەڕوانی نووسینی جیاواز و گرتەی ڤیدیۆیی و وێنەی جۆراوجۆر بکەین، کە هەریەکەیان گوزارشت لە شتێك دەکەن و پەیامێك نمایش دەکەن..

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە، تاکەکان لەتەمەنی جیاواز سەرقاڵن بە فەیس بووکەوە، بۆیە هەموو ئەوانە دەبینن و دەخوێننەوە یان دەبیستن، لەکاتێکدا مرۆڤ بۆخۆی بوونەوەرێکی زۆر هەستیارە و لەڕەهەندی جیاوازەوە کاریگەی لەسەریان دەبێت، کە یەکێك لەو کاریگەرییانە بریتییە لە کاریگەری دەروونی، ئەویش لایەنێکی زۆر گرنگی ژیانی مرۆڤ پێك دەهێنێت، بەشێوەیەك ئەگەر مرۆڤ لەڕووی دەروونییەوە تەندروست نەبێت، ئەمە کاردەکاتە سەر تەواوی ژیانی وە ڕەفتارەکانی، چونکە وەك ڕوون و ئاشکرایە، تەمەن لەپەروەردەدا زۆر بەگرنگ دەزانرێت و دەبێ لەبەرچاو بگیرێت، واتە ئەو کارەی کە بۆ پەروەردەکردنی تەمەنی خوار (١٤) ساڵی دەکرێت، جیاوازە لەگەڵ سەرووی ئەو تەمەنە، وە ئەوەی کە لەگەڵ سەرووی تەمەن (١٨) ساڵییەوە دەکرێت جیاوازە لەخوارووی ئەو تەمەنە، لەکاتێکدا بەبێ بوونی هیچ سانسۆرێك لەلایەن خێزان و خودی لایەنی پەیوەنداریش بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەوە لەبەرچاو نەگیراوە.

سەرەڕای ئەمانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد خودی بەکارهێنەرانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانەش ئەوە لەبەرچاو ناگرن کە ئایا ئەو شتەی بڵاوی دەکەنەوە، چییە و چ کاردانەوەیەکی لێدەکەوێتەوە، هەست بە بەرپرسیارییەتی ناکەن بەرامبەر بەوەی کە دەیڵێن، ئەمەش کاردانەوەیەکی نەرێنی گەورەی دەبێت، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا



چەندین ڕووداوی نەخوازراو دەورەی داوین، لەوانە کوشتنی ترسناك / یان ئیهانەکردنی مرۆڤەکان بەشێوەی جۆراوجۆر یان ناوزڕاندنی مرۆڤەکان... هتد...هەموو ئەوانە بەشێوەیەکی نەرێنی کار لە دەروونی مرۆڤ دەکەن و دەبنە هۆکاری کەمکردنەوەی بایەخی مرۆڤەکان و دروستکردنی ڕۆحی درەندەیی و ڕق و تۆڵەسەندنەوە، هاوکات نەهێشتنی هەستی خۆشەویستی...... هتد...ئەمانە و چەندین ئاسەواری تری ناهەمواری دەبێت...

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئێمە هەندێکجار لەگەڵ منداڵەکانی خۆمان بەیەکەوە سەیری گرتەی ڤیدیۆی لەو شێوانە دەکەین بەبێ ئەوەی درك بە کاریگەرییە دەروونییەکانی بکەین. ساڵانێك بەر لە ئێستا بەهۆی سەیرکردنی هەندێك فلیمی سەرکەشییەوە چەند منداڵێك لە شارەکانی هەرێم لاسایی ڕەفتارەکانی ناو ئەم فلیمانەیان کرد و ڕووداوی نەخوازراوی کوشتن و بریندارکردنی بەرامبەری لێکەوتەوە، ئەی باشە دەبێ سەیرکردنی ڤیدیۆی ڕووداوە نەخوازراو و نامرۆڤانەکان لەلایەن منداڵانەوە چ هەستێکی ناهەموار دروست بکات....بە تێڕوانینمان بۆ قسە و هەڵسووکەوتی منداڵەکانمان بۆمان دەردەکەوێت کە لەڕووی دەروونییە چەندە کاریگەیان لەسەرە.

لەکۆتایدا دەبێ هەموومان ئەوە بزانین، هەموو شتێك شایەنی بڵاوکردنەوە نییە و دەبێ تەمەن و جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤەکان لەبەرچاوبگیرێت و بەهەستکردن بە بەرپرسیارییەوە بڕوانینە پەیوەندییەکانمان و گەیاندنی پەیامە جۆراوجۆرەکانمان، مرۆڤانە بیربکەینەوە و پەیامێکی جوان بڵاوبکەینەوە و نەبینە مایەی دروستکردنی هەستێکی ناهەمواری دەروونی بۆ بەرامبەر.

م. وریا کانی توویی/ ڕانیە

# پشت بەخوا بەستن و هیواو ئومێد بەخوا بوون

**إبن عطا الله السكندری دەفەرموێ:**

**(علامة الاعتماد على العمل نقصان الرجاء عند وجود الزلل)**

موسوڵمان واجبە و پێویستە لەسەری کارو کردەوەی چاك بکات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای پەروەردگار. بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە لەهەمانکاتدا داوای لێکراوە ودیسان کەنابێ بەتەنها پشت بەکردوەچاکەکانی خۆی ببەستێ، چونکە کردەوەکانمان هەرچەند گەورەو گرنگ و باش و چاك بن دەبێ باوەڕمان بەوە هەبێ کە کەمو کورتن و هێشتا ماویەتی ونەمان توانیوە وەك لەخوا دەوەشێتەوەو شایستەیەتی بیپەرستین و شوکری بکەین و سوپاس گوزاربین وەك خوای پە روەردگار دەفەرموێ: (كَلَّا لَمَّا يَقْضِ مَا أَمَرَهُ) واتە: هێشتا ئەوەی خوا فەرمانی پێکردوە مرۆڤ نەیتوانیوە بەجێی بهێنێ. وە دەفەرموێ: (وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللهِ لَا تُحْصُوهَا) واتە: ئەگەر بتانەوێ نازو نیعمەتەکانی خودا بژمێرن، تەنها ژماردن، ناتوانن! چ جای سوپاس گوزاربونی تەواو لەبەرامبەریاندا، وە ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر ئەم مانا یە پشت ڕاستدەکاتەوە و باشتر دە یسەلمێنێ؛ کەدەفەرمووێ: «سَدِّدُوا وَقَارِبُوا وَأَبْشِرُوا فَإِنَّهُ لَا يُدْخِلُ أَحَدًا عَمَلُهُ الْجَنَّةَ» قَالُوا: وَلَا أَنْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: «وَلَا أَنَا إِلَّا أَنْ يَتَغَمَّدَنِيَ اللَّهُ مِنْهُ بِرَحْمَتِهِ» أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ فِي الصَّحِيحِ، فَقَالَ: وَقَالَ عَفَّانُ: فَذَكَرَهُ وَأَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ مِنْ وَجْهٍ آخَرَ، عَنْ وُهَيْبٍ واتە: کردەوەی باش وچاك بکەن و دامەزراوو بەردەوام بن بشزانن کەس بەکردەوەی خۆی ناچێتە بەهەشتەوە!! گوتیان: تۆش ئەی ڕەوانەکراوی خوا؟ فەرمووی بەڵێ منیش! مەگەر خوا بە لێزمەی میهرو سۆزی خۆی دامپۆشێ و ڕەحمم پێ بکات! کەواتە بابزانین کە لەپشت نەبەستن بەکردەوەکانمان چەندان حیکمەتی گەورە و گەوهەر هەن کەپەیوەندیان هەیە هەم بەباش ناسینی خوداوە هەم بە بژارکردن وخاوێن کردنەوەی دڵ و دەروونەوە ـ تزکیە النفس ـ چونکە ئەگەر ئاگامان لەخۆمان نەبێ پشت بە کردەوەی خۆمان بەستن سەر دەکێشێ بۆ لەخۆبایی بوون و زۆر لەخۆڕازی بوون و شانازیکردن بەخۆوە تا دەگاتە مامەڵەی نادروستکردن وبێ ئەدەبی لەگەڵ خوای بەخشندە و واهەستکردن بەوەی کەمافمان بەسەر خوا وە هەیە و خوا بەقەرزدار زانین!! کەبەڕاستی ئەمە ترسناك و مەترسیدارە! و لەناوبەرە! چونکە ئەمە سەر دەکێشێ بۆ لەدەستدانی هاوسەنگی و تێکچونی باڵانس بەتایبەتی لەکاتی بونی ناتەواوی و هەڵەو کەموکورتیدا کەدەبێتە هۆی کەمبونەوەی متمانە وئومێد وهیوا بەخوای بەدەسەڵات وپشت نەبەستن بەخودا و پشت بەستن بەکردەوەی چاکی خۆمان لەکاتێکدا هەموومان دەزانین کە چەند ناتەواوین و چەند ئاتاجی میهرو سۆزی خواین وپشت بەخوابەستنیش چ قەڵایەکی مەحکەمی پتەوە لەبەرامبەر فروفێڵ وتەڵەکەو داوەکانی شەیتانی لەعین ئەمەش مانای دەست بەخودا بەردانەوە نی یە ونابێ و ناگونجی بەبیانوی تەوەککول ومتمانە بەخوا بوون واز لەکردەوی چاك وچاکەکردن بهێنین! نا بەڵکو دەبێ هەتا بۆمان بکرێ کردەوی چاك بکەین و ترسیشمان هەبێ نەوەك خوا لێمان وەرنەگرێ ومتمانەشمان هەرگیز بەخوای میهرەبان لەق نەبێ وئومێدو هیوا بە میهرەبانی خوای بەخشەرو بەبەزەیی چرای ڕێگامان بێ و سۆمای چاوو هێزو گوڕو تینی بەردەوامیمان بێ. خوای پەروەردگار هاوسەنگ ودامەزراوو ئومێدەوارمان کا.



# پێویستم بەگۆڕانكاریە

ابراهیم برهان

گۆڕانكاری پێویستیەكی سروشتی مرۆڤەكانە سوننەتێكی گەردوونە وە داوایەكی خوای گەورەشە، لە هەمان كاتدا هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ (ان الله لایغیرو مابقوم حتی یغیروا مابأنفسهم.....) گۆڕانكاری واتە سەرلە نوێ لە دایك بوونەوە، ڕێگایەكە بەرە و بەختەوەریمان دەبات، لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش، ئایا بۆچی پێویستیمان بەگۆڕانكاریە ؟ وە ئایا دەتوانین گۆڕانكاری لە خۆماندا بهێنینە ئارا؟ وەك چۆن ئەوانەی پێش خۆمان گۆڕانكاریان دروست كرد، لەبەرئەوەی خۆیان خواست و ئامانجیان بوو وە پێویستیەكی سەرەكی بوو لەلایان.

خوێنەری خۆشەویست هەموومان پێویستمان بەگۆڕانكاری هەیە لەپێناو:

١- چارەسەركردنی كێشەكانمان جا ئەم كێشەیە سیاسی، كۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری یان شارستانی بێت، چونكە دڵنیایە لەوەی هیچ كێشەیەك بەبێ چارەسەر نییە، بەڵام ئەگەر ئێمە خۆمان لێی ڕانەكەین.

٢- سەلماندنی خود

٣- نەهێشتنی بێزاری لەكار و لە ماڵ لەگەڵ خەڵكدا

٤- بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و دەرخستنی توناو بەهرەكانمان

٥- ڕۆیشتن لە گەڵ گۆڕانكاریە خێراكان

ئەم گۆڕانكاریەش ئەگەر بەرە و حاڵەتێكی باش چوو گۆڕانكارییەكی ئەرێنیە، بەرە و خراپتر هەنگاوت هەڵنا بزانە بەرە و گۆڕانكاری نەرێنی ڕۆیشتوویت.

**گۆڕانكاری سێ پێوەری هەیە واتە تۆ ئەگەر گۆڕانكاریت كرد.**

**یەكەم:** نزیك دەبیتەوە لە خوای گەورە لە خاو خێزانت لە كۆمەڵگەكەت لە تەندروستیەكی باش، لەكاری چاكە لە یارمەتیدانی خەڵك.......هتد

**دووەم:** دووردەبیتەوە لە ئاكاری خراپ، لە برادەری خراپ، لە جگەرەكێشان، لە غەیبەت، لە قسە

هێنان و بردن، لە شەڕ و ئاژاوە.

سێیەم: گەشەو نەشونما دەکەی، ئەویش لەئەنجامی جێبەجێکردنی خاڵی یەکەم ودووەم واتە لە ئەنجامی بەیەک گەیشتنی سالب وموجەب روناکیەك لە تۆوە دروست دەبێت کە ئەویش بریتیە لەوەرگرتنی زانستو بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریتو دەرخستنی تواناو بەهرەکانت، خۆرازاندنەوە بەرەوشتی بەرزو جوان دەرەئەنجامی ژیانت پڕ دەبێت لەبەختەوەری و ئاسودەیی.

جوانترین پێناسەش بۆ بەختەوەری دەستکەوتە، واتە هەریەکێك لەئێمە ئامانجێك بۆخۆی دیاری بکاتو لەپێناو گەیشتنی هەوڵو کۆششی بۆبدات.

خوێنەری خۆشەویست دەستکەوت دووجار لەدایك دەبێت:

یەکەمیان: لەزیهن وخەیاڵمان کاتێ وێنای دەکەین

دووەمیان: کاتێ ئەیکەینە حاڵ و جێبەجێیان دەکەین، ئێمە ئەوشتە جێبەجێدەکەین کە وێنامان کردووە هەروەك گوتراوە: ئەگەر شتێکت نەخستە سەر ئەم دونیایە بزانە خۆت زیادی تێیدا، ئەگەر دەمانەوێ خاوەنی دەستکەوتی مەزن و گەورەبین، نابێ رۆژێك بەسەرمان تێپەڕ بێ کە شتێکمان تێیدا ئەنجام نەدابێ، لە خوێندنەوە و گوێگرتن لە سیدی و بەرنامەی بەسوود، بەشداریکردن لە خولی جۆرا وجۆر و بەشداربوون لەکۆڕو سیمینارات، خۆت بەدووربگرە لە دواخستن و ئەمڕۆ و سبەی کردن، گوێ بەماندوبون و شەونخونی مەدە، ئەوکەسەی یاری تۆپ تۆپێ دەکات لەگەڵ ئەوەی توشی پێکان دەبێت توشی ماندوبون دەبێ سەرباری هەموو ئەوانە لەناخەوە چێژ وەردەگرێ و دڵخۆشە، تۆش کەلەو بوارەی حەزی پێدەکەی خۆت ماندو دەکەی دوای ئەوەی کەبەرهەمەکەی دەبینی زۆر دڵخۆشی هەموو ماندوبوونەکەت بیردەچێتەوە.

بۆیە بەو پەڕی متمانەییەوە پێویستە مەشق وراهێنان لەسەرئەو شتانە بکەین کە ئارەزوی لێدەکەین و دەمانەوێ فێری بین، بە هیچ هەنگاو کارو کردارێك مەڵێ مەحاڵە، مەترسە بێ دوو دڵی و دڵە ڕاوکێ بەرەو ئەوشتە برۆ کەبڕوات پێی هەیە، بەو مانایەی عەیبی تێدانیە کە تۆ شاعیرنەبی، پزیشك نەبی پێشکەش کارێکی باشت لێدەرنەچێ، بەڵکو عەیب لەوەدایە مرۆڤ نەتوانێ توانا و بەهرەکانی خۆی بدۆزێتەوە، کورێکی یۆنانی بیانوو بەهانەی بۆ دایکی دەهێنایەوە کە توانای شەڕکردنی نیە لەگەڵ دوژمن چونکە شمشێرەکەی کورتە، دایکی بەجەرگ وئازا پێی ووت: ئەمە هیچ جێگەی نیگەرانی نیە لەبەرئەوەی شمشێرەکەت کورتە هەنگاوێك زیاتر برۆ پێشەوە.

لەکۆتاییدا خوێنەری خۆشەویست هیچ گۆڕانکاریەك بەبێ ویستو فەرمانی خوای گەورە بەدینایەت، بۆیە لە پێناو گۆڕانکاریەکی ریشەییو گەیشتن بەدەستکەوتە مەزنەکانو ئامانجەکانت:-

یەکەم: ئەبێ پشت بەخوای گەورە ببەستی

دووەم: بەکردار بۆخەون دەستکەوتەکانت برۆی.

سێیەم: إتقانت هەبێ لە کارەکان هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەفەرموێ: (إن الله يحب إذا عمل أحدكم عملا أن يتقنه).

ئیمامی بەیهەقی ریوایەتی کردووە.



# پادشایی و خێزانداری

**دڵپاك غەفور**

ژیان ژیانەو پڕیەتی لە رووداوگەلێك، کە مرۆڤ گەر بیهەوێت دەتوانێت پەندیان لێ وەرگبرێت.

کاتێك کە مناڵ بووم، باوکم بەسەرهاتێکی بۆ گێرامەوە و دەیوت: (پێشینان دەڵێن کە «گەنجێك هاتە لای دانایەك و پێی وت: من حاڵم چۆنە؟ داناکەش وتی: تۆ خێزانداریت؟

– نەخێر.

داناکە دەڵێ: کەوایە ئێستا پادشای بۆ خۆت!.

گەنجەکە رۆیشت، دوای ماوەیەك هاتەوە لای و پێی گوت: ئێستا چۆنم؟

ئەویش گوتی: ئێستا وەك خەڵکی ئاساییت، چوویتەتە ریزی عامەوە.

بەڵێ؛ گەنجەکە لەو خێزاندار بووبوو. دوای بیستنی ئەم وتانەش لە داناکە، ژنەکەی وازی لێهێناو تووڕە بوو. دوای ماوەیەکی تر هاتەوە لای داناکە:

ئێستا چۆنم؟

– ئێستا لە عامە (خەڵکی ئاسایی) کەمتری!».

مەبەست لێرە ئەوەیە، کە تەمەنی گەنجێتی چی بۆ کوڕ یان کچ وەك پاداشایەتی وایە. پێکهێنانی خێزانیش وات لێدەکات بە ئاسایی بژیت و ببیتە بەشێك لە کۆمەڵگا».

# تۆڕی دەروازەی چاکە

## بۆ بانگەواز و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی



هەرێمی کوردستان / عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

اقليم كوردستان/ العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية

Department of NGOs

ژمارە: ٢٨٩٠ . ت
بەروار: ٧ / ٣ / ٢٠١٦

بەڵگەنامەی تۆمار

لەژێر ڕۆشنایی هەردوو ماددەی (٤ و ١١) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١، تایبەت بەڕێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمی کوردستان، بەبوونی مەرجە یاساییەکان لەداواکاری تۆمارکردن، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە تۆمارکردنی (تۆڕی دەروازەی چاکە بۆ بانگەواز و هۆشیاری کۆمەڵایەتی/ DNCS)

ئەگردە محەمەد جەمۆ
سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

www.krgngo.org

### پێناسە:

تۆڕێکی ناحکومیی خۆبەخشە، هەوڵدەدات پەرەبدات بە بواری پەروەردەو بانگەوازو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردیی لەپێناو دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر، بەتایبەت پەرە بە توانای لاوان بدات بۆئەوەی بتوانن ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبێت لە پێشخستنی گەل و نیشتیمان.

### شوێنی کارکردن:

هەرێمی کوردستان.

پێکهاتە:

ئەم تۆرە لەم ڕێکخراوانەی خوارەوە پێکهاتووە:

١- ڕێکخراوی چاکە بۆ پەرەپیدانی کۆمەڵایەتی.

٢- ڕێکخراوی ابن ادم بۆ هۆشیاریی بانگەواز.

٣- ڕێکخراوی ئاڵای سپی.

٤- ڕێکخراوی حیکمە بۆ پەروەردەو رۆشنبیریی.

٥- ڕێکخراوی حراء.

٦- ڕێکخراوی عادیلەخان.

٧- ڕێکخراوی ئاراستەی دروست بۆ هزری هاوسەنگ.

### ئامانجەکان:

* ئەنجامدانی پرۆسەی بانگخوازیی میانرەو.

* پاراستنی هاوسەنگی لە دیدو تێڕوانین وبەرنامەدا.

* کارکردن لەسەر نەهێشتنی دیاردەی تیرۆرو بیری توندڕەوی لە ژێر هەر لافیتەو ناوێکدا بێت (ئاینی، نەتەوایەتی، مەزهەبی...... هتد).

* هاوکاری کردن و دۆستایەتی کردنی هەموو ڕەوت و لایەنێك لەسەر بنەمای بەرژەوەندیە باڵاکانی دین و ژینی خەڵکی کوردستان.

* بایەخدان بەکاری کۆمەڵایەتی وپەتەوکردنی پایەکانی خێزان و کارکردن بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی هاوسەرگیری و بەهاناوە چوونی هاووڵاتیان.

* کردنەوەی چادرگا بۆ گەنجان بەمەبەستی پەروەردەو ڕاهێنانیان.

* بایەخدان بە ڕۆشنبیریی ئیسلامی هاوچەرخ و لێبووردەیی ئایینی هاوسەنگ و چەسپاندنی بنەماکانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی.

* پێگەیاندنی بانگخوازو پێشکەشکردنی شێوازێکی نوێی کاری پەروەردەو بانگەواز.

* هەماهەنگی لەگەڵ هەموو ئەو ڕێکخراوو کەسایەتیانەی دەیانەوێت خزمەت بە ئیسلام و خەڵکی کوردستان بکەن.

* کردنەوەی خولی پەروەردەیی بۆ بانگخوازان لە بوارە ڕۆشنبیری و زانستیەکاندا.

* پێشکەشکردنی پرۆژە و وانەی پەروەردەیی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا.

* فێرکردن و پێ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزو زانستەکانی و سازدانی پێشبڕکێ لەو بوارەدا.

# میکانیـــــزمی کار

١- سازدانی کۆنفرانس و کۆڕو سیمینارو خولی راهێنان.

٢- دەرکردنی گۆڤارو کتێب و بڵاوکراوەو سیدیو... تاد.

٣- کارکردن بە میدیای (بینراو و بیستراو و خوێندراوو ئەلەکترۆنی).

٤- کردنەوەی کەناڵی رادیۆو تەلەفزیۆن.

٥- ئەنجامدانی چالاکی هونەریی و وەرزشی.

٦- وتنەوەی وانەی کەسیی و گشتی.

٧- سوود وەرگرتن لە میکانیزمی گونجاو.


هەرێمی کوردستان / عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان

اقليم كوردستان/ العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية

Department of NGOs

ژمارە: ٢١٥٨
بەروار: ٧ / ٣ / ٢٠١٦

بروانامەی تۆمار

بەکۆدی (٢٨٩٠١ - ت) لەژێر رۆشنایی هەردوو ماددەی (٤ و ١١) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ی پەرلەمانی کوردستان، تایبەت بەرێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمی کوردستان، بەبوونی مەرجە یاساییەکان لەداواکاری تۆمارکردن، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە تۆمارکردنی (تۆڕی دەروازەی چاکە بۆ بانگەواز و هۆشیاری کۆمەڵایەتی/DNCS )

أكرم محمد جمو
سەرۆکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان

وێنەیەك بۆ:
- ئەرشیفی تۆمار
- خولاو

www.krgngo.org
info@krgngo.org

Kurdistan Region-Erbil
Phone +9647508110808


## پـــەیوەنـــــدی:

khairgateway@gmail.com
www.facebook.com/khairgateway
00964 7501138086
00964 7701555495
00964 7701925682



# TV

د. هەڵگورد فتح الله احمد

ئەم کورتکراوەیە واتای ئامێری تەلەفزیۆن دەگەیەنێت، ئەم ئامێرەی بچوك وگەورەی ئەم وولاتە دەیناسن، خەڵکانێکی زۆر پێوەی ئالۆدەبوونە.

باوك شەو دێتەوە ماڵ، لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ مناڵەکانی بێت.

-بێدەنگ کەس قسە نەکات، هەرچەندە شەکەت بیت بەڵام بۆ تەلەفزیۆن شەکەتی پێی لادەچێ، کەچی ئامادە نیە وەڵامی مناڵەکانی بداتەوە.

دایك کۆرپەی باوەشی بیرچۆتەوە، پارچەی جگەری لە باوەشی دەگری ئاگای لێی نیە.

-ئۆی...... بێدەنگ بە نایەڵی گوێ لەم بەرنامەیە بگرم.

کارمەندو دوکاندار گشتیان لەکاتی کارکردن ئامادەنیە وەڵامی سەردانیکەرەکەی(مراجع) بداتەوە، چونکە لەگەڵ دەریای هزرەکانی تەلەفزیۆن بەقوڵداچووە.

پزیشکی ئێشکگر لە ژووری ئێشکگری لە نەخۆشخانە ئامادەنیە زنجیرە فلیمەکەی لە دەست بچێ گرنگ نیە با نەخۆش ژانی هەبێت.

-برۆ کاکە دوایی دێم......

میوان وسەردانیکردن هەر باوی نەماوە لەبەر سەیرکردنی تەلەفزیۆن.

جا کە دەچیە میوانی، نەمیوان ونە خاوەن ماڵ بەری سەری خۆیان نیە دووقسە لەگەڵ یەکتری بکەن، چی یە؟ بەدیار زنجیرەیەکەوەن، تەنانەت زۆرانێك لە مۆبایلەکەی، ناو ئۆتۆمبێل وشوێنی تریش سەیری تەلەفزیۆن دەکەن. ئەم دەردە هەر لێرە وانیە بەڵکو سەراپایی کەشکەڵانی ئەم سەر زەمینەی تەنیوەتەوە. بەڕاستی شیرازەی خێزان وپەیوەندی کۆمەڵایەتی لاوازکردوە. هەرچەندە سوودی هەیە، چەکێکی دووسەرەیە، بەهەردوولایەنە بەکاردێ. دەتوانرێ کەڵکێکی زۆری هەبێ لەولاشەوە زیانێکی زۆر، بۆتە بازاڕێکی گەرم بۆ بڵاوکردنەوەی ڕیکلام رەشت بۆ دەکا بەسپی، ڕای خەڵکی دەگۆڕێت، سەرباری نیشاندانی ئافرەت ، کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەدات.

واتای خۆی Television= TV

بەڵام دەتوانین بڵێین واتا ژەهراوی کردنی کات

TV= Time Virulence



# سەرەتا لە خۆتەوە دەست پێ بکە

سومەییە هەڵەبجەیی

ئایـا دەتەوێت ناخی خـۆت و ژیانت بگۆڕیت و؟ ئەوانەش بەرەو باشتر بگۆڕیت کە لە دەورو بەرتن و پەیوەندیان بە تۆوە هەیە؟

بەڵام ئەگەر سەرەتا تۆ نەگۆڕێیت، چی دەگۆڕێـت؟ کێ دەگۆڕێت؟ دڵ شـكاوەکان، کەسە دۆڕاو و بەجێماوەکان؟ یان ئەوانەی کە سەرکەوتوون؟ یان کێ؟. چەندین کەس لە ئێمـە هەن زیندوون بـەڵام بەکردەوە مردوون، چەندین کەسـیش هەن مردوون و لەگـۆڕدان، بەڵام بە کـردەوە زیندوون. ئایـا تۆ دەتوانیت لەو ڕێژە کەمە بیت کە خاوەن ورەی بەرز و شەیدای پلەی بەرزن و، خاوەنی بەڵێنی ڕاستن؟ کە بە کاروباری هیچ و کەم بایەخ و بەڵێنە لەناو چووەکان ڕازی نین و نابن؟

دەمەوێت هەندێك شتتان بیربخەمەوە، تەنانـەت خەریکە چۆنیەتی ژیانکردنیش لەبیر دەکەین!. پێویسـتە ئەوەمان لەبیر نەچێـت کە بەبـێ پـەرۆش و نارەحەت بـوون، تامی سـەرکە،وتن ناکەین. بۆ یەك سـاتیش دوامەکـەوە و بەجـێ مەمێنە، چونکە دواکەوتن لە ڕەوشتی دۆڕاو شکست خواردووەکانـە. پەلە بکە بـۆ گۆڕانکاری و چاکترکردنی ژیانت.

باڵندە بە دوو باڵ دەفڕێت و
مرۆڤیش بـە ورەو هیممەتیـەوە
(ئەحمەد شەوقی)

بۆیـە خـاوەن هیممەتـی بـەرز، قورسـییەکان بـە سـوکی و مەحـاڵ بە سـاناییەوە دەبینێـت و، بـە باوەڕبـوون بەهێـزو توانـای خـوداوە دەردەچێـت، دەشـزانێت ئەگەر شتێکی دروست بۆ دنیا زیاد نەکات، ئەوا بۆ خۆی لە دنیادا دەبێت بە شتێکی زیادە.

خوای گەورە دەفەرموێت: {وَسَارِعُوا إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ } آل عمران:١٣٣

واتا: ئەی موسـوڵمانینە! پێشدەسـتی بکەن و بەپەلە کردەوەی باش بکەن و زوو دەسـت بدەنە کاری خێر. ئەو بەهەشـتە دەسـت خۆتان بخەن کە زۆر گەورەو بەر بـڵاوە بەقـەدەر ئـەرزو ئاسـمانەکانەوە ئامادەکراوە بۆ ئەوانەی لە خودای خۆیان ئەترسـن و نزیکی گوناه و نـا فەرمانیی خـودا ناکەونەوە. (خوڵاصەی تەفسـیری نامی).

ئەو سەردەمەی ئێسـتا تیایدا دەژین، سـەردەمی کەسـە زل و هەڵکەوتووەکانە، ئەگـەر ئەوەی لـە توانامانـدایە نەیکەین، ئەوا بەیەکجاری پێشـمان دەکەون و، ئێمە بە کورتە باڵا دەبینن و ناتوانین بیانگەینێ تا لەگەڵیاندا سەرکەوین، تا وای لێدێت بە قاچە زلەکانیان بەسەرمان دەکەون.

هیچ پێویسـت ناکات ئەوانەی جیاوازی لە ژیانیاندا دروسـت دەکەن ئەوانە بن کە خاوەن بڕوانامەی زیاترن یان خاوەن پارەو سـامانی زۆرترن.. ئەو کەسانەی جیاوازی دروسـت دەکـەن ئەوانـەن کەمانـدوو و شـەکەتن لە کاتێکدا خەڵکی لە پشـوودان و کار ناکـەن، کاردەکـەن کاتێـك خەڵکی ماندوو دەبـن، ئەو کاتەی خەڵك بە یاری و گاڵتەوە خەریکن ئەوان ڕەنج دەکێشـن و خـۆ بەخـت دەکـەن، هـەل و دەرفەت دەدۆزنەوە و دەسـتی دەخـەن ئەو کاتەی خەڵکـی ونی دەکەن و لە دەسـتی دەدەن، کێبڕکێ دەکەن ئەوکاتەی خەڵکی تەمبەڵی دەکەن، هەروەها ئەوانە ئەو کەسـانەن کە جیاوازی لە کەسانی تریش دروست دەکەن، چونکـە تەنها بیر لە خۆیـان ناکەنەوە و تەنها گرنگی بەکاروباری کەسـێتی خۆیان نادەن، خۆشەویسـتی و خواست و بایەخ و چاودێـری و خزمەتیـان تەنها بۆ خۆیان نییـە، بەڵکو بۆ هەمـوو کۆمەڵگاکەیان و نیشتیمانەکەیان و کەس و کاریشیانە.

ژیان زنجیرەیەکە لەو هەڵبژاردانەی کە خودا پێی بەخشیوین، پێویستە چۆنیەتی ژیانکردنمـان فێربووبین. چارەنووسـیش ئـەو ڕێگایەیـە کـە هەڵیدەبژێرین بۆ نەفسـی خۆمان و ڕازیبـوون بە قەدەری خـوای گـەورە، دروسـترین ڕێگایـە بۆ ئـەوەی بە شـێوەیەکی ڕێك و پێك تیایدا درێـژە بـە ژیانمان بدەیـن. وە بە هەوڵ و ماندووبـوون و ئارەق ڕشـتنی زیاتر و دڵسـۆزی و راسـتگۆیی و یارمەتی خوا بە دەسـتی دەهێنین، پاشـان دەتوانین ژیانی خۆشمانی پێ بگۆڕین بۆ باشتر.

دەتوانیت بەبـێ سنور ئەوەی حەزی پێ دەکەیت بیخەیتە خەیاڵ و ئەندێشەتەوە، بەبێ بەربەسـت خـەوی پێـوە ببینین، بەمەرجێکیش هەوڵـی زۆر بدەیـت و کۆڵنەدەیت، دەتوانیت بیکەیت بە واقیع و بە دەستی بهێنیت. دەی هەموو تواناکانت کۆبکـەرەوە بۆ گەیشـتن بـە خەونەکانت، لەوانەشـە جیهان پێت بڵێت تۆ ناتوانیت و بـێ توانایت، بـەڵام بە قەناعەتی خۆت و توانـاو بەهرەکانـت و یارمەتـی خودا، دەتوانیت لە خۆتەوە دەسـتپێبکەیت و بە جیهانی بڵێت کە تۆش دەتوانیت.

# پادشای دڵم

ڕەیان ئەحمەد وەرتی

هەر ئەوە پادشای دڵم، هەر ئەوە دەرمانی دەردەکانم.. کاتێ دڵم توندە، خەمەکانم هەر بۆ ئەو باس دەکەم، لە هەموو شوێنێك و هەموو کاتێکدا بیرم لای ئەوە، هەمیشە هەوڵم داوەو دەیدەم کە منی خۆش بوێت و لێم ڕازی بێت، کە گرفت و کێشەیەکم هەیەو بۆم چارە ناکرێت، ئەو هەردەم بۆی چارە کردووم و بۆشم چارە دەکات. بەڕاستی لە ڕادەبەدەر خۆشم دەوێت، دڵنیام ئەویش ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کە ئەویان خۆش دەوێت. هەمیشە وام لێ دەکات لەبەردەم ئازارو خەمەکاندا بەهێزبم و ئارامیم پێ دەبەخشێت. کاتێك هەڵەیەك دەکەم ئەو لێم دەبووری، چونکە بەزەیی و لێبووردەیی ئەو زۆر لە تاوانەکانی من گەورەترە! من عاشقی ئەوم، چونکە تەنها کەسێکە کە دڵنیام هیچ کات پشتم تێناکات، تەنها کەسێکە کە هەمیشە کاتی هەیە بۆم! هەرگیز پێم ناڵێ با بەس بێت. ئەوکاتانەی کە دڵم توندە بە یادی ئەو دڵم دەکرێتەوە، کاتێ بیر لەو دەکەمەوە وا دەزانم گەنجینەی هەموو جیهانم و زۆر بەختەوەرم، هەمیشە سوپاسی دەکەم لە سەر ئەوەی ئەوم ناسیوەو هەمیشە لەگەڵمە، تامی شیرینی ژیانم بێ ئەو ناچێژم، بێ یادکردنی ئەو ژیان چ تامی نیە. جاری وا هەبووە کە داوای شتێکم لێی کردووە، پاش چەند ساتێك بۆی بەدیهێناوم، ئەمەش هەمیشە خۆشەویستی ئەوم لا زیاد دەکات.

نازانم، ئەو کەسانەی کە تا ئێستا هەست بەبوونی ئەو ناکەن و گوێ لەو ڕاناگرن، چ جۆرە ژینێکیان هەیە! ژیان بەردەوامەو، مانادارە، بەڵام بەبێ بوونی ئیشقی ئەو لە دڵەکانمانا، هیچ مانایەکی بۆ نامێنێتەوە. ئەی کەسی بێ کەسان، ئەی شای شایان، ڕۆشنکەرەوەی ژین، خۆشەویستەکەم! ناتوانم خۆشەویستیم بۆ تۆ دەرببڕم لەم چەند دێڕەدا، چونکە منی بەندەی لاواز ناتوانم ئەو مافەی پێ بدەم، تەنها دەمەوێ زۆرت سوپاس بکەم بۆ هەموو ئەو شتانەی بۆت کردووم، بۆ هەموو بەخششەکانت، هەتا دەمرم قەرزاری تۆم، لە تۆ سوپاسگوزارم.

ئەو کاتانەی دەگریم، ئەو وەڵامی فرمێسك و پاڕانەوەکانم دەداتەوە، هەر ئەو خودایەی کە هێشتا نەمدیتووە ئەوەندەم خۆش دەوێ، زۆر تامەزرۆی دیتنی ئەوم. ئەی هۆکاری بەختەوەریم، لە ژیانمدا تاکە ئامانجم ڕازیکردنی تۆیە، ئیتر هەرچی تر هەیە لە دوای ئەمەوە دێت!

دەسا پەروەرێنەکەم؛ ئەی پادشای دڵەکەم، ئەی میهرەبان! تکایە دڵەکانمان تێر ئاو بکە بە خۆشەویستی خۆت، وا بکە ئەو خۆشەویستییەت بۆ هەمیشە بمێنێتەوە لە نێو دڵماندا.



# پەیامەکانی مرۆڤ

دیار بەکر

مرۆڤ وەك بەهێزترین بونەوەری ئەم هەسارەیە و بەرزترین بەدیهێنراو، پاش ئەوەی بە فەرمانی پەروەردگار کرایە جێنشین، هەمان کات تەواوی پێداویستیو ئامرازەکانی لە روی مادیو مەعنەویەوە بۆ فەرهەم کرا تاوەکو بتوانێت بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدات.

بەشێك لەو ئامرازانەش بریتین لە بەخشینی کۆمەڵێك هەستەوەری گرنگ. کە بەشێکیان بریتین لە هەستکردنی مرۆڤ لەو روداوانەی لە ژیاندا رودەدەن ، بەشێکی دیکە بریتین لە هۆکار گەلێك کە لە رێیانەوە مرۆڤ هەڵوێست و کاردانەوەکانی بەرامبەر بارودۆخە ئەرێنی و نەرێنیەکان دەخاتە روو بە شێوەیەکی رێکخراو ئەمەش بە پەیام ناوزەند دەکرێت ، ئێمەش بە پێی تواناو دونیا بینینمان بەخێرایی تیشکێك دەخەینە سەر بابەتەکە.

ئاشکرایە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بونەوەرێکی ئاڵۆز و فرە ویستە ، بە واتایەکی دیکە مرۆڤ هەر لە سەرەتای ساتەکانی تەمەنیەوە لە بەرامبەر هەر روداوێك ئارەزوو مەندە بە دەنگ و رەنگی خۆی بەشدار بێت لە هۆکار یاخود چارەسەری روداوەکەدا، جا پەیوەندی راستەوخۆی هەبێت بە مرۆڤەکەوە یاخود نا ، وە لەهەمان کاتدا مرۆڤ دەیەوێت تەواوی نهێنیەکانی ژیان بزانێت و بۆ هەموو پرسێك قسەی تایبەتی خۆی هەیە ، کە هەندێك جار ئەم پرسانەش رەنگە لە ئاست تواناو زانیاری مرۆڤەکەشدا نەبێت ، بەڵام ئەم بەهەر نرخێك خۆی دەگەیەنێت بە ناوەرۆکی بابەتەکە کە هەندێ کات لەوانەیە ئەم سوربونە شی ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە خودی مرۆڤەکە ، لەم



بارەیشەوە خودای گەورە دەفەرموێت ( وكـان الانـسـان اكـبـر شـىء جـدلا ) بە واتای مرۆڤ لەسەر هەموو شتێك گفتوگۆ دەكـات و لێی دەكۆڵێتەوە. هـەمـوو ئـەم جـمـوجـوڵ و قوڵبونەوانەی مرۆڤیش لە ڕێگەی پـەیـامـەكـانـیـەوە دەخـرێـنـە روو. كەواتە بەرێزان لێرەوە دەتوانین بڵێین خستنە روو یاخود گەیاندنی پەیامە جۆراوجۆرەكان لە لایەن مرۆڤەوە تەواو سروشتین و هیچ ئاینێك یاخود هیچ كۆمەڵگەو كلتورێكی دونیا ڕێگر نین لە پەیامداری مرۆڤەكان ، بە پێچەوانەوە هەر مرۆڤێك خاوەن ڕوانگەی تایبەتی خۆی نەبێت و كەسێكی پەیامدار نەبێت ئـەوا بە مرۆڤێكی نـاتـەواوو نـەخـۆش و شوێـنـكـەوتـەی كەسانی دیكە ئەژمار دەكرێت، ئەمەش خۆی لـە خـۆیـدا مـرد ن یـاخـود ونبونی كـەسـەكـەیـە لـەسـەر شـانـۆی ژیـان. كەواتە گەیشتینە ئەو ڕاستیەیی كە دەبێت هەموو مرڤێك پەیامدار بێت بەڵام ئەوەی گرنگە جۆری پەیامەكەو ساتی خستنە روی پـەیـامـەكـەیـە ، چونكە دەبێت ئـەوە لەبیر نەكەین كـە گـەیـانـدنـی پەیامەكانیش وەك تـەواوی بوارەكانی دیكە پێویستییان بـە ڕێكخستنە، ئـەمـەش چـۆن دێتە دی؟ چـۆن دەتـوانـیـن پەیامێكی دروست و شیاو و بەهێز و ئامانجدار بگـەیـەنـیـن بـە بـەرامـبـەرەكـانـمـان. یاخود بە لایەنیكی دیاریكراو هەروەك باسمان كرد ئیمە بە درێژایی ژیان روبـەڕوی جۆرەها ڕوداووهەڵوێستی جیاواز دەبینەوە، بەهۆی بەركەوتن و ئاوێتە بوون لەگەڵ توێژە كۆمەڵایەتیە جـیـاوازەكـانـی كـۆمـەڵـگـا، هـەر بۆیە پێویستە سـەرەتـا خوێندنەوەیكی گشتگیرو زانـسـتـیـانـەو دروسـت بۆ بابەتەكە بكەین و بە پێی پێویست گوێ بۆ بەرامبەرەكانمان بگرین و بۆ هەر یەكە لەو هەنگاوانەی گیراونەتە بەر لە بەرامبەرماندا هـەوڵ بدەین هۆكارو پاڵنەرەكانی بزانین ، بۆ ئەوەی بگەینە ڕاستی تەواو لەسەر بابەتەكە، هـەڵـبـەت ئـەمـەش تەنها لـە ڕێگەی كەسی بەرامبەرمانەوە نەوەكو كەسی سێیەمەوە، چونكە ئەو كات بەشێكی زۆر لە ڕاستیەكان ون دەبن، دواجار ئـەمـەش كـاریـگـەری دەبـێـت لەسەر هەڵوێست و پەیامەكانمان، دواتر و لە پاش شەن و كەوكردنی بابەتەكە دەبێت هەڵوێستی كۆتایی خۆمان بخەینە ڕوو، ئەویش بریتیە لە گەیاندنی پەیامەكان. لـێـرەدا دەبـێـت ڕەچــاوی كۆمەڵێك بـابـەتـی هـەسـتـیـار بـكـەیـن لـەوانـە دەبێت پەیامەكە لە ناخی خۆمانەوە هەڵقوڵابن و لە گەڵ باوەڕ و فەلسەفەی تایبەتی خۆمان كە هەمان بوو بۆ ژیان هاوتەریب بن لە هەمان كاتدا دەبێت پەیامەكانمان ئامانجدار و ڕون بێت و هـەروەهـا دژی هیچ جـۆرە توێژو بیروباوەڕێكی دیاریكراو نەبێت لە كۆمەڵگادا، هەروەها بەهان شێوە گرنگە لە ساتی دەربڕینی پەیامەكاندا ڕەچاوی كەسایەتی و رابـردوی خۆمان بكەین، چونكە بێگومان ئاستی كەسایەتی هـەر مـرۆڤـێـك وابـەسـتـە بـە جـۆری پەیام و دەربڕینەكانیەوە، لە لایەكی دیكەشەوە دەبێت هەر كات پەیامێكی دیاریكراومان هەبوو دوور بڕوانین و داهاتومان لە پێش چاو بێت ، چونكە هەموو پەیامێك دواجار دەبێتە بەشێك لە مێژوی كەسەكە ، هەر بۆیە دەبێت بە بەپرسیارێتیەوە مامەڵە بكەین، بۆ ئـەوەی سبەی شەرمەندەی هەڵوێست و بـڕیـارەكـانـی ئـەو مـرۆڤـە نەبین. لە دونیای ئەمڕۆماندا دەبینین ئەو مرۆڤانەی كار بەم پرەنسیپە گرنگانە دەكەن بێ شك مرۆڤانێكی سەركەوتوو و دره‌وشاوەو بەهێز و خاوەن پێگەن لـە هـەمـوو ئـاسـتـە جـیـاوازەكـانـدا. لە كۆتاییدا دەڵێین هـەر مرۆڤێك گەر بیەوێت كۆمەڵگا نرخ بۆ بۆچون و پـەیـامـەكـانـی دابـنـێـت پێویستە سـەرەتـا لـە چۆنـیـەتـی دەربـڕیـن و شـێـوازەكـانـی بـكـاتـەوە دواتــر بە جوانترین شێوەو بەو پـەڕی متمانە بە خۆ بونەوە بڕوات نمایشیان بكات. ئـەگـەر نـا كـۆمـەڵـگا تـــەواوی بیرو بۆچونەكانی ئەگەر چی گرنگیش بن لە بۆڵە بۆڵێك زیاتر پێناسەیان ناكات.

**ئاشـكرایە مــرۆڤ بــە سروشـتـی خــۆی بونەوەرێكی ئاڵۆز و فرە ویستە، بە واتایەكی دیكە مرۆڤ هەر لە سەرەتای ســاتەكانی تەمەنـیـەوە لــە بەرامبەر هەر ڕوداوێك ئارەزوو مەنــدە بـــە دەنــگ و ڕەنگی خۆی بەشــدار بێت لە هۆكار یاخود چارەسەری ڕوداوەكەدا، جــا پەیوەندی ڕاســتەوخۆی هەبێت بە مرۆڤەكەوە یاخود نا، وە لەهەمــان كاتدا مرۆڤ دەیەوێــت تەواوی نهێنیەكانی ژیــان بزانێــت و بــۆ هەموو پرســێك قسەی تایبەتی خۆی هەیە**



# بمبورە نیشتیمان

سۆزان ئەحمەد

" ئێرە دۆزەخە، یان دەبێت بەجێی بهێڵیت، یان رازی بیت تا ماوی ئاگری ناعەدالەتی بتسوتێنێت!"

گەنجێك بە دەم خەیاڵی کۆچکردنو جێهێشتنی نیشتیمانەکەی هەمیشە ئەم وتەیە لە ناخی خۆیدا دەڵێتەوە. ئەی هاوار چ دونیایەکە، چ خەراباتێکە! هۆ خەڵکینە خۆ دەبینن، کاروانی کۆچی رۆڵەکانی ئەم نیشتیمانە، خۆ دەبیستن دەنگی لەناوچون و شکانی هیواو ئومێدی گەنجانە لەم مەملەکەتە، دە پێم بڵێن چۆن نیشتیمان دەبێت بە دۆزەخ، چۆن زێدی باوك و خاكی وڵاتو زمانی دایك حاشای لێدەکرێ،بە چ جۆرێك لە ژێر ئاڵای نیشتیمانو بە سنوری وڵات دا کۆچی بەلێشاوی گەنجان تێدەپەڕێت و هەموو لایەکیش بێباکانە لێی دەڕوانن!.

تەنیا دایکێك فرمێسك دەڕێژێتو دەڵێ رۆڵە بۆ کوێ دەڕۆی، دیارە بۆ بەهەشتێکە، کە لەم دۆزەخە رادەکات! دایکێکی تریش بۆ تەرمی رۆڵەکەی دەگری کە لە جەنگی ماڵوێرانییەوە بۆ باوەشی نیشتیمان گەڕاوەتەوە.

بمبورە نیشتیمانم بەجێت دێڵم، کۆچم باشترە نەوەك ئێستا لە پێناو تۆدا شەهید ببم و سبەی کوڕەکەم لە داخی کاربەدەستانی تۆ رابکات، یان لە رێگا ئاوی دەریا قوتی بدات، یان شاخ و دوڵێك قاچی بترازێنێ و لە ناوی ببات، یاخود بۆ گەیشتن بە هیواکانی لە وڵاتی بێگانە ئارەقی زەحمەتکێشی بسڕێت. گەنجێ تریش حەسرەتی نەبونی کارو بێپارەیی، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ژیانی خێزانەکەی بەرەو کۆچی بردووە.

یەکێکی دی هاتە گۆ "لەم وڵاتە هەتا دەگەیت بە ژیانێکی باش پیر دەبیت، ئەو کات بۆچیمە ژیان، هەتا گەنجم دەمەوێت باش بژیم و ئاواتەکانم بەدیبێنن". لاوێك کە روخساری پڕە لە هیوا چاوەکانی ئومێدی زۆریان لێدەچۆڕێت، مێشك و بیرکردنەوەی قوتابخانەیەك داهێنان و زانستی لە خۆیدا هەڵگرتووە و دەستەکانیشی نەخش و بەهرەی چەندین کاری جوان و تازەی تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام وەك خۆی دەڵێت بەچی دەچێت و چیم پێدەکرێت لەم وڵاتە. ئەفلاتون وتەنی: تەنها لە سایەی رژێمێکی لەبارو باشدا مرۆڤی باشمان بۆ بەرهەمدێت.

یەکێکی دی لەو کاروانە گەنجێکە کزومات و شێواوە، وەك بڵێی ئەم رێگایەی لە ناچاریدا گرتۆتە بەر، سەفەری ئەو بۆ خۆشی ژیان و پارەو ئارەزووەکانی نییە، ئەو نە دۆزەخی نیشتیمان و نە بەهەشتی تاراوگە وای لێنەکردووە جانتای سەفەر هەڵگرێ و باوەش بە رێگایەدا بکات کە رێی مان و

نەمانە، ئەو بارودۆخی خراپی خێزانی و کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و کۆت و بەندی کۆمەڵگاو قسەو زمانی خەڵکی نەزان و کەم هۆشیاری تەواو بێزاری کردووە، پێی وایە ژیان لێرە بارو کۆڵێکی قورس و گرانە، ئەوەندەی بۆ ئەوانی تر دەژین بۆ خۆمان ناژین، لێرە هەمووکەسێك خاوەنی تۆیە بەڵام خۆت خاوەنی خۆت نیت، لێرە بە ئاسانی دڵی مرۆڤێك دەشکێت و هیچ کەسێکیش گوێبیستی نییە، کەسایەتییەك لەناو دەبرێت و بێ بەهاو بێنرخ سەیر دەکرێت، چەندین خولیاو ئاوات لە گۆڕ دەنرێت بۆ لە دایکبونی خولیای یەکێك.

سەدان مرۆڤ لەناودەچن بۆ مانەوەی هەندێکی کەم، ورگی هەندێك پڕدەکرێت و دڵی چەندانی تریش خاڵی دەکرێت لە خۆشی ژیان، بیناکان بەرز دەکرێنەوەو هەژارێکیش لە ژێر لانە قوڕینەیەکدا ئاخ و حەسرەت دەکێشێت، زۆربەی لاوانی ئەم نیشتیمانە سەفەری دوریان تەنیا پیاسەی ئێوارانی جادەکانی شارە، لەگەڵ برادەرە بێکارو بێ هیواکانی، هەوڵماندا چەندین ساڵ تا هیوایەك دروستبوو، بەڵام بە ئاسانی لە ناوچوو، دە پێم بڵێن چۆن چۆنی بژیم لێرە، گەنجی ئێرە گەنج نییەو منداڵی ئێرەش منداڵ نییەو، هەر بە منداڵی دەبین بە گەنج و بە گەنجیش پیر دەکرێین، کاتێکیش پیر دەبین ئاورێك بۆ تەمەنی رابردوومان دەدەینەوە و هەزاران هەناسەی قوڵی پڕ لە داخ و حەسرەت بۆ خولیاکانی گەنجیمان هەڵدەکێشین.

لێرە گەورەکان بە بیانوی گەورەییان بێویژدانی و ستەمی زۆریان بۆخۆیان حەڵاڵ کردووە، مافی بوون و نەبونی بچوکەکانیان بۆخۆیان وەدەست خستووە، هەرکاتێك بیانەوێت هەبن و ئەو کاتەش نەیانویست نابێت هەبن، وجودت لەناو دەبەن و بە ئاسانی ناچارت دەکەن بژیت، کاتێك بۆ ویستەکانی خۆیان تۆ دەکوژن، ناخت وێران دەکەن و خودی خۆتت لێدەستێنن، لێرە نەك هیوا دروست نابێت بەڵکو ئەوەی هەشە نامێنێت.

زۆر بەداخم بۆ گەنجانی نیشتیمانم، زۆر بەداخم بۆ نیشتیمانم، نە دەتوانم سەیری ئەو چاوانە بکەم کە بۆ ژیان دەگرین و بۆ مردنیش زەردەخەنە دەکەن، ناشتوانم سەرم داخەم و سەیری خاکی بەرپێم بکەم و ماڵئاوایی لێبکەم، بمبورە نیشتیمانم.

# با خەونەکانمان گەورەبن

ابراهیم برهان



پێغەمبەرمان (ﷺ) ویستی یەك لەهاوەڵەکانی پاداشت بکات بەهۆی ئەوەی کارێکی گەورەی ئەنجامداوە پێی دەفەرموێ: شتێکم لێ داوابکا بۆتی جێبەجێ بکەم هاوەڵەکەش ووتی: دەمەوێ هاورێ و رفیقت بم لە بەهەشت ئەی پێغەمبەری خوا، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموی : شتێکی تر داوابکا، ئەم هاوەڵە بەرێزە ووتی: نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا لە غەیری هاورێیەتی تۆ هیچی ترم ناوێ پاشان پێغەمبەری خوا پێی فەرموو : یارمەتیم بدە بە زۆر سوجدە بردن.

لێرەدا پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) مەبەستی ئەوە نەبوو کە ئەم پلەیەی بەشیاوی ئەم هاوەڵە نەزانیبێ، نا!!! بەڵکو مەبەستی پێغەمبەرمان ئەوەبوو پێی بڵێ خەونەکەت زۆر گەورەیە کەواتە لەم چیرۆکەدا ئەوە فێردەبین

یەکەم: پێعەمبەر (ﷺ) بۆ هاوەلەکە ڕوون دەکاتەوە کەخەونەکەت زۆر گەورەیە، ئێمەش دەبیچ خەونی گەورەمان هەبێ

دووەم: ئەم هاوەڵە بەرێزەش خەونێکی روون و ئاشکرای هەبوو فەرمووی : لە غەیری هاورێیەتی تۆ هیچی ترم ناوێ.

سێیەم: پاشان پێغەمبەرمان رێگاکەشی نیشان دا فەرمووی یارمەتیم بدە بە زۆر سوجدە بردن.

# ڕازی دڵ

أسما خالید

لـە بیابانی مەعریفەتدا گۆشـەی خـەم خـۆی دەکاتـە هاودەمـم، لە جیهانی عاشـقانا چاوەڕوانی دیدەکان پـەردەکات لـە ئەسـرین، لـە دیوانی ئەوینـەوە ماڵئاوایـی دەهێنـەرێ بـۆ بەهاری عومرم، پەنجەرە خۆی بەروما والآدەکات و لە شوێن شنەبای سەحەر خەم دەبارێنێ بەسەر دڵەی بێنازمدا، لـە ژووری تەنیاییدا خەیاڵم سـەفەر دەکا بـۆ لای ئازیزان، لە تاریکستانا چرایـەکان بـە پەنجە ناسـکۆڵەکان دادەگیرسـێنم، تـا لـە ژێـر بریقەو رووناکـی ئـەودا بە شـعرو رازەکانم تـۆزێ ئازاری رۆحم کەم بکەمەوە، لە کێڵگـەی خۆشەویسـتاندا تەنیا ماوم ودۆسـتانیش کۆچـی بێوادەیان کردە خەڵاتـم، لـە چوارچێـوەی نیگایەکا بـە دیار ئاوێنەکەوە دەوەسـتم، تا لە سـیمای خۆما سیمای هاوڕێکانم بەدی بکـەم، لەم غەریبییەدا گریان شـێوەی روخسـاریان تێکداوم، خونچەتازەکانی سپێدەی نەسـیم نابشکوێن و گوڵیش گەشە ناکات تا دڵمی پێی ئارام وهێمن بێت، لە ژێر گەڵاکانی درەختی بەهار دا تاوێ پشومدا پایزخەزانی بۆهێنام، لـەم گەردونـەدا بـای تـۆزاوی دێت ومەرکانی ژینم دەشـکێنێ، یادگارییە بەهـادارەکان دێنەوە یـادم و دڵۆپەی فرمێسـکەکان بەتینتـر دەکـەن، لە مەملەکەتی عشق وبەرائەتەوە، خەمی بێ کۆتای ماڵی دڵم لە لێواری دەریادا دەنوسـمەوە تـا شـەپۆڵەکانی رووبار ببـن بـە ئاودێرێکی هەمیشـەیی و، وشـە شاراو ونامۆکان لە ئامێزیبگرن و بیرڤێنـن بۆئەبـەدی، غەمەکانـی ئاسـمانی لانەی میهرم دەیانەوێت لە شـەوەزەنگا بەنێو شـەقامەکانی ئەم غوربەتـەدا هەنگاوەکانیـان بنێن بۆ دەشتی مەعشـوق و سمبولی عرفانی، تاکـو جـرۆ ولالـەو یاقـوت بکەنـە ملوانەکـەی گوڵاڵەی هیوایی، فەرشـی دیوەخانە بچکۆڵانەکەم، بە تروسکایی مۆمی تەمەن، رۆشـن بکەنەوە، لەنێو کۆشـکی نەمامـدا هەڵاڵـەو جـرۆو بەیبـون سـەرنج راکێشـم دەکەن بۆ دونیای شـاگوڵ وشاهانە، لە پەرەی سپی بێگەردو تابلۆیە هەڵواسراوەکاندا بـە قەترەیەکی تایبـەت وێنەی باڵی پەپوولـەی نەخشـین دەکێشـم، تـا هەسـت ومحبەتی پاکم بڕوات بۆ لای (ئیلاهی).



# ئامانج چیە؟

بەختیار ئەحمەد

توێژەری دەروونی/ ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرۆیی

ئەڵقەی چوارەم



پێناسەی زۆر و جۆراوجۆر بۆ ئامانج کراوە، بەردەوام بەپێی پێشکەوتنی ژیاری کۆمەڵگاکان پێناسەی ئامانجیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەر تاك و ڕێکخراوو کۆمەڵگایەکیش بەپێی بیرو بۆچوونو بەرژەوەندیەکانی خۆی پێناسەیەکیان بۆ ئامانج داناوە، کورتکردنەوەی پێناسەی ئامانج لەبوارێك یان لەلایەنێکدا واتا دانانی سنورێکە بۆ ژیانو گەشەسەندنو سوڕانەوەیە لەخولگەیەکی داخراودا، بوونی ئامانجی زۆرو جۆراوجۆرو یەك لەدوای یەك ژیان ڕەنگاڵە ترو پڕماناتر دەکات، بەمەرجێك بۆ هەر ئامانجێك پلانو کاتی دیاریکراو هەبێت، بە بۆچوونی ئێمە:

ئامانج:- بریتییە لەو خەونو خولیاو هیواو مەبەستانەی کە هەر تاکێك یان ڕێکخراوو کۆمەڵگەیەك هەیەتیو ئارەزووی دەستەبەرکردنیەتیو بەردەوام هەوڵدەدات بۆ گەیشتن پێی، ئەو ئامانجانە ئایینی بێت کۆمەڵایەتی بێت ئابوری یان سیاسیو زانستیو..... هتد.

هەروەك ئاشکرایە ئامانجەکان زۆرو جۆراوجۆرن بۆنمونە:

- ئەگەر کەسێ هەموو ژیانی تەرخان کردبێ بۆ کاروباری ئاینیو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە ئەوە ئەو کەسە ئامانجی ئایینی هەیە...

- ئەگەر کەسێ هەموو تواناکانی لەبنیاتنانی کارگەیەکی بەرهەمهێندا چڕبکاتەوە ئەوا دیارە ئەو کەسە ئامانجی ئابوریانەی هەیە....

- ئەگەر کەسێ هەموو ئامانجی تەنیا بەدەستهێنانی بڕوانامە بێت بەتەواوکردنی کۆلێژێ یان پەیمانگایەك ئەوا ئامانجی زانستیانەی هەیە ئەگەرچی بەداخەوە لای ئێمە زیاتر

بروانامه ئامانجی ماددی لەپشتەوەیە...

- ئەگەر کەسێك مەبەستی گۆڕانکاریو داهێنان بێت ئەوا دیارە کە ئامانجی نوێگەریو بەرەو پێشچوونی وولاتە یان هەندێ جار بۆ ناوبانگ دەرکردنە..

- ئەگەر کەسێك ئامانجی ئەوە بێ ببێت بە زانا یان گەیشتن بە سەرۆکایەتیو پلەی بەرز ئەوا دیارە کە ئامانجی بەرزو پیرۆزی هەیە کە خزمەت گوزاریو پۆستی باڵای سیاسیو کارگێڕی دەگرێتەوە.

هەموو ئەمانە ئامانجی گرنگن، بەڵام ئەمانە بەیەکەوە ژیانێکی بەختەوەرتر بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکەن نابێت لەپێناوی یەکێکیان ئامانجەکانی تر فەرامۆش بکەین، بەڵکو خاڵی گرنگ ئەوەیە دەبێت هەر ئامانجەو لە کاتو شوێنی خۆیدا کاری بۆ بکەین، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە دەبێت لەو کاتەی سەرقاڵی بەدەستهێنان و کارکردنین لەسەر ئامانجێك هەموو تەرکیزێکمان چڕ بکەینەوە بۆ ئەو ئامانجە، ناکرێ لەیەك کاتدا کار لەسەر چەند ئامانجێك بکرێت چونکە پێگەیشتنیان ئەستەمە، ئەگەر بەدەستیش بێن ڕەنگە ناکامڵ بن و دەروون و ویژدانمان پێیان ئاسوودە نەبێت، هەروەك چۆن ڕاوکردنی چەند نێچیرێك لە یەك کاتدا چ لەلایەن ڕاوچییەوە چ لەلایەن گیانەوەرە درندە گۆشت خۆرەکانەوە بێت واتا نەگەیشتن بەهیچیان!!

بۆ نمونە ئێمە کاتێ ئامانجمان نانخواردنە پێویستە هۆش و بیرمان لەسەرنان خواردنەکە بێت ئەگینا چێژی لێ وەرناگرین و سودیشی کەمتر دەبێت، هەر بۆیە خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

(فَلْيَنْظُرِ الْإِنْسَانُ إِلَى طَعَامِهِ) عبس ٢٤

واتە: ڕامێنن لەو خواردنە بزانن چۆنو لەچی دروستکراوە؟

پێویستە کاتێ دەخوێنین بخوێنین نەك ئاگامان نەلە خوێندن بێت و نەلە وکارانەی تر کە سەرقاڵی کردووین بەداخەوە زۆرێك لە قوتابیانمان لەکاتی خوێندندا سەرقاڵی شتی لاوەکیو کات بەفیڕۆدانن کە ئەمەش دووریان دەخاتەوە لە ئامانجە سەرەکییەکەیان کە خوێندنە....

ئامانج بەهێزترین پاڵنەرە بۆ سەرکەوتن.

ئامانج ئەو پاڵنەرە بەهێزەیە کە وا لەمرۆڤ دەکات هەرگیز ماندووبوون نەناسێت، بەردەوام هاندەری خاوەنەکەیەتی.

ئامانج تاکە داینەمۆی تواناو ووزەکانی مرۆڤە هۆشیارەکانە.

ئامانج یەکەمین هۆکاری بەرەوپێش چوونی تاکو کۆمەڵگەو ژیارەکانە.

هەروەك پێشتر ووتمان مرۆڤی بێ ئامانج وەکو مردوو وایە، بۆچی؟

چونکە مرۆڤێك یان کۆمەڵگەیەك ئامانجی نەبێت ناتوانێت گۆڕانکاری بکات و چێژیش لەژیان وەرناگرێت، ڕۆحی داهێنانی نابێت، هیچ کات هەست بە بەختەوەریش ناکات، چونکە خودی ئامانج فاکتەری گەیشتنە بەلوتکەی کامەرانی...

بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی کە ئایا دەبێت پاڵنەر هەبێت بۆ ئامانج یان هەر ئامانج خۆی پاڵنەرە؟ چەند نمونەیەك دێنینەوە:

بۆ وێنە کاتێ شوفێرێك ئۆتۆمبیل لێ دەخوڕێت بەنیازی چوونە شوێنێك یان ئامانجی پەیداکردنی سەرمایەو بژێوی یان هەرشتێکی تر، ئەوا خودی ئەو ئامانجەی کە کاکی شوفێر لەمێشکی دایە بۆتە پاڵنەر بۆ ڕۆیشتن و خستنەگەڕی ئۆتۆمبیلەکە، کەواتە خودی ئامانجەکە پاڵنەرە بەڵام شوفێرەکە ئۆتۆمبێلەکەی خستۆتە کار، بەهەمان شێوە تۆ کاتێ ئامانجێکت چاندووە لەمێشکتدا ئەو ئامانجە دەبێتە هاندەرو هۆکاری جوڵانی تۆو چالاکت دەکات واتلێدەکات کە بەردەوام هەوڵبدەیت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.

بۆنمونە: قوتابیەك لەقۆناغی شەشەمی ئامادەییە، کاتێ خولیاو ئامانجی ئەوەیە لە کۆلێژێك وەربگیرێت کە لەمێشکیدا چاندوویەتی، ئەو کۆلێژە پزیشکی بێت یان یاسا یان کۆمەڵناسی یان زمان بێت... ئەوا ئەو هیواو ئامانجە دەبێتە هاندەرێکی بەهێز بۆ ئەو قوتابیە کەوا دەکات ئۆتۆمبیلی مێشکی لێ بخوڕێت و کار بکات بۆ گەیشتن بەم ئامانجە.

بەڵام دەبێت ئاگاداربین لەوەی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەپێی یاساکانی هاتووچۆبێت و سەرپێچی یاسای تێدا نەبێت، ئەگەر نا چ لە هێواشی ڕۆشتن و چ لە خێرا ڕۆیشتن بەپێچەوانەی نیشانەو ڕێساکانی هاتووچۆ بڕۆین تووشی گرفت دەبین کەواتە قوتابیش دەبێ ڕەچاوی کۆمەڵێ یاساو لایەنی گرنگ بکات لە کاتی سەعیکردن و خوێندندا، تەنها خستنە گەڕی مێشك گرنگ نیە بەبێ ڕەچاوکردنی هۆکارەکانی کۆششکردن، هەندێ لەوشتانەی قوتابی دەبێت لەبەرچاوی بگرێت ئەوەیەکە:

١- پشوو درێژو خۆڕاگربێت.

٢- متمانەی تەواوی بەخۆی هەبێت و گەشبین بێت.

٣- ئاگاداری جۆرو شێوازەکانی خواردن بێت.

٤- بەرنامەی هەبێت بۆ خەوو کاتەکانی پشوو.

٥- بەرنامە ڕێژی بکات بۆ دابەشکردنی کاتی سەعی.

٦- زاڵبێت بەسەر گرفتەکانی خودی و دەرەکیدا.

ئەمانەو چەندان شێوازو ڕێگای جۆراوجۆر هەیە بۆ بەرنامەڕێژیەکی دروست بۆ گەیشتن بەئامانج.....

دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە ئامانجی گەورە پێویستی بەهەوڵی گەورە هەیە، وە بەدڵنیایەوە:

ئامانجی گەورە +هەوڵی گەورە= بەکەسایەتی گەورە.

ئێمە دەبینین زۆربەی ئەو کەسانەی ناوبانگیان دەرکردووە چ لەڕابردوو چ لە ئێستادا تەنها بەپێی ئەو هاوکێشەیە ڕۆیشتون کەئاماژەمان پێدا.

لەبەرئەوە دەبێت ئاگاداربین تەنها چاندنی ئامانج گرنگ نیە ئەگەر هەوڵدانی لەگەڵدانە بێت، هەموومان خاوەن بەهرەو توانایین لەبوارێك لەبوارەکانی ژیاندا، بەڵام هۆکاری ئەوەی کە بۆچی هەندێ کەس بەختەوەر دەبێت و دەگاتە پلەبەرزەکانی ژیان و هەندێکی تریش بەدبەختو جێماوە لەپلە نزمەکاندا تەنها ئەوەیە کە ئامانج و هەوڵ و بیرکردنەوەکانیان جیاوازە، ئێمە هەرگیز داوای ئەوە ناکەین کە هەموو مرۆڤەکان ببنە سەرکردەی وڵات، ئەوە لەلای ئێمە جۆرێکە لە نامۆبوون و لەقاڵبدانی مرۆڤ لەیەك بوارو لایەندا، بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەگەر کارگوزارێك یان کرێکارێکی شارەوانی کە سەرشەقام پاکدەکاتەوە ئەگەر بەباشی کارەکەی ئەنجامبدات لەکاری سەرکردەیەك کەمترنیە، بۆچی؟

چونکە کاتێ کەسێکی بیانی دێت کە سەیری شەقامەکانی شارو وڵاتەکەمانی کرد کەخاوێن بوو دڵی پێی دەکرێتەوەو ڕاستەوخۆوەصفی سەرۆکی ئەو وڵاتەو خاوەن دەسەڵاتەکان دەکات، کە چۆن سیستەم و یاسای وڵات بەجوانی بەڕێوەدەبەن کەواتە کاری کارمەندێکی شارەوانی کاری کەمترنیە لەکاری سەرۆکێك ئەگەر بە باشی بەکارەکەی خۆی هەستێت.

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ئێمە پێویستمان بە هەموو جۆرە پیشەو بەهرەو تواناکان هەیە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین ئێمە بەرهەمی بیرکردنەوە و هەوڵدانەکانی خۆمانین.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەچاندنی ئامانج لەمێشکماندا وێنەیەکی تردێنینەوە:-

ئەگەر جوتیارێك تۆوێك بچێنێت لەپارچە زەویەکدا، ئەو تۆوە گەنم بێت یان هەر تۆوێکی تر، پاشان مام جوتیاریش پشتگوێی بخات و چاوەڕێی بەرهەمی باشیش بکات، ئایا کارێکی ژیرانەیە؟!

واتە مام جوتیار نەکرداری ئاودان و بژارکردن ئەنجامدات و نە ماددەی فۆصفاتی پێ بکات و نە پارێزگاری لێ بکات هیچ ڕێگەیەکی خزمەتگوزاری بۆ ئەو تۆوە نەگرێتەبەر، چاوەڕێی بەرهەمی زۆرباشیش بکات جێگای سەرنج نیە؟!

کەواتە دەبێت ئێمەش ئامانجی بەرزو گەورە لەزەوی مێشکماندا بچێنین وەك جوتیارێکی ژیرو کارامە ئاوی بدەین و خزمەتی بکەین لەڕووی بژارومادەدەی فۆصفاتی و پارێزگاریەوە ئاگاداری بین، ئەوکاتە بەدڵنیاییەوە چاوەڕێی بەرهەمی باشیش دەبین، خۆ ئەگەر بەرهەمیشمان نەبوو ئەوا وویژدانمان ئاسوودە دەبێت و ئازار ناخوات، بڵێین بەداخەوە هەوڵمان بۆی نەداو کارمان بۆی نەکرد لەبەرئەوە نەگەیشتینە ئامانج، ئەوکاتە دەتوانین ئارام بگرین و جارێکی تر هەوڵەکانمان دووبارە و چەند بارە بکەینەوە، خۆ ئەگەر نەگەیشتینە ئەو ئامانجەی دەمانەوێت ئەوا دەتوانین ئامانجەکانمان بگۆڕین.

بەداخەوە بەشێکی زۆر لەمرۆڤەکان چەند جارێك شتە تاقیکراوەکان تاقیدەکەنەوە تێیدا سەرکەوتووش نابن، بیرلە گۆڕینی ناکەنەوە تا لەکۆتایی دا تووشی نائومێدی دەبن و لەژیان بێزار دەبن!! چونکە بەفیرۆدانی ووزەیەکی زۆر لەبوارێکداو پشتگوێ خستنی بوارەکانی تر ڕەنگەکارێکی ژیرانە نەبێت، بەتایبەتی کاتێ ئومێدی گەیشتن بەو بوارو ئامانجە زۆر زەحمەت و ئاستەنگی هەبێت و تاقیکرابێتەوە....!!!

خوا پشتیوانبێ لە وەڵامی ئەم پرسیارانەی پێشودا تیشکێك دەخەینە سەر بابەتی هەوڵدان و گرنگیەکەی لەڕوانگەی ئایەتێکی قورئانی پیرۆزەوە لەئەڵقەی داهاتوودا، چونکە هەوڵدان یەکەمین هۆکاری گۆڕانکارییە لەژیانی مرۆڤایەتیدا.



# پەروەردەی منداڵ لەتەمەنی دووساڵ تا باڵــغ بوون

شكریە شێخانی

خوای گورە لەقورئانی پیرۆز دا فەرموویەتی

(یاأیها الذین أمنوا قوا أنفسكم وأهلیكم نارا............) لەراڤەی ئەم ئایەتە پیرۆزە پێشەوا علی كوری أبی طالب (ڕەزای خوای لەسەربێت ) فەرموویەتی مانای ئایەتەكە ئەوە دەگەیەنێت كەخۆتان و منداڵەتەكانتان فێری چاكەو رەوشتی جوانی بكەن وە هەندێك لەزانایان فەرموویانە مەبەست لە(الانفس ) منداڵیش دەگرێتەوە، چونكە منداڵ بەشێكە لەدایك و باوك، وەهەندێك لەموفەسیرەكان فەرموویانە ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژە بەواجب بوونی فێركردنی منداڵ دەكات، كەفێركردنی بنچینەكانی ئاینی منداڵ لەئەستۆی دایك و باوك دایە.

هەروەك و روون و ئاشكرایە دایك و باوك كاریگەریەكی زۆر گەورەیان هەیە لەدامەزراندنی بیروباوەری نەوەكانیان بەتایبەتی لەسەرەتا ساتەكانی تەمەنی منداڵ، بەشێوەیەك ئەو كاریگەری یە دەگاتە ئاستێك دایك و باوك دەتوانن منداڵەكانیان لابدەن لەسەر ئاینی راستی و فیترە كەخوای گەورە مرۆڤەكانی لەسەر دروست كردون ئەم راستیە پێغەمبەری خوا (دورودی خوای لەسەر بێت )ئاماژەی پێكردووە (كل مولود یولد علی الفگره،فأبواه یهودانه أوینصرانه أو یعجاسانه، كمپل البهیمه تتبح البهیمه هل تری فیها جدعا )(١٥)

واتە (هەموو كۆرپەیەك لەسەر فیترەتی ئیسلام لەدایك دەبێت و دڵ و دەروونی ئامادەی تەواوی تێدایە بۆ وەرگرتنی راستی، كەچی دایك و باوكی لەراستی لای دەدەن و وای لێدەكەن بیرو باوەری ئەوان هەڵگرێت، جا یان دەیكەن بەیەهوود یان گاور یان ئاگر پەرست، وەك و وێنەی ئەو ئاژەڵەیە كە بەبێ كەم و كورتی لەدایك دەبێت كەچی خاوەنەكەی عەیب داری دەكات بەگوێ قوت كردن، كەئەم كەم وكورتی یە لەخودی ئاژەڵەكە نەبوو.

ابن القیم دەفەرمووێت ((مەبەست لەوشەی فطره بریتی یە لەناسین و زانیاری بوون دەربارەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و دان پێدانانی و خۆشەویستی پەروەردگاری مەزن)).(١٦) جا ئەگەر كاریگەری دایك و باوك لەسەر جگەر گۆشەكانیان بەم شێوەیە بێت، هەڵبەتە ئەم كاریگەریە لەدامەزراندنی و چەسپاندنی و جێگیر كردن و ناسینی ئیسلام و خۆشەویستی و گوێرایەڵی خوای گەورە كارێكی ئاسانترە، بۆیە دایك وباوك بەرپرسیاری یەكەمن لەهەڵگەرانەوەی منداڵ لەفیترەتی سروشتی خۆی، جا ئەم بەر پرسیاریەتی یە راستەوخۆ دەبێت ئەگەر ئەوان منداڵەكانیان فێری ئاینی یەهودی یان مەسیحی كرد وەئەم بەرپرسیاریەتی یە ناڕاستەوخۆ دەبێت ئەگەر ئەوان منداڵەكانیان فێری بیرو باوەری ئیسلام نەكرد بەڵكو منداڵەكانیان پشت گوێ دەخەن و دەیاندەنە دەست كۆمەڵگا، ئەوسا ئەو منداڵانە دەبنە هەڵگری بیری بێباوەری وتاریك و گومڕای و سەر لێ شێواوی و هەتا بۆی دەبێتە بیرو باوەرێكی هەمیشەیی، بەڵگەش لەسەر بەرپرسیاریەتی دایك و باوك، فەرموودەی پێشەوامان (دروودی خوای لەسەر بێت )... (الا كلكم راع وكلكم مسئوول عن رعیته...) واتە:- (ئێوە هەمووتان بەرپرسیارن و بەرپرسیاریشن لەو كەسانەی كە لەژێر دەستتان دان.جائەگەر دایك و باوك، كەسانی خوێندەوارو ڕۆشنبیر بوون ئەوا پێویستە خۆیان منداڵەكانیان فێری بیرووباوەری راست و دروست بكەن، وەئەگەر ئەوان مرۆڤی نەخوێندەوار بوون، ئەوا پێویستە منداڵەكانیان رەوانەی لای كەسانی زانا و شارەزا بكەن.

ئەو شتانەی كەمنداڵ پێویستی بەفێربوون هەیە بریتی یە لەفێربوون‌و شارەزابوون و شارەزا لەقورئانی پیرۆزو شیوەی خوێندنەوەی وەهەروەها فێربوونی فەرمووده شیرنەكانی پێغەمبەری پێشەوا (درودی خوای لەسەر بێت) وەشارەزابوون لەژیاننامەی ئەو پێغەمبەرە، وەپێویستە شارەزابێت لەفەرزەكان‌و ئەحكام‌و ئادابەكانی ئیسلام.

پێشەوا شافعی (رەزای خوای لەسەربێت) دەفەرمووێت:- (هەر كارو كردەوەیەك كەسوودی هەبێت بۆدونیا و ئاینی منداڵ پێویستە شارەزا بكرێت، پەروەردەكاران نابێت لەم رووەوە كەمتەرخەم بن، جا ئەم منداڵە كوڕ بێت یان كچ،لە ماڵەوە فێربكرێت یان لەلای شارەزایان.

لەراستیدا بەرپرسیارەتی پەروەدەكار(مربی) یەكجار گەورەو گرنگە هەر لەو رۆژەی كە منداڵ لەدایك دەبێت تا دەبێت بەتاكێكی بەرپرسیار بەرامبەر بەئەركە شەرعیەكان (مكلف شرعیا) جا ئەوپەروەردەكارە باوك بێت یان دایك بێت یان مامۆستا، یان كەسێكی سەرپەرشتیكار ، كاتێ هەڵدەستێ بەبەرپرسیارەتی تەواو،،پێویستە ئەوپەڕی تواناى خۆی بخاتە گەڕ لەپێناوپێگەیاندنی تاكێكی چاك بەگشت تاایبەتمەندییەكانی ، جابەم شێوەیە لەم تاكەخێزانێكی چاك و پاكی لێدێتە بەرهەم، بەهەموو ئاكار و تایبەتمەندییەكان، بەڵێ ئەمەیە بۆچوونی ئیسلام لەروانگەی چاك سازی دا.

# ١٠ شت هەن تا بەخۆتیان بڵێیت هەست دەکەیت وەك پێویست نیت

زۆر شت هەن بۆ ژیانکردن بە ئارامی، لەجیاتی ئەوەی لە دەریای پەستی و ناڕەحەتیەوە نغرۆ بیت و هەست بە شکست بکەیت.

چۆن باشترین ژیان بۆ خۆت دەست ناخەی و سەیری لایەکی رووناکتری ژیان ناکەیت؟ هەرچەند ئەگەر بێزاریش بووبیت لە دەست چەند یاریەك..

بێگومان ناتوانین بە درێژایی کات دڵخۆش و ئاسوودە بین. بەڵام پێش ئەوەی دڵتەنگی روومان تێبکات، پێویستە بەرزترین خاڵی ئەو شتەی کە تیایدا باشین و ئەوەی دەتوانین پێی بگەین، بگرینە باوەش و، نرخی ئەو شتانە بزانین کە خاوەنیانین و باوەڕمان پێیانە.

(١٠) شت هەن کە پێویستە هەمیشە لەبیرت بن، بەتایبەتی کاتێك هەست بەوە دەکەیت بەپێی پێویست کەسێکی باش نەبیت:

١- (ئێستا) شوێنی رابردوو یان داهاتوو دەگرێتەوە.

خەڵك دەتوانن نغرۆ بن لە رابردوویان و هۆگری داهاتووشیان بن. بەڵام نابێت تۆ یەکێك بیت لەوان. چونکە (ئێستا) دەکرێت کلیلێك بێت بۆ شتە شیاوەکان. وە چۆنیەتی بەکارهێنانی دەکرێت زۆر گۆڕانکاری دروست بکات. ئێستا کە لە نێو (ئێستا)یت، بۆچی دەربارەی شتەکانی تر نیگەران دەبیت؟

٢- دنیا پڕیەتی لە بەراوردکردنە بێ پایانەکان.

هەموو کەسێك خۆی بەراورد دەکات لەگەڵ ئەم و ئەو. هەرکەسێك کە خۆتی لەگەڵ بەراورد دەکەیت، بریتیە لە بەراوردکردنی ئەویش لەگەڵ کەسێکی تر. لە جیاتی ئەوەی ببیتە کەسێکی حوکمدەر یان حەسوود، بە تێگەیشتنەوە لە ژیان بڕوانە. بۆ نموونە لە ناو ئاوێنەیەکدا دەتوانیت ئەوە ببینیت کە هەموو ناتەواوەکان بە شێوازی جیاجیا رێ دەکەن.

٣- هەمیشە هەلێك هەیە بۆ ئەوەی هەوڵی شتێکی نوێ بدەیت.

ئەگەر ئەو ئەنجامەت دەست نەخستووە کە هیوای بۆ دەخوازی یان چاوت بە دیواری قوڕ دەکەوێت لێرەو لەوێ، تێبگە کە هەلێك هەیە لە پێشت بۆ هەوڵدان بۆ شتێکی نوێ. لە گۆشەیەکی جیاوازەوە کار بکەو، دەکرێ ئەنجامی جیاوازیش دەست بخەیت.

٤- دەبێ خۆتت خۆشبوێت.

ئەوەی کە پێویستتە تا لەکارەکەت بەردەوام بیت: خۆشویستنی خۆت و قبوڵکردنی ئەوەی کە کێیت. هیچ شتێکی خراپی تێدا نییە بۆ بەرەو پێشبردنی خۆت. بەهەرحاڵ؛ دەبێ فێری ئەوە ببیت کە خۆت بگریتە ئەستۆی خۆت و نرخ دابنێی بۆ ئەو کەسەی کە هەیت.

٥- بە پێی پێویست هەتە.

کەس نییە خۆی بکات بە کەسێك کە هیچی نییە. ناشبێت هەمیشە بوونت یەکسان بکەیت بەو پارەیەی کە هەتە.

٦- ژیان دادوەر نییە.

زۆر شت هەن کە لە دەرەوەی دەروازەی کۆنترۆڵ کردنی تۆدان و ناتوانیت هیچ شتێکیان لەگەڵدا بکەیت. بە سادەیی دەبێت شتگەلێك قبوڵ بکەیت بەو شێوەیەی کە هەن. چونکە راستییەکەی ئەوەیە کە خەڵك نەخۆش دەبن و دەمرن، کەسایەتیە سیاسیەکان نەخۆش دەکەون و پەیوەندی کۆتایی

وەرگێڕانی: لێزان ئەحمەد



دێت. ئیتر لە جیاتی ئەوەی خۆت لە ناو بەریت بە ئازارو ناڕەحەتی، دەبێت لەبیرت بێت کە زەردەخەنەو خۆشی، ژیانت بەرەو باشتر دەبات.

**٧- شتی دروست زیاتر لەگەڵتن لە نادروست.**

چەند شتێك هەن كە عەیبەو ناشیرینن. دروستە، بەڵام لە پشتی ئەو عەیبەوناشیرینیانەوە، چەند شتێکی جوان هەن. هەموو ئەوانەشی لە دەوروبەرت روودەدەن، دەتوانرێت تێبینی باشیان لێوە بەدەست بێنیت و سوودمەند بیت لێیان، لە ئاکامدا دەبینیت کە ئەوانەی لەگەڵتن و یارمەتیت دەدەن یان ئەوانەی کە هەن، زیاترن لەوانەی کە نادروست و بێ کەڵکن.

**٨- تۆ بێ وێنەیت.**

ناتوانیت وەکو هەموو ئەوانی تر بیت، لە جیاتی ئەوەی کۆششێکی بێ باوەڕانە بکەیت لە هەوڵدان بۆ بوون بە کەسێکی تر، جەخت لەسەر خۆت بکەرەوە. تۆ لە ڕێڕەوی خودی خۆتدا ڕێ دەکەیت و پێویستە ڕەچاوی سنووربەزاندنی خۆت و بوون بە دانەیەکی باشتری خۆشت بکەیت.

**٩- هەڵبژاردنت لەبەر دەستە.**

تۆ بۆ هیچ شتێك ناچار نیت. هەڵبژاردنت هەیە. بەهۆیەوە یان ئاشتی دەگریتە باوەش یانیش فشارو توندی و پەستانێك بەکاردەخەیت. لەجیاتی ئەوەی خەمباری هەڵبژێریت، ئاشتی و دڵخۆشی هەڵبژێرە.

**١٠- شکست کۆتایی دنیا نییە، بەڵکو ئەزموونێکی فێربوونە.**

ئێمە هەمووومان سەرنەکەوتن وشکستی بەرچاومان هەیە. هەندێك شت وەکو کۆتایی وان، بهێڵە ئارەقەکەیان وشك بێت. بەڵام سەرنەکەوتن و شکست تەنها هەلمان پێشکەش ناکات تا دووبارە دەست پێ بکەینەوە، بەڵکو سەرنەکەوتن و شکست، ئەزموون و فێربوونیشە کە دەتوانێت "سود و کەڵك" بەرامبەر بە "هەڵەکانی داهاتوو" بسەلمێنێت.

سەرچاوە: lifehack.org



نەزیلە

# نەبەردیەکی نەخوازراو

**تۆفیق کەریم**

مامۆستا حەمە ڕەشید پێنجوێنی بۆی گێڕاینەوە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوم، قوتابی ئامادەیی دیراساتی ئیسلامی بووم، روو لە دین و تەنکە ریشێکم هەبوو، دەمویست پابەندی تەواوی ئاینەکەم بم.

لەو سەردەمەشدا دەستەڵاتی بەعس لە ترۆپکی زۆرداریدا بوو، رۆژێك لە پاسێکی گەڕەکدا بەرەو بازاڕ چووم، کە گەیشتینە توی مەلیك مەفرەزەیەکی جەیشی شەعبی لەو سەرجادەیە زاڵگەیان دانابوو، پرسیاریان لە خەڵك دەکرد و......

من کتوپڕ کەوتمە بیرکردنەوە سەبارەت بە ریشم و چی بڵێم ؟ ئەگەر بڵێم پرسەمان هەیە ئەمە درۆیەو پێی گوناهبار دەبم ! خۆ ئەگەر بڵێم سونەتە رەنگە دوای تێهەڵدانێکی مزر ئەوجا تۆمەتی حزبی (دەعوە) یان (ئیخوان) م بدەنە پاڵ! وەلحاڵ زۆرم هێناو برد نەگەشتمە بڕیارێك تا پاسەکە وەستاو چەکدارێك دەرگاکەی کردەوە، من یەکەم کەسی نزیکی دەرگاکە بووم، یەکسەر داوای پێناسی کرد، منیش بە شڵەژاویەوە پێناسم پێداو خواخوامە لەو پرسیارە بمبوێرێت. کەچی وەك دەڵێن ئەوەی لێی بترسیت لێی ناخڵەسی، بێ سێ و دوو وتی ئەم ریشە چیە ؟ منیش کە لەو ماوە زۆری پێشودا وەڵامێکم پێ ئامادە نەکرا، دەبێت ئێستا چی بڵێم، بۆیە بێ بیرکردنەوە بە واقرمانێکەوە وتم هەروا.

چەکدارەکە وا تێگەیشت مەبەستم لە (هەروا) (بە ئارەزوی خۆمە) پێی ناخۆش بوو وتی کوڕم من پیاوێکی کامڵم دەترسم داتبەزێنم و سەرنەگومت بکەن، وا جواب نەدەیتەوە باشە، حەیفە لاوێکی وەك تۆ بە قسەیەك توشی کێشە بێت، ئیتر دابەزی من ئەوەندە ترسا بووم لێوم بۆ نەدەتروکا، هەر نەمتوانی بڵێم وەڵا مەبەستم بە ئاسایی بوو نەك بە ئارەزوو، کەچی هەر دەرگاکەی داخست، پیاوێك لەو لامەوە وتی ئافەرین پیاوی ئازاو بەغیرەت دایك رۆڵەڕۆت بۆ نەکات بۆ ئەو جوابە بە بوێرانەت، یەکێکی تر نەیهێشت قسەکانی تەواو بکات و وتی بە راستی مەردی، ئافرەتێك وتی تو خوا رۆڵە تو جوانکەی وەها وەڵام مەدەوە با توش نەبیت، ئیتر پیا هەڵدان بەو شکۆ و قارەمانێتیما لافاوی بەست، تا گەیشتینە بازاڕ باس هەر باسی ئەو نەبەردیەم بوو، منیش ئەوەندە تۆقیو بووم تف لە قوڕگمدا وشك بوبوو، ورتەم لێوە نەدەهات کە گەیشتینە بازاڕ پاسەکە وەستا منیش بە پەلە پرۆزکێ خۆم بە کۆڵانێکدا کرد لە بەرچاوی خەڵکەکە ون بووم، ئەوجا ئاهێك هاتەوە بە بەرما.

* لە ناوچەی بتوێن و پشدەر نەزیلە یان قوڵە نەزیلە کورتە بەسەرهاتێك یان چیرۆکێکی خۆش دەوترێت کە ئامانجێك لە گێڕانەوەکەیدا هەبێت، منیش دەمەوێت ئەم زنجیرە نەزیلە کە بەسەر خۆم یان دۆستێکم هاتوە یاداشت بکەم کە رەنگە پەندێکیشیان لێ وەربگیرێت و بەشێکیشن لە مێژوو و رابوونی ئیسلامی.



# بێهیوابوون لە نێوان خۆمان و دەوروبەردا

ئاریان ئەنوەر

ژیانی ئێمە پڕە لە بێ هیوابوون و شکست، بۆی هەیە لەم سەردەمەدا کە هۆکارەکانی بێهیوابوون روو لە زیادبونە، لە رۆژێکدا چەندینجار هیوابڕ بین و لای ئێوارە هیوامان بۆ بگەڕێتەوە، یان شەو بە کۆمەڵێك هیواوە بخەوین و کە بەیانی هەڵساین، هیواکان لە ناوچوبن. ئەمە لەمڕۆدا ژیانی مرۆڤی لەناوبردووە، ئێمە لە ژیانیکی دووبارەداین و هەموو رۆژێکمان وەکو یەکە، دەمانەوێت بگۆڕێین بەڵام توانامان نییە، بێ ئیرادەین! هەرچی ئەکەین هێزوهیممەتی گۆڕانمان نییە، تا شتێك فێرئەبین، هەزاران شتی تر بە نیوەناچڵ بەجێدەهێڵین، هیچمان لەخۆمانەوە دەستپێناکەین، هەر چاوەڕێین، چاوەڕێین کە بەشکم فریادڕەسێك بێت و بمانگۆڕێت!

ئێمە نازانین کە مرۆڤین، مرۆڤ بە مانا راستەقینەکەی! مرۆڤین و خاوەنی عەقڵین، قسە دەکەین، تێدەگەین، مرۆڤ پێویستی بە ئاودێری عەقڵ و رۆحە، ئەگەر لێی بگەڕێن مایەپوچ ئەبین. تاکە سەرمایەیەك لەم ژیانەدا هەمانبێت، عەقڵە، لەگەڵ دڵێك بۆ خۆشەویستی، ئەگەر ئەمانە نەمان، چۆن خۆمان بە مرۆڤ لەقەڵەم بدەین، عەقڵ ئەبێت بەردەوام لە بزاوتندا بێت و بیربکاتەوە، تێبگات و ئەنجام بەدەستبهێنێت، پێویستە بە لەسەرخۆیی رۆژانە عەقڵ زانیاری وەربگرێت و شی بکاتەوە، ئەگەر ئەم پرۆسەی جوڵانە ڕوونەدات زانیارییەکان کەڵەکە ئەبن بە بێ شیکار و بە بێ ئەنجام. من با هەر کتێبێکی بێزارکەری قەبارە گەورەی بێناوەڕۆك بخوێنمەوە، بەچی دەچێت کە لێی تێنەگەم، نەتوانم شیکاری بکەم، نەتوانم پرسیاری لەسەر بکەم، نەتوانم دەستنیشانی بکەم کە ئایا بەسوود بوو یان بێ کەڵك بوو. مێشك پێویستی بە زانیاری هەیە، پێویستی بە وەرگرتنی پلەبەپلەی ناوەڕۆکی کتێب هەیە، خوداش کاتێك گەردوونی دروستکرد، بە چرکەیەك دروستی نەکرد، فەرمووی بە شەش رۆژ تەواومکرد، شەش رۆژ واتایەتی رەمزی هەیە، واتە بۆ کامڵبوون پێویستمان بە کاتە، صەبرت هەبێت و کاتی ژیان بەکاربهێنە بۆ فێربوون و کامڵبوون، ئێمە بێهیواین، چونکە دەستمانداوەتە هەزارانکارو یەکێکمان کامڵ نەکردووە، با پلانمان هەبێت و بمانەوێت زۆر شت فێربین، بەڵام هەمووی بەیەکجار نا، ئەگەر من بمەوێت لە یەك کاتدا سێ رێگا ببڕم ناتوانم، ئەبێت سەرەتا رێگای یەکەم تەواوبکەم ئینجا ئەوانی تر، ئەشتوانی لێبگەڕێیت کەسانی تر کامڵ ببن لە رێگای دووەم و سێیەمدا، پاشان ئەزموونی هەر سێ رێگاکە دابەش بکەن، بەم جۆرە کات دەگەڕێتەوەو شتی زیاتریش فێر ئەبیت.

من ئەزانم بەیەکەوە کارکردن چ چێژێکی هەیە، کارەکانتان بە کۆمەڵ ئەنجام بدەن، بەجۆرێك هەرکەسەو رێگای خۆی و تواناکانی خۆی بزانێت، ئەمە فیترەتی مرۆڤە، یەکێکمان لەوانەیە ئەندازیارێکی باش بین، هەمانە وەرزشوانێکی باشە، هەشمانە

کتێبخوێنەرەوەیەکی سەرکەوتووە، با بزانین چی لای ئێمە ئاسانەو دەتوانین بیکەین و لاشەمان جوابی هەیە بۆی!

چونکە تەمەڵیش ڕێگایەکی سەرەکییە بۆ بێهیوابوون، بۆ نمونە ئێمە ڕۆژانە پێویستمان بە وەرزشکردنە و پێشمان خۆشە بیکەین، بەڵام تەمەڵین و لاشەمان ڕێگامان نادات، بەم جۆرە هەموو ڕۆژێك دەکەویتە بیرکردنەوە کە من ناتوانم وەرزش بکەم، ئەمە هەموو ڕۆژێك دووبارە دەبێتەوە تا ئەوەی هیوا لەدەست دەدەیت و ئەو حەزەشی کە هەتبوو بۆ وەرزش نامێنێت، بۆیە وا باشە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکتدا ڕێکبکەویت و بە گروپ و پێکەوە کاتی وەرزشکردن دابنێن و وەرزش بکەن، بۆ کارەکانی تریش هەر وا، با هاوڕێی زۆرت هەبێت بۆ ئەوەی کارەکانتیان لەگەڵدا بەش بکەیت.

لەوانەیە بڵێیت خۆ من هەوڵدەدەم دەمەوێت،بەڵام دەوروبەرم لێناگەڕێنو بۆم ناگونجێت، لێرەدا ئەبێت یەك شت بزانیت، کە زۆربەی مرۆڤە بلیمەت و گەورەکان لە ماڵە بچوکە هەژارانەکاندا پێگەیشتن و فێربوون. ڕاستە ژینگەی وڵاتەکەمان مرۆڤ فێری نان پەیداکردنی بەر سێبەر ئەکات، بەڵام خۆ ئێمە ئەتوانین وانەبین. ڕاستە باکیان نییە بە تۆو کۆچکردنی تۆ بۆ دەرەوە لایان ئاساییە، بەڵام تۆ مەرۆ، وڵاتەکەت بەجێمەهێڵە بۆ بێگانە. لە یەك شت تێناگەم، بۆچی گەنجێکی ئەم وڵاتە هەزاران ڕێگای ترسناك و نشیوی دژوار دەبڕێت تا بگات بە کەنارێکی ئارامی، هەموو تواناکانی لەو وڵاتە بەکاردەهێنێت و ئامادەیە هەموو جۆرە ئیشێك بکات، بەڵام لە وڵاتەکەی خۆیدا نایکات، ئەمە ئەوپەڕی بێهیوابوونە، ئەمە نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە.



# تۆ ئاوێتەی منداڵەکەتی

ئەمیر ئەحمەد عبدالقادر
ڕاهێنەری بواری پەرەپێدانی مرۆیی

منداڵەکەت زۆر درۆ دەکات، تۆ توندی لە لێپرسینەوە دا!

منداڵەکەت باوەڕی بە خۆی نیە،تۆ هانی نادەیت!

منداڵەکەت بێ توانایە لە قسەکردندا،تۆ کفتوگۆی لەگەڵدا ناکەیت!

منداڵەکەت دزی دەکات،تۆ ڕات نەهێناوە لەسەرتێکۆشان و بەخشین!

منداڵەکەت ترسنۆکە،تۆ بەرگری لێ ناکەیت!

منداڵەکەت ڕێزلەخەڵکی ناگرێت، تۆ دەنگت لەئاستیدا نزم ناکەیت!

منداڵەکەت هەمیشە تووڕەدەبێت، تۆ پێیداهەڵنادەیت!

منداڵەکەت چرووکە، تۆ هاوکاری ناکەیت!

منداڵەکەت دەستدرێژی دەکاتە سەر خەڵکی، تۆ لەگەڵی زۆر توندی!

منداڵەکەت بێ هێزە،تۆ هەڕەشەی لێدەکەیت!

منداڵەکەت بێزارت دەکات،تۆ ماچی ناکەیت و لەباوەشی ناگرێت!

منداڵەکەت گوێ ڕایەڵێت ناکات،تۆ داواکاریت زۆرە!

منداڵەکەت داخراوە،تۆ سەرقاڵی!

منداڵەکەت ساردە لەگەڵت،تۆ فەرامۆشی دەکەیت!



# با حەیاو شەرم سیمای ژیانمان بێت!!

ئا: یاسین ئەحمەد زەنگەنە

شەرم بەبەشێك لە ئیمان دانراوە لە بەرئەوەی ئیمان دابەش دەبێت بۆ بەجێهێنانی فەرمانەكانی خودا و وازهێنان و دوركەوتنەوە لەو شتانەی خوا قەدەغەی كردون، گەر دوركەوتنەوە و وازهێنان لە قەدەغەكراوەكان هاتەدی بە هۆی شەرمەوە ئەوە بەشێكە لە ئیمان هاتۆتە دی.

بە واتایەكی تر شەرم خاوەنەكەی دەپارێزێت لە ئەنجامدانی حەرام و قەدەغە كراوەكان كردار بن یان گوفتار، هەروەها ئیمانیش هەمان رۆڵ دەبینێت و تەواوكەری یەكترن. هەربۆیە شەرم كردن خێروچاكەیە و هەرئەوەشی لێ فەراهەم دێت و مادەی خێرە و بەڵكوهەمموو خێرێكە. ئەوەتا پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) فەرمویەتی ((الحياء لا ياتي الا بخير))[1].

هەروەها فەرمویەتی (الحياء خير كله قال الراوى او قال(الحياء كله خير)[2].

ئیمامی نەوەوی (رەحمەتی خوای لێبێت) لەم بارەوە فەرمویەتی شەرم هەمووی خێرەو تەنها خێری لێدێتە دی لای هەندێك بۆتە مایەی ئاڵۆزی و لە میانەی ئەوەی خاوەن شەرمەو شەرم دەكات لە گەیاندنی حەق، ئەمەش وا دەكات فەرمان بە چاكەو نەهی لە خراپە نەكات یان شەرمنیەكەی دەبێتە مایەی فەوتانی هەندێك لە مافەكانی.

بەڵام زانایان فەرمویانە ئەمانە شەرمی راستەقینە نین بەڵكو لاوازی و سستیە، بە پێی دابونەریتی خەڵك پێی دەوترێت شەرم. راستیەتی شەرم رەوشتگەلێكە هانی وازهێنان لە شتە خراپەكان و ناشیرینەكان و بەرگری لە كەمتەرخەمی دەكات لە مافی خاوەن مافەكان و... هتد.

شەرم رەوشتێكی بەرزەو مرۆڤ دەپارێزێت لە رەفتاری نەوی و نەشیاو و ناوبانگی خراپ و وتەی ناشیرین و هەرشتێك كە نەشێت لەگەڵ سیماو سروشتی دروستدا، هەروەها بەرگری لەبەزایە دانی مافی خاوەن ماف دەكات.

شەرم دەشێت لە نێوان بەندەو خوای گەورەدا بێت، بەندە شەرم بكات خوای گەورە بیبینێت لە كارێكدا كە

---

١- رواه البخارى ٦١١٧ ص ١٥١٩ كتاب الادب باب الحياء و مسلم ١٥٥ /٦٠/٣٧ ص ٧٩ كتاب الايمان باب بيان عدد شعب الايمان وافضلها وادناها وفضيلة الحياء و كونه من الايمان،

٢- رواة مسلم كتاب الايمان سەرضاوةى ثيَشوو لاثةرِة ٧٩

نەهی لێکردووە ئەم جۆرە حەیایە لەم فەرمودەیەدا بە جوانی رون دەبێتەوە ((استحیوا من الله حق الحیاء. قال: قلنا: انا یانبي الله لنستحیي و الحمد لله، قال: لیس ذاك ولكن الاستحیاء من الله حق الحیاء ان تحفظ الراس، وما وعی، وتحفظ البطن وما حوی، وتتذكر الموت و البلی، ومن ارادة الاخرة ترك زینة الدنیا، فمن فعل ذلك فقد استحیا من الله حق الحیاء))[3].

ئەم فەرمودەیە نیشانەکانی شەرم کردن لە خوای گەورەی رون کردۆتەوە، کە بریتی یە لە پاراستنی ئەندامەکانی لاشە لە گوناهو تاوان، بیرکردنەوە لە مردن و وابەستە نەبوون بە دنیاوە، بە شێوەیەك حەزو ئارەزووی دونیا سەرقاڵت نەکات و دورت نەخاتەوە لە ژیانی دوارۆژ.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی (اللهم لا یدركني زمان، ولا تدركوا زمانا لا یتبع فیه العلیم، ولا یستحي فیه الحلیم، قلوبهم قلوب الاعاجم، والسنتهم السنة العرب)) [4].

هەروەها پێغەمبەری ئازیز ﷺ پیاوێك داوای راسپاردەو ئامۆژگاری لێكردوئەویش پێی فەرموو (استح الله، كما تستحي رجلا صالحا من قومك)[5]

بەواتای شەرم لە خوا بکە هەوەك چۆن شەرم لە پیاوچاکێکی گەلەکەت دەکەیت.

زانایان فەرمویانە شەرم کردن بەندە بە ژیانەوە و بە پێی ژیانی دڵ و دەرون رەوشتی شەرمنی هێزو تواناو بونی هەیە، کەمی شەرم لە مردنی دڵ و گیاندایە، یەکەمین پایەی شەرم کردنە لە خوای گەورە، ئەمەش بەوە دێتە دی نەتبینێت بە شێوەیەك کە نەهی لێکردوە ئەمەش بە ناسین و چاودێری خوای گەورە دێتە دی، وەمانای فەرمودەی پێغەمبەرە ﷺ لە فەرمودەی جبریل دا کە پرسیاری لێدەکات سەبارەت بە (الاحسان) ئەویش فەرموی (الاحسان: ان تعبد الله كانك تراة فان لم تكن تراة فانة یراك)[6].

بە واتای وا خواپەرستی بکە هەروەك چۆن خوا دەبینیت، گەر تۆ خوا نەبینیت ئەوا خوا تۆ دەبینێت. ئەم جۆرە شەرم کردنە بەرزترین نەریت و ئاكاری برِوایەوە وە شکۆترین پلەکانی ئیحسانە.

شەرم کردن وابەستەی بەندەی ئیمانداروە لێی جیانابێتەوە وەك سێبەر وایە بۆ خاوەنەکەی، لە بەرئەوەی شەرم کردن بە شێکە لە عەقیدەوبیروباوەری مسوڵمان.

پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بارەیەوە فەرمویەتی (الحیاء من الایمان)[7].

هەروەها فەرمویەتی (ان مما ادرك الناس من كلام النبوة الاولی: اذا لم تستح فاصنع ما شئت)[8].

ئەم فەرمودەیە لە شێوەی فەرماندا هاتووە بەڵام ماناکەی سەرزەنشت و هەرِەشەکردنە ئەم فەرمودەیە دوو راڤە لە خۆ دەگرێت یەکەمیان راڤەیەکی بەناوبانگە کە دەڵێت ئەگەر شەرم لە عەیبە ناکەیت و لە ئابرِوچون ناترسیت کە ئەنجامی دەدەیت ئەوەی کەدەرونت پێت دەڵێ بیکە چاکە یان خراپە، فەرمودەکە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە ئەوەی مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە خراپە تەنها شەرم کردنە ئەگەر شەرم نەبوو دەرونی خۆی فەرمانی پێدەکات و گیرۆدەی دەکات بۆ ئەنجامدانی گومرایی و خراپە کردن

٣- رواه الترمذي ٢٤٦٦ لاثقرة ٧١١/٧١٠
٤- بروانة الحیاء في حیاة المسلم لاثقرة ١٢
٥- اداب الصحبة ١/ ٥٠ برقم ٢٥

٦- متفق علیة البخاری ٥٠-١ ص ٨٣-٨٤ كتاب الایمان باب سوال جبریل النبي صلی الله علیه وسلم من الایمان و الاسلام والاحسان و علم الساعة وبیان النبي صلی الله علیه وسلم له و مسلم ٩٣-١/٨ ص ٦٣ كتاب الایمان باب بیان الایمان والاسلام و الاحسان....
٧- رواه البخاری ٢٤-١ ص ٧٦ كتاب الایمان باب الحیاء من الایمان
٨- رواه البخاري ٦١٢٠ /١ ص ١٥١٩ كتاب الادب باب اذا لم تستح فاصنع ما شئت وابن ماجة كتاب الزهد باب الحیاء برقم ٤١٨٣ ص ٧٤٠



# پێبکەنە بەدەم ژیانەوە

هیوا فاتیح

- لێخۆشبوون؛ رابردوو ناگۆرِێ، بەڵام داهاتوو بنیات دەنێت. "پۆل بۆیس»
-کاتێ ژیان سەد هۆکارت دەداتێ بۆ گریان، تۆ هەزار هۆکار پیشانی ژیان بدە بۆ پێکەنین. "نەزانراو»
- ناخۆشترین رۆژ ئەو رۆژەیە کە خەندەی تێدانیە."وتەیەکی عەرەبییە»
- ئەگەر ئارەزووی ژیانێکی خۆش دەکەی، ئەوا ژیانت بە ئامانجێکەوە ببەستەوە، نەك بە کەسانێك یاخود شتانێك. "ئەنیشتاین»
- ئەو پیاوەی نازانێت زەردەخەنەبکات، ناشێ فرۆشگا بکاتەوە. "ووتەیەکی چینیە»
- ئەو هێڵەی لە ناوەرِاستی دەنکە گەنمدا هەیە، مانای وایە: نیوەی بۆ خۆت، نیوەی بۆ براکەت. "ئیمامی شافیعی»

# ژیان وا فێری کردم

نووسینی: رابەر ئەحمەد وەرتی

**ژیان وا فێری کردم**

مرۆڤی بێ بەرنامە کاتێ دەرفەتێکی بۆ دێتە پێش، بە جۆرێ لە جۆرەکان لە دەست خۆی دەدات.

**ژیان وا فێری کردم**

یەکێ لە هونەرە گەورەکان لای جەمعی شەیدایان، خامۆشییە. چوون لە ساتی خۆدۆزینەوەیاندا، هەر هەڵدەپروکێن و هەڵدەقرچێن و دەتاسێن و، دەتوێنەوە.

**ژیان وا فێری کردم**

پەردەی سنوور بەزاندن تەنکە، بەڵام جەمسەرەکانی بە پەتی ئیمان توند بەستراون، ئەگەر شلیان نەکەینەوە.

**ژیان وا فێری کردم**

نەکەی بەتەواوی خۆت کەڕ بکەی بەرامبەر قسەکانی خەڵکی، ئەگەر هەر هیچ گوێ نەدەی بە قسەکانیان و بەرامبەر هەمووان بێ گوێ بیت، ئاقڵانە نییە. بە قسەکانی خەڵکی هەڵمەسوڕێ، بەڵام هەتا سنوور حیسابیشیان بۆ بکە.

**ژیان وا فێری کردم**

ئەو کەسەی بیر لەوانی دی دەکاتەوە، ئەمما بیر لە خۆی ناکاتەوە؛ خۆنەناسە. ئەو کەسەی زیاتر لە خۆی گرنگی بە وانی دی دەدات؛ خۆفیداکارە.

**ژیان وا فێری کردم**

هەندێ کەس بۆنی ژیانیان بۆ دەچێ، وەلێ تەنها بۆنەو هیچی تر!

**ژیان وا فێری کردم**

خۆگێلکەر، کەم وایە نەخۆش بێت.

**ژیان وا فێری کردم**

مرۆڤگەلێك هەن کە خۆشبەختیو کامەرانیەك بۆ ئەوانی تر دروست دەکەن، کە رەنگبێ خۆشیان پێی نەگەیشتبن!

**ژیان وا فێری کردم**

ئەویندارى حەقیقی دەتوانێ لە ئەوینبەری راستەقینە تورە ببێت، بەڵام ناتوانێ رقی لێی ببێتەوە.

**ژیان وا فێری کردم**

پردەکانی رابردووت چ باش چ خراپ، مەڕووخێنەو لەبیر مەکە. ئەگینا لووتت بەرز دەبێ!

**ژیان وا فێری کردم**

لەشساغترین نەخۆش، نەخۆشێکە کە دەوروبەرەکەی موراعاتی دەکەن.

**ژیان وا فێری کردم**

پیاوی نیمچە سەنگین، پارچە شکاوەکانی ئافرەت کۆدەکاتەوە، بەنیازی دروستکردنەوەی، دوای ئەوەی شکاندوونی!

**ژیان وا فێری کردم**

بەشێك لە رێزو خۆشەویستیت بهێڵە بۆ کاتی تەنگانە!



# هەمووما‌ن بانگخوازین

عبدالرحمن محمد عارف- مامۆستای زانکۆ



هیچ موسڵمانێکی راستەقینە نیە لانی کەمی دەزولەیەکی بانگخوازیی تێدا شۆربووەتەوە، یانی کەسیان نیە بەشێکی پەیام و پێرەوی ئیسلامی تێدا رەنگی نەدابێتەوەو نەبووبێتە سەداو سیما بۆ دەوروبەر،ئەگەر ئەو کەسانە بیانەوێت لەو شانازی و شکۆیەدا پشکێکیان هەبێت، جا ئەو کەسە شابێت یان سەپان، وەزیر بێت یان وەرزێر، وەستا بێت یان مامۆستا، کاروانچی بێت یان خانچیی، فەرماندە بێت یان فەرمانبەر، بواری خۆدزینەوە و خۆبچوککردنەوە نیە، لە تۆوە ئیسلام دەبینرێت جا بە جوانی بێت یان ناشیرینیی!، ناکرێت تۆ بێژی من موسڵمانم وەیتر بڵەی بەڵام بانگخوازنیم یان خەم و خەیاڵێکی بانگەوازم پێنیە و لە منەوە ئیسلام ناخوێنرێتەوە!.

بانگەوازیش تەنها وتارو وەی وەی و هەی هەی نیە،تەنها حەزو خورپەیەکی دڵیش نیە،هەروەها ریکلامێکی پەتی و ئیددعایەکی فشۆڵ نیە، خۆجیاکردنەوەو پۆزی خۆپەسەندیش نەبووەو نیە، بەڵکو بانگەواز جاروبارێك وتارە، زۆر کەرەتیش کردارە، هەنێ وەختیش بێ دەنگی ووەستانەوە و ژانەدڵی بێ قەرارە!، هەمیشەش ئەو بانگەوازە ئامانج و ئاواتی نێو دۆستان و ئەغیارە، بێ بوونی بانگ و بانگەواز و بێ هەڵمەتی بانگخواز دونیا گشتی دەبێتە جێ مونکەرو هەموو کەس لەویدی بێگانەو بچوك و نادیارە!.

کەواتە هەمووتان وەك بانگخوازی رێی خودا بڵێن و بدون ئەمما دلێرانە، بجولێن و بزاڤن بەڵام شێرانە، بنوسن و قەڵەمداربن وەلێ مەردانە، خەمداری بانگەزبن ئەویش ژیرانە، وەکو دەبینین هات و هاواریش لە دژمان زۆر دەبێت، ئەوەی ئەرکی هەموومانە بەردەوامی دەم و دەستی خێرمانە، بێباکانە و بێپاکانە بۆ هیچ کەس و کۆمەڵێك جا نزیك بێت یان بێگانە.

دەی راپەرە و بە قسەیەکێ خێر دڵێك خۆش بکە، بە دەستی دۆستانەت ملی خراوەیەك بگرە و مەیەڵە رێ و جێی خۆش کات، چاکەیەك بناسێنەو پشتیوانی چاکەکارێك بکە، حەزت بە خۆشی و خێری هەموو مرۆڤێك بێت و بە دەنگی بەرز رایگەیەنە، لە کوێ ستەم هەبوو کەی ستەمکار زۆرو کەم بوو بڵێ نەخێر بۆ ستەم و بمرێت ستەمکاری، خۆت لە خەڵکی هەژارو نەدارو بێکەس جیامەکەرەوە، گرفتێکی کۆمەڵایەتی و خێزانی هاتە رێت لێی وەکڕمەکەوەو بچۆ چارەسەری بکەو پینەی حاڵیان بکە، گەنجێك ئالودەی گرێیەکە برۆ بۆی بکەرەوە و لوتفی بدەرێ، تۆ دەتوانی بە موڵکی دونیا خودا لە خۆت رازی بکەیت، ئەویدی لێیدێ بە زانست و زانستخوازیی خۆشەویستی خوا بە دەست بێنێت،کەسانیدی دەشێت بە دادودادگەری بەهەشت بکڕن، من بە قەڵەمەکەم، تۆش بە نانەکەت، ئەو بە گیانی یان گیرفانی، خەڵکیش بە گشتی بە ئاگری دەروونی یان غیرەتی ئیمانیی!.

بانگەوازی ئیسلام و بزاڤی بانگەوازو ئامانجە باڵاکانی سروشتیان وایە دەچنە نێو هەموو جومگەکانی کۆمەڵگاوەو هیچ بوارێکی مرۆڤەکان نیە ئاتاجی ئاوازەکەی نەبێت و نەتوانێت ئامادەیکات بۆ ئەوەی ببێتە زەمان و مەکانی خواپەرستی و ئاسودەیی مرۆڤەکان و ئاوەدانکردنەوەی زەوی، لەم رووانگەوە پێویستە دروشمی هەمیشەییمان و لافیتەی هەموو شوێن و گشت کاتێکمان بریتی بێت لەوەی کە (هەمووما‌ن بانگخوازین).




# سەرکەوتن ئاسانە؟!.

محەمەد عیزەت عەبدولقادر

مرۆڤ خاوەنی هێزێکی زۆر و شاراوەیە کە پێویستە سوودی لێوەربگرێت و کەمتەرخەمی و تەمبەڵی نەکات و هەمیشە پێویستە هەموو ئەو دەستەواژانە لەلای خۆت بسڕیتەوە کە بەرەو نائومێدیت دەبەن وەکو (ناتوانم و لە توانامدا نیە، زۆر گرانە، ئەوە بە من ناکرێت، من زیرەك نیم..... چەندینی تر) و پێویستە هەمیشە ووشەکان و قسە و گوفتارمان هاندەر بێت بۆ خۆمان و کارەکانمان بڵێین (من سەرکەوتووم، من دەتوانم، من بەهێزم، لە توانای مندا هەیە... چەندینی تر) بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێت ئەمە پێویستی بە بەردەوامی و هەوڵ و تێکۆشان هەیە.

سەرکەوتن لەسەرەتاوە لە هەست و بیر و بیرۆکەوە دەست پێدەکات و بە بیرکردنەوە لێی هەنگاوێکت ناوە بەرەو سەرکەوتن، بیربکەوە و خۆشەویستیت بۆی هەبێت و بەرەو ئامانجەکەت بڕۆ، هەروەك وتراوە (سەرکەوتن لە بیرکردنەوەیەکی تاکە کەسیەوە دەست پێدەکات، بیربکەیتەوە کە سەردەکەویت بە یارمەتی خودای گەورە، هەنگاو بنێ بەرەو سەرکەوتن). سەرکەوتووەکان دانانیشن چاوەڕوانی چانس و هەل بکەن بەڵکو خۆیان بە توانای و هێز و دەستی خۆیان هەوڵ دەدەن و هەلەکان بە شێوەیەکی گونجاو دەقۆزنەوە و چاوەڕوانی بەرهەمی دەستی خۆیانن.

بۆیە پێویستە هەمیشە گەشبین بیت و تەماشای داهاتوو بکەیت:-

١- سەرەتا پێویستە ئامانج و خەونەکەت دیاری بکەیت، هەبوونی خەون زۆر گرنگە وەکو خەزێنە وایە و کلیکی سەرکەوتنە، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کە باسی خەون و ئامانج دەکات دەفەرموێت (ئامانجم دروستکردنی باڵەخانەیەك بوو دورستم کرد، وە هیوام بەدەست هێنانی جێنشینایەتی بوو بەدەستم هێنا، وە ئێستا ئامانجم بەدەستهێنانی بەهەشتە هیوادارم بەدەستی بێنم).

٢- پێویستە پرسیاری ئەوە لەخۆت بکەیت ئایا من ئەم ئامانجەم هەیە پێویستە چی بکەم؟ چۆن دەست پێبکەم؟ چی بکەم؟ هەمیشە هەوڵی بۆ بدەم و بەزۆرترین کات لە خزمەتیدا بم.

٣- هەروەها پێویستە تۆ بەم ئامانج و هیوایەت کەس و کارەکەت دڵخۆش بکەیت، هەروەها سەرکەوتنی تۆ سەرکەوتنە بۆ کۆمەڵگاکەت و سوودت بۆ ئەوان دەبێت.

٤- پێویستە هەمیشە بیر لەو ڕاستیانە بکەیتەوە کە یارمەتیت دەدەن لە بەدەست هێنانی سەرکەوتندا.

٥- زۆر گرنگە کە بزانیت سەرکەوتن و بەدەست هێنانی ئامانجەکەت ڕاستیە و هەروا شتێکی سادە نیە و وەك خەو وابێت.

٦- هەرگیز چاوەڕوانی چانس و شتی سودفە نەکەیت چونکە ئەمانە دەبنە هۆی لەناو بردنی ئامانجەکەت و پێویستە هەموو هەوڵەکان لەخۆتەوە بێت.

٧- هەمیشە ئارامبە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت، هەرگیز پەلە پەل مەکە لە ئامانجەکانتدا، پێویستە هەمیشە خاوەن بیر و زاکیرەیەکی بەهێزبیت.

٨- هەمیشە بیر لە ڕۆژی سەرکەوتن بکەوە

بیر لەو ڕۆژە بکەوە کە کەسانی دەووبەرت پرسیارت لێدەکەن دەربارەی ئەنجامەکەت و هیواکانت؟ ئایا سەرکەوتوو بوویت یاخود نا؟ تەماشای خۆت بکە ئایا ئەوکاتە لە دڵخۆش و سەرکەوتووەکانی یاخود لە شکست خواردوو و دڵتەنگەکانی؟ بیر لەو ڕۆژە بکەوە کە کەس و کار و هاوڕێ و خۆشەویستەکانت چەندە دڵخۆش دەبن کە ئەمیش هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ بەردەوامبوون و تەماشای ڕۆژی سەرکەوتنەکەت بکە و سەیری خۆشیەکانی ئەو ڕۆژە بکە.

٩- وەهەروەها بیر لەو ڕۆژەش بکەوە ئەگەر سەرکەوتوو نەبیت لە بەدەست هێنانی ئامانجەکەتدا چەندە دڵتەنگ دەبیت و کەسانی دووروبەرت چەندە غەمبار دەبن.

١٠- هەمیشە کەسێکی وریابە و بیر و هۆشت لەلای خۆت بێت چونکە خاوەنی ئامانجێکیت پێویستە لە پێناویدا بجەنگیت.

١١- دووورکەوتنەوە لەو شتانەی کە کاتت دەگرن و شتی بێ سوودن و خۆ دوور گرتن لە کێشەکان.

١٢- گرنگی دان بە تەندروستیت چونکە ئەگەر خاوەن لەش و لارێکی تەندروست نەبێت ئەوا لە بەدەست هێنانی ئامانجەکەت دووردەکەویتەوە.

١٣- بیربکەوە و باوەڕ بکە و خۆشەویستی لای خۆت دروست بکە کە بەدەسهێنانی سەرکەوتن دەتوانم سوود بە کۆمەڵگەکەمان بگەیەنم.

١٤- هەندێك جار هەوڵبدە بە تەنیا بیر بکەوە و نەخشەسازی بۆ ئامانجەکەت بکە.

١٥- سەرکەوتن کار کردن و ماندوو بوون و ئارامگرتنە.

١٦- لە کاتی هەنگاوانی نوێدا بیر لە شکستەکانی رابردوو مەکەرەوە کە ببنە هۆی هێنانی شکستی نوێ بەڵکو بیر لە ئێستا و داهاتوو بکەوە و رابردووت بکە بە وێنەیەك بیری لێبکەوە کە یارمەتیدەرت بێت بەرەو سەرکەوتن، هەروەك چۆن پێغەمبەری خۆشەویست (د.خ) فەرموویەتی:- " وإن أصابك شيء فلا تقل لو أني فعلت كان كذا وكذا ولكن قل قدر الله وما شاء فعل فإن لو تفتح عمل الشيگان "

١٧- کەسێکی گەشبینبە، شەوان تەماشای ئاسمان بکە و جوانی مانگ ببینە بیر بکەرەوە لە دروشانەوەی.

١٨- ئەگەر خەڵکی خشت و بلۆکیان تێگرتیت ئەوا تۆ ئەم خشتانە کۆبکەوە و خانوویەکی پێدروست بکە، وە ئەگەر گوڵیان تێگرتیت ئەو خۆشەویستی و رێزیان پێشکەش بکە.

١٩- کێشە و کەم و کورییەکانی خۆت دەستنیشان بکە و ئەوە بزانە ئەگەر چارەسەریان بکەیت و لێیان دووربکەویتەوە ئەوە تۆ نزیك کەوتوویتەوە لە ئامانجەکەت و خۆت بە کەم و کوری کەسی ترەوە سەرقاڵ مەکە.

٢٠- کاتێك سەرکەوتن بەدەست هێنا و نزیکتر بوویتەوە لە ئامانجەکەت هەرگیز تووشی خۆبەگەورە زانین نەبیت چونکە ئەمە زیاتر دەتگەڕێنێتەوە.

٢١- کاتێك سەرکەوتیت بەسەر کەسی بەرامبەردا هەرگیز بە خاڵی کۆتایی نەزانیت و کەسی بەرامبەرت بەکەم مەزانە و هەمیشە لە ئامادە باشیدابە.

٢٢- هەرگیز لە یەك کاتدا باوەڕ بەخۆبوون و سستی لەخۆتدا کۆمەکەرەوە.

٢٣- با هاوڕێکانت کەسانێك بن کە یارمەتیدەرت بن یاخود کەسانی گەشبین و هاندەر بن و خۆت لە هاوڕێی رەشبین بەدوور بگرە، هەروەك چۆن پێغەمبەری خۆشەویست ئەفەرموویێت " الرجل على دين خليله، فلينظر أحدكم من يخالل".

٢٤- دڵفراوانی بەرامبەر ئەو کەسانەی کە هەڵەت بەرامبەر ئەنجام دەدەن و هێنانەوە و وەرگرتنی پۆزشی کەسانی دەوروبەرمان، دڵفراوانیمان دەبێتە هۆی تەمەن درێژیمان واتە دڵخۆشبوومان و دەبێتە هۆی ئەوەی متمانە بگێڕیتەوە بۆ خۆت و بۆ کەسانی بەرامبەریشت.

٢٥- هەوڵبدە لە ئاستی ئەو متمانەیەدابە کە کەسانی دەوروبەرت پێتیان بەخشیووە.

زانایانی دەروونناسی دەربارەی نهێنییەکانی سەرکەوتن بۆیان دەرکەوتووە:-

- زۆربەی ئەو مرۆڤانەی کە تووشی داڕوخان و شکست دەبن پەیوەندی هەیە بە پەرش و بڵاوی بیر و هزریانەوە و تەرکیز نەکردنە سەر ئامانجەکانیان و ئامۆژگاری دەکرێن کە بیر و هۆشیان بخەنە تەنها ئەو ئامانجەی کە هەیانە بۆ ئەوەی خاوەن بڕیاری تەندروست و گونجاو بن.

- ئەو کەسانەی کە پاك و خاوێن و پابەندن بە بەها پیرۆزەکان و پابەندی رەوشتی جوانن هەموو ئەم کارانە دەبێتە هۆی دڵخۆشکردن و هەست کردن بە ئارامی ئەمیش یارمەتیدەرە بۆ کۆکردنەوەی بیر و هۆش و دەیکاتە کەسێکی رێك.

بێگومان ئەگەر خاوەنی ئامانجی گەورە و بیرۆکەی مەزن بیت و بتەوێت تووشی کۆسپ و ناخۆشی و گرانی نەبیت بێگومان هەڵەیت ئەگەر سەرکەوتن هەروا کارێکی ئاسان بووایە ئەوا هەموو کەسێك بە هەوڵ و ماندوو بوونێکی کەم دەبوویە خاوەن زۆرترین بەرهەم و کەسایەتی و ناو و ناوداری بەڵام بێگومان ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە هەڵەیە، بۆیە پێویستە کەسێك بیت هەمیشە لە هەوڵدانا بیت و هەرگیز شکستەکان و هەڵەکان یاخود بەردی سەر رێگاکەت هەرگیز نەتوەستێنێت.

(بەردەڵانەکان بەری رێگا لەبەردەم لاوازەکاندا دەگرن، بەڵام کەسە بەهێزەکان پشتی پێدەبەستن بۆ گەیشتن بە لوتکە)

هەوڵبدە پشت بە هێز و تواناکانت ببەستە و بەهرەی خۆت بدۆزەوە و کاری لەسەر بکە و سوودی لێوەربگرە لە جیاتی ئەوەی پەکی بخەیت و لە هێز و بیرکردنەوەی بخەیت، ئەوەش بزانە دوای سەرکەوتن ئەو هەوڵدان و ماندووبوون و شەو نخویەی کە تووشت بووە دەبێتە خۆشەیەك بۆت.

هەرگیز لە شکست مەترسە بەڵکو بیکە بە قوتابخانەیەك فێری زۆر شت ببە لێوەی، تۆماس ئەدیسۆن دوای ١٨٠٠ شکست هەر بەردەوام بوو و هەموو ئەو هەڵانەی کە ئەنجامی ئەدا دەیکردە وانەیەکی نوێ و پاشان بە هەوڵی نەبڕاوە توانی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بەدەست بهێنێت، ئەوەش بزانە ئەو کەسانەی شکست ناهێنن ئەوە ئەو کەسانەن کە کار ناکەن و خاوەنی هیچ بیرۆکە و داهێنانێك نین، وە زۆر گرنگە کە ئەوەش بزانین کەوتن و شکست هێنان بە واتای کۆتایی نایات، بەڵکو بریتیە لە راچەڵەکاندنێك و کەوتنێکی کاتی پێویستە بیکەیت بە سەرەتای سەرکەوتن و دووبارە هەستانەوە بە هێزێکی گەورەتر و شارەزاییەکی زیاتر.

(لێدانە بەهێزەکان شووشە دەشکێنێت، بەڵام ئاسن بەهێزتر دەکات)

١- ئەگەر تووشی شکست بوویت، هەرگیز بێ ئومێد مەبە لە رەحمەو بەزەیی خودای گەورە.

٢- هەرگیز هەوڵمەدە بیانوو بۆ خۆت بهێنیتەوە و خۆت بەدوور بگریت لە هەڵە.

٣- هەرگیز دوودڵ مەبە و بەقسەی روخێنەر بێ هیوا مەبە.

٤- هەوڵبدە بیرێکی جوانی لێبکەیتەوە و بزانە هۆکارەکانی شکست هێنانت چی بووە و هەوڵدە لەسەر پەڕەیەك بینووسیت بۆ ئەوەی بمێنێتەوە.

٥- پەیمان بەخۆت بدە کە کۆتا شکستت بێت و سەرکەوتنی زۆر گەورەی بەدوادا بێت.
دوای سەرکەوتن هەرگیز ئەو کەسانەت بیر نەچێت کە یارمەتیدەرت بوونە لە کاتێکدا تۆ زۆر پێویستت بەئەوان بووە و دەستیان گرتوویت لەکاتی پێویستیدا و لە تەنیشتت وەستاون و بوونەتە پشت بۆت و کاتی خۆیانیان بە تۆ بەخشیووە تۆ پێویستە هەوڵ و ماندوو بوونی ئەم کەسانە لە یادتدا بمێنێتەوە و سوپاسیان بکە، هەروەك خۆشەویستمان دەرفەرموویێت:- "من لا يشكر الناس لا يشكر الله".

سەرچاوەکان:-
١- قورئانی پیرۆز
٢- رێگا بەرەو سەرکەوتن
٣- ووتە و پەندی جوان
٤- زانیاری تایبەتی
٥- ئامۆژگاری بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا
٦- طريق تفوق والنجاح
٧- طريق النجاح فی حیاتك
٨- خواطر إعجازيه... الخشوع طريق النجاح




# سەرەڕای کۆسپ و تەگەرەکان با گەشبین بین!!

- لە دۆخێکدا دەژین کێشەو گرفت وقەیرانی جۆراوجۆر بەهۆکاری جیاجیا وەك داوی جاڵجاڵۆکە دەوری داوین، بۆ رووبەڕووبوونەوەی پێویستیمان بە بڕواوهێزو وزەیەکی زۆرە دەستپێکی ئەمەش گەشبینیە.

- گەشبینی متمانەیە بەسۆزو میهرولێبوردنی پەروەردگار بۆ بەندەکانی و دڵنیایی لە بەخششەکان، رزگاربوون لە ناخۆشی و نارەحەتی و خەمو پەژارە.

- گەشبینی مایەی ئاسوودەییە بۆ کەسەکان، وا دەکات مرۆڤ رو بکاتە ژیان و خاوەن ورەیەکی بەرزو پۆڵاین بێت، نیگەران نەبێت، بە ورەیەکی بەرزەوە روو بە رووی کێشەو گرفتەکانی ژیان بێتەوە. بەتایبەت لەم قۆناغو سەردەمەدا کەکێشەو قەیرانە جۆراوجۆرەکان ئەستەمو نارەحەتی زۆری دروستکردووە.

- ئەمەو دەخوازێت مرۆڤی مسوڵمان بزانێت رەشبینی هیچ قازانجو سودێکی پێناگەیەنێت و نارەحەتی و ئازاری لەسەر سووك ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە تووشی شکست و داڕوخانی دەکات، هەروەها دەبێت ئەو راستیە بزانین کە ژیانی دونیا خێروخۆشی زۆری تێدایە بەڵام خانەی تاقیکردنەوەشە، دەخوازێت هەر لەو روانگەشەوە بۆی بڕوانین.

- ئیمانی مرۆڤ کاتێك تەواوە مرۆڤ گەشبین بێت و دوور کەوێتەوە لە رەشبینی و بێ ئومێدی، بەبەرنامەو پلانەوە پێشوازی لەژیان بکات، گەشبین بێت بەلێبوردەیی پەروەردگارو رزگاربوون لە ناخۆشیەکان و گەیشتن بە نیعمەتەکانی رۆژی دوایی.

لە کۆتادا دەبا ئەم ئایەتە پیرۆزە سەرمەشقی ژیانمان بێت (قل یا عبادی الذین اسرفوا علی انفسهم لا تقنطوا من رحمة الله ان الله یغفر الذنوب جمیعا انه هو الغفور الرحیم) الزمر ٥٣.